IDEA FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


**سەرپەرشتیاری پرۆژە**
**ئەنوەر حسێن (بازگر)**

**ستافی پرۆژە:**
د.لوقمان رەئوف - سابیر عەبدوڵڵا - سەروەت تۆفیق - ئارام مەحمود
باوان عومەر - زریان محەمەد


2015

IDEA FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە هایدگەر

وەرگێڕانی:
کۆمەڵێک نوسەر

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

ئامادەکردنی: کۆمەڵێك نوسەر
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال
دیزاین: هەرێم عوسمان - ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2015
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

**www.ideafoundation.co**
**info@ideafoundation.co**
**idea@ideafoundation.co**
**www.facebook.com/dezgai.idea**

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 40 )

# دڵەراوکێ لەبەردەم مەرگدا

## دوو سەرنج وەک دەستپێکێک

نوسینی: فاروق رەفیق

سەرنجی یەکەم: ئەم توێژینەوەیە لە بنەڕەتدا بە زمانی ئینگلیزی و وەک سیمینارێک لە ساڵی (1997)دا لە زانکۆی کارلتۆن پێشکەشم کردوە و لێرەدا بەبێ دەستکاری بە زمانی کوردی دەیخەمە بەردەم خوێنەران.

سەرنجی دووەم: گرنگە خوێنەر سەرنجی ئەو راستیە بداث (هایدگەر)، کە ئێمە لێرەدا باس لە دیدی ئەو دەکەین، لە کتێبی «بوون و زەمەن»دا کە تێکستێکی فەلسەفی گرنگە لە بیستەکانی سەدەی رابوردوودا بڵاوکراوەتەوە، لە هەوڵی ئەوەدایە زمانێکی فەلسەفی نوێ دابهێنێث، زمانێک کە میتافیزیکاو زاراوە و چەمکە میتافیزیکییەکانی ناو فەلسەفە بەجێبهێڵێث، ئەو زمانەی هایدگەر لە قۆناغی یەکەمی بیرکردنەوە و فەلسەفەکەیدا بەکاری دەهێنێث قۆناغی تێکستەکانی لە چەشنی «بوون و زەمەن»و دەروازەیەک بۆ میتافیریقا و هتد...، هەوڵێکە بۆ فەلسەفاندن، بەڵام لە دەرەوەی میتافیزیقا، هایدگەر زاراوە و چەمکی نوێ وەک ئامڕازی بیرکردنەوە بەکاردەهێنێث، کە لە زمانی ئینگلیزیشدا تازەن، لەبەرئەوە کردنی ئەو زاراوە و چەمکە فەلسەفیانە بە کوردی سەختە. بۆ نموونە هایدگەر (Dasein) بەکاردەهێنێث لەجیاتی مرۆڤ، کەس، تاک...هتد، مەبەستی ئەو لە دازاین ئەمەیە ”بوون–لەوێ“ بە ئینگلیزی (Being there).

هەروەها لەجیاتی کەس جەماوەریی، ئەو (Dasman)بەکاردەهێنێث، هەروەها هایدگەر جیاوازی دەخاتە نێوان (Ontic) (ئۆنتیک)و ئۆنتۆلۆژیا کە ئەمە ئاسان نییە لە زمانی کوردیدا موقابیلی بۆ بدۆزرێتەوە، لەبەر ئەوە بۆ

ئەوەی پەیامە سەرەکییەکەی وتارەکە بزر نەبێت زۆر جەختم لەسەر بەکوردی کردنی چەمکەکان نەکردووەتەوە، تا ئەو شوێنەی لە توانامدا بووە لێرەدا ویستومە زمانی کوردی بخەمەگەڕ بۆ گەیاندنی ماناکان، هەرچەندە دەشزانم کە ڕەنگە هێشتا بۆ هەندێک خوێنەر ئەم دەقە بەدوور نەبێت لە ئاڵۆزی.

دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە شیکردنەوەی بۆچوونی هایدگەر بۆ مەرگ لە کتێبی «بـوون و زەمـەن»دا وەک پێویست و بەگونجاوی نەبووەتە مایەی تێگەیشتن و حاڵیبوون لە مەبەستە سەرەکییەکەی هایدگەر لەلایەن ژمارەیەک فەیلەسوف و توێژەری فەلسەفییەوە، بۆ نموونە ژان پۆڵ سارتەر ، سارتەر لە مەڕ چەمکی «بوون – رووەو مەرگ» لە قسەکردنیدا لەسەر مەرگ لە کتێبەکەیدا «بوون و عەدەم» رەخنە لە هایدگەر دەگرێت. ئەو دەڵێت :بە کورتی فەزیلەتێکی کەسیانەبوونی نییە کە تایبەت بێت بە مەرگی منەوە» بگرە تەواو بە پێچەوانەوە، ئەو کاتە دەبێت مەرگی من، کە تەنیاو تەنیا من خۆم بخەمە شوێن گۆشەنیگای خودێتییەوە Subjectivity”

سارتەر بەردەوام دەبێت لەرەخنەگرتن لە بۆچوونی هایدگەر سەبارەت بە مەرگ: «بەمشێوەیە ئەم دەرکەوتنە هەمیشەییەی گۆڕان لەناو دڵی پرۆژەکەمدا ناتوانرێت وا سەیر بکرێت وەکو ئەگەر من بە پێچەوانەوە وەک مەحفکردنەوەی هەموو ئەگەرەکانە، مەحفبوونەوەیەک کە خۆی لەخۆیدا بەشێک نییە لە ئەگەرەکانی من».

بەمشێوەیە مەرگ ئەو شتە نییە کەماناکان بە ژیان دەبەخشێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەو شتەیە بەرمەینای پرەنسیپ هەموو مانایەک لە ژیان دەسێنێتەوە، بەڵام ئێمە لێرەدا دەتوانین ئەو ئەرگیۆمێنتە بخەینەڕوو کە ئەم تێڕوانینە وێناکردنێکی هەڵەو بەهەڵە لێتێگەیشتنێکی مەبەستەکەی هایدگەرە لە عیبارەتی «بـوون–ڕووەو–مـەرگ». هایدگەر لە «بـوونو زەمـەن»دا

ئەوە دەخاتەڕوو کە مەرگ سەر بە ئەگەری دازاینە(Dasein). هایدگەر لەجیاتی تاک، یان مرۆڤ، یان کەس، وشەی دازاین بەکاردەهێنێت کە مانای «بوون-لەوێ دەگەیەنێت». (ئێمە لێرەوە وشەی دازاین وەکو خۆی بەکاردەهێنینەوە).

تێگەیشتن لە مەرگ وەک ئەگەرێکی گونجاو و ناوازەی دازاین دەبێتە مایەی تێگەیشتن لەو راستییەی کەبەڵێ بەدڵنیاییەوە لەرێگاوی مەرگەوەو بەهۆی مەرگەوە کەدازاین رزگاری دەبێت لەدەسەڵاتو هەژموونی "ئەوان» They یاخود «ئەو» (The-one) بە مانایەکی دیکە، رزگاربوون لە شێوازێکی نارەسەنی بوون لە جیهاندا، زیاتر لەوە، تەنیا لە رێگای پەیوەندی دازاینەوە بە مەرگەوەیە کە ئەو دەتوانێت بە زەمەنی بوونی خۆی بکات، بە پێچەوانەی هەڵاتن لەبەردەم مەرگدا کە خاسیەتێکی سەرەکی «خودی ئەوانە They»، ئەم پەیوەندییە واتە پەیوەندی دازاین بە مەرگەوە، ناوزەدە دەکرێت بەو هەنگاونان یان راکردن بۆ پێش خۆی «بوون -رووەو مەرگ» مانای بیرکردنەوە لە مەرگ ناگەیەنێت بەو ماناییەی کە دازاین هیچ شتێکی نەبێت بیکات تەنیا بیرکردنەوە و تێڕامان لە مەرگ نەبێت.

هەروەها برینی نییە لە لێکۆڵینەوە لە مەرگی واقیعی هەروەک لێکۆڵینەوەش نییە لە ژیان دوای مەرگ، بەڵکو بوون-رووەو مەرگ شێوازێکە کە بە هۆیەوە دازاین دەتوانێت بەرەو ڕووی ئەگەری خۆی بێتەوە، یان رووبەڕووی بوونی خۆی لە جیهاندا بێتەوە.

زیاتر لەمە، وەک بە تەنگەوەهاتن یان خەمخواردن(Cara)، کە بونیادی ئێمەیە وەکو مرۆڤ، ئێمە هەمیشە لە خەمی ئەوەداین کە چۆن بڕیار بدەین ببینە چی و ببینە چ کەسێک، بەمشێوەیە ئێمە هەمیشە «لەپێش خۆمانەوەین» «Ahead of ourselves»، هەروەها وەک «ئەگەرێک بۆ

بوون» ئێمە هەرگیز کامڵ نین، بەڵکو هەمیشە لە پرۆسەی هەبووندایین (Becoming)گەر «من» هەمیشە لە حاڵەتی هەبوون (صیرورە)دا بم، ئایا هەر هەوڵێک بۆ کامڵبوونی تێگەیشتن لە خود دەشێک کامڵ بێت؟ هایدگەر لەو باوەڕەدایە کە خودهۆشیاری یان تێگەیشتن لە خود شیاوە، چونکە ئێمە دەتوانین ببین، هەبین، بە شێوەیەک کە رابردو و ئێستاو داهاتوومان پێکەوە لە یەکەیەکدا، لەیەک بوونێکدا کۆبکاتەوە، هایدگەر ئەم کۆکردنەوەیەی خود ناودەنێت بە «پێشبینیکردنی مەرگی خۆ»، هەروەها بوونێکی رەسەن برێتیە لە پێشبینیکردنی مەرگی-خۆ، کە «من» ئەم ئەگەرە بەیان بکەم و قبووڵی بکەم، ئەوا من لەو راستییە دەگەم کە هەندێک ئەگەر بوونیان هەیە کە ناوازانە تایبەتن بە من، یان ئەگەری بوونی منن، پێشبینیکردنی مەرگی خۆم ئازادم دەکات و کارێک دەکات کە ببمە خۆم (To be myslf)، واتە بوون بە خۆمان، ببین وەک ئەوەی کە خۆمان دەمانەوێت ببین، لێرەدا پێویستە وا لە ئەگەری مەرگ بڕوانین و مامەڵەی بکەین وەک ئەگەرێکی خود لە هەر چرکەساتێکدا کە شیاوە.

بوونێکی رەسەنانە، بەرەو مەرگ پێویستە رووبەڕووی هەڕەشەی بـەردەوام بوەستێتەوە، لێرەدا نائەمنی هەمیشەیی پرسیارەکە ئەمەیە: ئەو بوونیادە کامەیە کە کارێک دەکات دازاین(Dasein) بتوانێت بەرامبەر بەم هەڕەشەیە بوەستێتەوە؟ وەڵامی بنەڕەتی هایدگەر ئەمەیە: شوێنە بنەڕەتییەکەی دڵەڕاوکێ بەم ئەرکە هەڵدەستێت، دڵەڕاوکێ کارێک دەکات کە دازاین رووبەڕووی هیچێتی (Nothingness) بوونی خۆی لە جیهاندا ببێتەوە.

ئامانجی ئێمە لێرەدا نیشاندانی ئەو راستیەیە کە دڵەڕاوکێ (Anxiety) لەبەردەم مەرگدا برێتیە لە دڵەڕاوکێ لەبەردەم ناوازەترین و تایبەتیترین

پۆتاسیۆن (ئەگەرایەتی) بووندایین کە هیچ نییە جگە لە ئەگەری مەرگ، هەروەها مەبەستمانە لێرەدا ئەوە نیشانبدەین کە دڵەڕاوکێ لەبەردەم مەرگدا پەلکێشی دازاین دەکات بەرەو رەسەنایەتی، بە مانایەکی دیکە، دڵەڕاوکێی دازاین لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگدا خۆی لەخۆیدا چرکەساتی رەسەنایەتییە، سەرەتا، لێرەدا چەمکی دڵەڕاوکێ شیدەکەینەوە و دواجار مەبەستی هایدگەر لە ئایدیای «بوون-رووەو-مەرگ» روونده‌کەینەوە.

لە دیدی هایدگەرەوە بە تایبەت لە کتێبی «بوون و زەمەن»دا، دازاین جێ و مەقامێکی ناوازەی هەیە لەنێوان بوونەکاندا، دازاین تەنیا بوونێک نییە لەنێو بوونەکاندا، جیاکردنەوەی ئۆنتیکیانەی دازاین (The Ontioc distinction) بریتیە لەو جیاکردنەوەیەی دازاین بۆ خودی خۆی لە بوونیدا، کە بوونی خۆی لە مەحەکدایە، لێرەدا تێگەیشتن لە بوون (Being) خۆی ئۆنتۆلۆجییە (Dasaein is ontological)، بەهۆی ئەوەی کە مرۆڤە و خاوەنی تێگەیشتنێکە لە بوون (Being) دازاین  بەوە لە بوونەوەرەکانی دیکە جیادەکرێتەوە کە ئەو بوونێک نییە بە سادەیی رووی دابێت لەنێو بوونەکانی دیکەدا، بەڵکو بوون خۆی لە خۆیدا مەسەلەیەکە بۆ خودی دازاین لە بووندا، لێرەوە دەتوانین بڵێین، کە دازاین پەیوەندی بەم بوونەوە(Being) هەیە و ئیدی لێرەوە ئەو تێگەیشتنی هەیە دەربارەی بوون، تێگەیشتنێکی ئۆنتۆلۆژییە تێگەیشتنێکی گەشەکردوو بێت، بگرە دەشێت تێگەیشتنێکە پێش ئۆنتۆلۆژیبوون بێت(Per-ontological)، هایدگەر بوونی دازاین بە کەینونە (Existene) ناوزەد دەکات.

شیکردنەوەی وجودیانە(Existential) هەوڵی ئەوە دەدات تا بوونیادەکانی کەینونەی بوون (of existence Being) دیار بخات، بەمشێوەیە خۆی لە تێگەیشتنی دیکەی بوون جیادەکاتەوە، (Existential)کە تێیدا بوونیادەکان بە

پلەی یەک لە مەحەکدا نین، بەڵکو تەنیا لە خەمی پرسیاری کۆنکرێتیانەی کەینونەدان، ئەم پرسیارەی کە ئایا بوون لەخۆی دەگات، یاخود نە لەئەگەرە کۆنکرێتیەکانیدا تەنیا دەتوانرێت لەلایەن خودی دازاینەوە بڕیاری لەسەر بدرێت، زیاتر لەمەڕ ئەولەویەتی دازاین بەسەر بوونەکانی دیکەدا پێویستە بە شێوەیەکی بنەڕەتیانە لێی تێبگەین، ئەم ئەولەویاتە دووڕووی هەیە، دازاین ئەولەویەتێکی ئۆنتیکی (ontical) هەیە کە لە ڕێگەی پەیوەندییەوە بەبوونەوە پێناسەدەکرێت، دووەم، بەربنەمای پێناسەکردنی لەرێگاییبوونەوە تێگەیشتنی ئەو (Dasein) بۆ بوون، لێرەوە دازاین ئەولەویاتێکی ئۆنتۆلۆژی هەیە (Priority ontological).

هایدگەر لە هەوڵی ئەوەدایە بە شێوەیەک لە جیهان بکات، جیهانێک کە تێیدا دازاین بوونی هەیە بە شێوەیەک کە بوونەکان وەک کۆیەک دەتوانن خۆیان مانیفێست بکەن، بەم مانایەی جیهان، دازاین «لە–ناو» جیهاندایە و جیهانێتی (Woridhood) سەر بە خودی ئەوە، ئەگەر ئێمە ئەزموونی جیهان بکەین بە مانای رەوتی مەرجەع (Refernce)و ماناداری، ئەوا دەتوانین وا بیری لێبکەینەوە وەک رووبەرێک بۆ روودانی ماناو گرنگی هایدگەر ئەوە رووندەکاتەوە کە مادامێک ئێمە بە مانایەک لەماناکان لە پێشەوەی ئەو بوونەین کە دێتە بەر دیدەمان «ئیدی لێرەوە ئێمە لە واقیعدا، لەتەک بووندا دەرگیرین» شتێک هەیە هایدگەر ناوزەدی دەکات بە «کۆی دەرگیربوون» لە گۆشەنیگای فینۆمینۆلۆژییەوە جیهان وا دەردەکەوێت کە ئەو شوێنە بێت تێیدا کۆ (totality) روودەدات. جیهان بریتیە لە شێوازو رێگای (The way) ئێمە بۆ بوون، بەڵام جیهان تەنیا بوونێک نییە (a being) ئێمە ناتوانین بڕوانین لە شوێنێک پەیدای بکەین، بەڵکو جیهان ئەو شوێنەیە کە بوونەکان بە شێوەیەک هەن کە ئێمە دەتوانین لە تەکیاندا دەرگیربین.

کەواتە بوون-لە تەک(Being With)بریتیە لە یەکێک لە شێوازێک بوونی دازاین، دازاین «ئەوەی دیکە»ی هەیە نەک لەبەرئەوەی دازاینێکی دیکە روودەداێ کە قووت بێتەوە و لەوێ ئامادە بێت، ئەمە ئەوی دیکەی ئۆنتیکییە (Ontic otherness)، بەڵکو لەبەرئەوەی دازاین بە شێوەیەک بوونی هەیە بۆ ئەوەی ببێت واتا ببێت لەتەک (To be With) بوون-لەتەک ئەوی دیکە شیاوە، چونکە ئامادەبوون بەشێکە لە بونیادی وجودیانەی دازاین.

گەر هەنگاوێک لەمە زیاتر بنێین دەتوانین ئاماژە بە خاڵێکی دیکە بکەی ئەویش ئەوەیەکە ژیانی ئاسایی رۆژانە (everydayness)ی دازاین پێکدێت لە بوون لە جیهاندا کە کراوەیە و شوێنی دەستبەرداربوونە، شوێنی تووڕهەڵدانە بۆ ناوبوون و سەپاندنی خۆیە بەسەر دەرەوەدا، هەروەها لە بوونی دازاین و لەتەک بوونەکانی دیکە و مرۆڤەکانی دیکەدا ئەوەی کە مەحەکدایە بریتیە لە ئەگەرەکانی بوونی خودی خۆی، لێرەدا پرسیارێک خۆی دەسەپێنێت «ئایا دۆزینەوەی  رێگایەک شیاوە کە کۆمەکمان بکات تاکو لەم بونیادە ئاڵۆزە بگەین لە سەراپاگیری بوونیدا؟ بوونیادی ئۆنتۆلۆژیایانەی دازاین بە شێوەیەکە کە لە رێگای تێگەیشتن و خۆگونجاندنەوە (attunement) بوونی خۆی بە شێوازێک بۆ خودی خۆی مانیفێست دەکات و دەکرێتەوە، گەر ئێمە بتوانین جۆرێکی تایبەتی شمولی خۆگونجاندن دیاری بکەین(attunement) کە دەبێتە مایەی کردنەوەی بوونی دازاین بۆ خۆی بە شێوەیەکی ناوازە و بە رێگایەکی سادە، ئەو کاتە ئەوەی لە بەردەمماندا بوونی دەبێت و ئامادە دەبێت، بریتی دەبێت لە ئەگەرە بنەڕەتییەکانی خۆبەیانکردن و دەستڕەسی پەیداکردن بە بوونی دازاین، کە لەناو بونیادی خودی دازایندا بوونیان هەیە، هایدگەر وا سەیری دڵەڕاوکێ دەکات وەک خۆگونجاندنی(attunement)

بنەڕەتی، ئیدی لێرەوە تەفسیرە ئۆنتۆلۆژییەکەی خۆی بۆ بوونی دازاین دەخاتەڕوو لە فۆڕمە سەراپاگیرییەکەیدا وەک بە تەنگەوە هاتن و خەمخواردن بوونیادێکی بنەڕەتی دازاینە، هەروەک چۆن بەتەنگەوەهاتن مامەڵەی لەتەکدا دەکرێت بەپلەی یەک لە ژینگەی رۆژانەدا، هەرچەندە مانای بوونی دازاین جەوهەرەکەی خۆی لە بەتەنگەوەهاتنیدا بەیاندەکات، وێڕای ئەمەش بە پەنهانیو شاراوەیی دەمێنێتەوە، چونکە دازاین لە عادی بوونیدا (Its averageness) و لە ژیانی رۆژانەیدا سەرقاڵی ئینکارکردنی خۆی و بوونە رەسەنەکەیەتی، ئیدی لێرەوە نایەوێت، یان مەبەستی نییە کە دەستی بە مانای بوون بگات، بەم مانایە، بەدیقەت هەر لەبەر ئەم هۆیە، دازاین هەمیشە بوونێکی رەسەنانە ناژی و مەرج نییە کە هەمیشە بوونێکی راستەوخۆیانە لە مانای بوونی خۆی لە جیهاندا بگات، وەک هایدگەر دەڵێت لەبەر ئەوەی بە پلەی یەکو لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەو لەلایەن جیهانی خۆیەوە (Its World) داگیرکراوە، وەک بەرئەنجامێک لێرەوە دازاین لەخۆی دەگات، هەروەها لەبوون دەگات بە شێوەیەکی گشتی و بەپێی بوونەکانی کە دەشێت دەرگیریان بێت، لەم حاڵەتەدا دازاین وەک خۆی-یان بوونی خۆی ناژی، (واتا رەسەنانەبوونی خۆی ناژی)، بەڵکو دەژی، وەک هەر یەکێک کە دەژی (live One)، واتا ژیانێک کە کەسێک دەژی یان بە زمانی هایدگەر ئەو دەژی وەک (Das Man) (The One) هەر کەسێک، هەموو کەسێک، واتە بوونێکی نارەسەنانە، لەم حاڵەتەدا دازاین لە وەزعیەتێکی عەقڵی ئەوتۆدایە کە ناتوانێت، یانەیەوێت سەرنجی راستی بوونی خۆی بدات، بەڵکو روو وەردەگێڕی لە ڕاستی «بوونی-خۆی-لە جیهاندا»و کە تەنیا بەوەوە دەوەستێنێتەوە کە چی روودەدات لەناو ئەو «بوونەی-ناو-جیهان» لەم حاڵەتەدا لەم یا لە ئەو شت یامەسەلە دەترسێت، سڵدەکاتەوە،

قەلەق دەبێت، بەڵام ئەم قەلەقی و دڵەڕاوکێیە، دڵەڕاوکێیەکی رەسەنانە نییە، بەو مانایەی کە خودی بوون لە جیهاندا نەبووەتە شوێنی پرسیارکردن.

هایدگەر بە دیقەتەو جیاوازی لەنێوان ترس و قەلەقی دەکات، ئەو وا بیردەکاتەوە هەردوو دیاردەکە دەربڕینێکی گونجاوی ئەو میزاجەن کە لە کاروباری دازایندا خۆیان بەیان دەکەن، وێڕای ئەوەش لێکجیاوازن لـەوەدا کەهەریەکەیان بوونیادی خۆی هەیە بۆ تەحقیقکردنی خۆ کە تایبەتە بە دازاین، ترس ئەو دیاردەیە کە بەهۆیەوە هۆشیاری رووبەڕووی بابەتێکی دیاریکراو، یان رووداوێک دەبێتە کەدەشێ وا تەفسیربکردرێ وەک سەرچاوەی ئەزموونکردنی ترس، شیکردنەوەی هایدگەر بۆ ترس لەناو چوارچێوەی پۆڵینکردنێکی سێ رەهەندیدا ڕوودەدات، سەرچاوەی ترسەکە کردەی خودی ترساندنەکە و دواجار هۆی ترسەکە یاخود ئامانجی ترساندنەکە سەرچاوەی ترس، ئەوەی کە دازاین لە ئامادەبوونی دەترسێت، هەمیشە بریتیە لە بابەتێکی دیاریکراو، ئەم سەرچاوەیەش  وا بەیان دەکرێت وەک سەرچاوەی ئیجحاف(Prejudicial) خودی کردەی ترسیش بریتیە لەو شتەی کە ئەوە دەردەخات کە مەترسییەکە چیەو جەخت لەسەر دەکات وەک بابەتی ترس، توخمی ئامانجداری ترس رەنگدانەوەیە لەسەر خودی دازاین، ئامانجی ترس بریتیە لە رووبەڕووکردنەوەی دازاین کە تەک هەڕەشەیەک، یان تەونێکی هەڕەشەکان کە چوار دەورییان گرتووە لە بوونیدا لەوێ (Being–There)، ئێستا دەتوانین بڵێین کە لە دیاردەی دڵەڕاوکێدا بابەتێکی دیاریکراو بوونی نییە، تاکو بەیان بکرێت و نیشانبدرێت (disclosed)، ئەوەی دڵەڕاوکێ بەیانی دەکات و دەیخاتەڕوو، بریتیە لە بێ پشت و پەنایی دازاین لە جیهانێکدا کە هیچ پشتگیریەک نییە بۆ پاراستنی، دڵەڕاوکێ بە تەنیا کارێک دەکات کە ئێمە رووبەڕووی دووبارەبوونەوە (Repeatability)

ببینەوە و ڕووبەڕووی میزاجی بڕیاردانی شیاومان دەکاتەوە، نەک هەر بڕیارێک، بەڵکو بڕیارێک لەمەڕ بوونی خۆمانەوە، دەتوانین بپرسین بۆچی هایدگەر داوامان لێدەکاث کە باوەڕبهێنین بەوەی کە دڵەڕاوکێ بە تەنیا دەتوانێث ڕووبەڕووی ئەم میزاجەوە ئەم شێوازە (Mood)مان بکاتەوە.

بەر لە هەموو شتێک ئـەوەی هایدگەر دەیەوێث جەختی لەسەر بکاتەوە بریتیە لەوەی کە دڵەڕاوکێ سەرچاوەی ڕەسەنایەتییە، چونکە دازاین دەخاتە بەردەم ئەگەری تایبەث بەخۆی دڵەڕاوکێ پەلی دازاین دەگرێث بۆ بەردەم «ئەو» شتە ڕەهایەی کە تورهەڵدانە ئاکایەتییە تایبەتییەکەی ئەوە بۆ ناوبوون.

هایدگەر خووڕییەک وەک سیفەث دەداتە پاڵ دڵەڕاوکێ، توانایەکی تایبەث بۆ بەیانکردن و وەحیەکی(سروشتێکی) باڵا، بگرە دەسەڵاتێکی رزگارکەر بۆ بەیانکردن، لەکاتێکدا ترس لە بابەتێکەوە لە جیهاندا سەرچاوە دەگرێث، دڵەڕاوکێ لە بوون لە جیهاندا سەرچاوە دەگرێث، هایدگەر پەنجە دەخاتەسەر ئەو راستییەی کە دڵەڕاوکێ بە تەنیا لە بوونێک (دازاین) وە سەرچاوە دەگـرێث کە خاوەنی عەزم و ئیرادەیە، بوونێک کە لە ئەگەر وشیاوی دڵەڕاوکێ ئێدەگاث لەم گۆشە نیگایەوە تەنیا ئەو کەسانەی کەدڵەڕاوکێ ئازادیکردوون و لە خۆیان دڵنیان تەنیا ئەو کەسانە قەلەقن، لە ڕووبەڕووی ئەو شتەدا کە دڵەڕاوکێ بوونی هەیە، بوون لە جیهاندا، ئەو شتە بەبێ دیاریکردن دەمێنێتەوە و شایانی دەستبەسەراگرتن نییە (Ungraspable)، ئەو دەبێتە «هیچ و لەهیچ شوێنێک»، حاڵەتێک کە بگرە توخمە سەرەکییەکانی «لێرە» و «لەوێ» دەتوێنەوە.

زیاتر لەمە هایدگەر پێماندەڵێث کە دڵەڕاوکێ پاڵ بە دازاینەوە نانێث بۆ گۆشەگیری و منێتیەکی «Solipsism»و جودیانە، چونکە دازاین خۆی

لەبەدەم خۆیدا دەبینێتەوە وەک بوونێکی رووت–لە–جیهاندا ، ئەگەری رووتی (Pure) بوون–لە–جیهاندا، لەو دیو ناوەڕۆکێکەوە، لەلایەن دڵەڕاوکێیەوە چڕتر دەبێتەوە، دڵەڕاوکێ بوون و عەدەم پێکەوە کۆدەکاتەوە تاکو لە تەک یەکتر کۆمینیکەیشن (Communication)یدا بن، لە پەیوەندیدا بن، لە کاتێکدا دڵەڕاوکێ بۆ ئەو (DasMan) (The one) شتێکی ناسروشتیە، بۆ دازاین گەڕانەوەیە بۆ رووبەڕووی خۆ، هەروەها دڵەڕاوکێ بریتیە لە گواستنەوە لە ئاشنابوونێکی درۆزنانە بەرەو رووبەڕووی راستەقینە و ناوازەی دازاین لە پەیوەندیدا بەخۆیەوە، گەڕانەوەیە بۆ ئەگەرەکان و پۆتاسیۆنی بوونی خۆ، بەمشێوەیە دڵەڕاوکێ تەنیا کاریگەری لەسەر ئەوانە دادەنێت کە بە فیعلی خاوەنی «مانای بوونن» وەک ئەگەرێک بۆ بوون، بوونێکی رەسەنانە.

بۆ چونێتی نیشاندانی ئەوەی کە دڵەڕاوکێ شیاوە بۆ کرانەوەیی و نیشاندانی بوونی دازاین، هایدگەر ئەم شیکردنەوەیە دەخاتەڕوو دەربارەی کەوتن وەک خاڵی دەستپێکردن، توانەوە لە «ئەوان They» داو لە جیهانی سەرقاڵییەکاندا (Preiccupation) بەیانکەری هەڵاتنی دازاینە لە ئەگەری رەسەنایەتی و بوون بەخودی رەسەنی خۆی، مادامێک دازاین لە خودی (بوونی ) روو وەردەگێڕێت لە حاڵەتی کەوتن (Fallenness)دا، ئەو شتەی ئەم لێی هەڵدێت ناشێت وەک ترس وەسف بکرێت، چونکە بابەتی ترس هەمیشە بابەتێکی دیاریکراوە لە جیهاندا، بە پێچەوانەی ترسەوە، دڵەڕاوکێش بابەتێکی دیاریکراوی نییەو «شتی شوێنی دڵەڕاوکێ (of what)، شتێکی دیار نییە لەناو جیهاندا، ئەو شتەی ئێمە لەبەردەمیدا قەلەقین بریتیە لە بوون لە جیهاندا وەک ئەوەی کە هەیە، ئەمەش بابەت نییە و شتێک نییە، غیابی بابەتێکی دیاریکراو، هیچ بوون و لە هیچ شوێنێک نەبوونی

دڵەڕاوکێ  ئەوە نیشاندەداتْ کە قەلەق بوون دەربارەی هیچ نییە جگە لە خودی جیهان، لێرەوە دڵەڕاوکێ مانیفێسنکردنی جیهانە وەک جیهان، لەبەر ئەوەی لە دڵەڕاوکێدا جیهان، بەبوون-لەتەک-ئەوانی دیکەشدا، شتێکی دیکەی نییە بیداتْ بەدەستەوە. دازاین توورِ هەڵدەدرێتەوە بۆ لای خۆی (Thrown Back upon itself)، بۆ بەردەم ئەگەری رەسەن بوونی خۆی وەک بوون لە-جیهاندا، بۆ بەردەم شتێک کە لە بنەڕەتدا قەلەقی دەربارەی ئەوە، قەلەقی لە دازایندا بەیانکەری بوونی دازاینە لە بووندا بەرەو بوونی لە-پەیوەندیدا بەخودی ئەگەری بوونی خۆی.

بەمشێوەیە دڵەڕاوکێ بوونیادی بنەڕەتی دازاینە و ئاشنایەتی رۆژانەی بوون بێ مـاڵـی(Homelessness) دازاینە، شیکردنەوەی ئۆنتۆلۆژیانەی دڵەڕاوکێ ئەوە نیشاندەداتْ کە قەلەقبوون شێوەیەکی بوونی دازاینە، لە جیهاندا واتە بوون لەبەردەم، تووڕهەڵدانی بۆ ناو بوون لە جیهانداو، لەبەردەم ئەگەرەکانی بوون لە جیهاندا. بە یانکردنی دیاردەییانە (Phenomenally)ی دازاین بەمشێوەیە رووناکی دەخاتە سەر خاسیەتەکانی دازاین کە پێکهاتوون لە سێ کاراکتەری ئۆنتۆلۆژیانە، خاسیەتی  وجودی، تووڕهەڵدانو کەوتن (Existenialilty Throwness،Fallennass) بەتەنگەوەهاتن، یان خەمخواردن وەک بونیادەی بنەڕەتی دازاین، بریتیە لە یەکێتیەکی بوونیادیانەی وجودی و تووڕهەڵدان و کەوتنە، کە هەموو توخمە ئۆنتۆلۆژیکانی بوونی دازاین پێکدەهێنن، بوونەوەرێک کە لەخۆی دەگاتْ وەک ئەگەرێکی بوون.

هەروەک هایدگەر پەنجەی دەخاتە سەر «لەگەڵ ئەمەشدا  واتا دازاین لە هەر حاڵەتێکدا بوونی هەیە لەبەر خاتری خودی خۆی».

لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە کێشەیەک بکەین ئەویش پۆتاسیۆنی (ئەگەرێتی) دازاینە بوون-وەک کۆیەک، تا ئەو کاتەی دازاین بوونی هەیە،

له هەر حاڵەتێکدا شتێک بزره، هێشتا بوونی نییه که بریتیه له «هێشتا -نا Not -yet». دازاین هەمیشه لەپێش خۆیەوەیەتی تورهەڵدراوه، بەرەو رووی ئەو ئەگەرانەی که هێشتا نەبوونەته واقیع و نەچەسپیوون، که ئامانج یان ئامانج یان کۆتایی هەر بۆ ئەم قەرزه یان بزربوونه یان شتیکه که هێشتا نەدراوەتەوه (Outstanding)، دەگەڕێـتەوه، ئامانجی بوونیش لە-جیهاندا بریتیه له مەرگ، دازاین تا ئەو کاتەی که هەیه، لەبەردەم ئەو شتەدایه که دەتوانێت و دەشێت ببێت، بەڵام ئامانج یان کۆتایی بۆ ئەم شته دەگەڕێتەوه که هێشتا نییه.

ئەم ئامانجەی بوونیش-له-جیهاندا خودی مەرگه. هایدگەر رایوایه که ئەو کاتەی دازین بەو شێوەیه دەبێت که ئیدی قەرزێک نییەو شتێک بزر نییه لەوداو بۆ ئەو، ئەوسا هەر لەبەر ئەم هۆیه دەبێت، ئیدی ئەو بوونی لەوێ نییه».

به مانایەکی دیکه، گەیشتن بەکۆ و به کامڵبوون، واتا ئیدی دازاین بوونێک نییه له جیهاندا، دازاین له بوونه زاتیەکەیدا دەبێته خەمخۆری ئەگەری کۆتایی هاتن به بوون-له-جیهاندا، درووستبوونی کێشەی دەست راگەیشتن به کامڵبوون، گەر دازاین پرۆژەیەکی ناکامڵ بێت هەتا ئەو کاتەی له بووندایه، کەواته ئەو بەبەردەوامی توورهەڵدەدرێته ناو رووبەری هێشتا -نا (Not Yet)وه، لێره وادیاره که کامڵبوون ئەو کاته بەدەستدێت که دازاین به کۆتایی خۆی دەگات، بەڵام گەر ئەمه حاڵەتەکه بێت، ئەوا دازاین هەرگیز ناتوانێت ئەزموونی کامڵبوونی خۆی بکات، چونکه لەو چرکەساتەدا که کامڵبوونی بەدەستدێت هەر لەو کاتەدا دازاین ئیدی له بووندا نییه ئەو کاتەی دازاین دەمرێت ئەو بوونی خۆی لەوێ لەدەستدەدات و دەبێت نەبوون-لەوێ و ئیدی ئەو ناتوانێت ئەزموونی ئەم گواستنەوەیه بکات.

بەڵام بەهۆی مەرگی ئەوانی دیکەوە، دازاین دەتوانێت ئەزموون و هۆشیاری سەبارەت بە مەرگ بەدەستهێنێت، بەمجۆرە دازاین دەتوانێت ئەزموونی دەربارەی مەرگ بەدەستبهێنێت، لەبەر ئەوەی کە دازاین لە گەوهەردا بوونێکە لەتەک ئەوانی دیکەدا.

کاتێک کەسێک بە کۆتایی خۆی دەگات، ئەوە رەنگە خاڵێکی دەستپێکردن بێت بۆ بەدەستهێنانی مەعریفە دەربارەی مەرگ و کۆتایی دازاین کە ئیدی ئەو بوونی نابێت لەوێ، بە پلەیەکی زۆر یان کەم ئێمە لەتەک مەرگی ئەوانی دیکەدا دەرگیرین، بەڵام دەرگیربوون لە تەک «بوون–لەم نزیکانە» دەرگیربوونێکە کە هێشتا کاراکتەری مەرگ تەواو شەفاف نییە. هایدگەر دەڵێت «هیچ کەس ناتوانێت مردنی ئەوانی دیکە لە خۆیان وەربگرێتەوە. مردن شتێکە کە هەر دازاینە بۆ خۆی پێویستە لەکاتێکدا ئەزموونی بکات، بەهۆی جەوهەریەوە، مەرگ لە هەر حاڵەتێکدا مەرگی منە...».

ئێمە ناتوانین ئەزموونی مردنی ئەوانی دیکە بکەین لەجیاتی خۆیان، ئێمە تەنیا لەوێ هەین «لەتەنیشت» کەسێک کە دەمرێت، هیچ کەس ناتوانێت لەچرکەساتی کۆتایی هاتن بە تەواوی بگات، هایدگەر بیرمان دەهێنێتەوە کە ئەو شتەی کە لە محەکدایە برێتیە لە مانای ئۆنتۆلۆژیایانەی مەرگی دازاین، پرسیاری سەرەکی خراوەتەڕوو برێتیە لەوەی ئایا دەتوانرێت و دەشێت دازاین نوێنەرایەتی بکردرێت لەلایەن کەسانی دیکەوە؟ لە دیدی هایدگەرەوە، لە بووندا لەتەک ئەوانی دیکە لە جیهاندا، دازاین دەشی کەسێکی دی نوێنەرایەتی بکات، بەڵام نەک لەمەرگدا، ئەگەر نوێنەرایەتی کردنی مەرگی دازاین بەتەواوی مەحاڵە و شوێنی بیرلێکردنەوە نییە، هەر ئەمەش کاراکتەری بنەڕەتی ئۆنتۆلۆژیانەی مەرگ کە برێتیە لەوەی مەرگ

ئەگەرێکی ناوازەی بوونە کە تێدابوونی خودی-دازاین لە محەکدایە و پرسیارە سەرەکیەکە، مەرگ هەروەک دازاین، هەمیشە تایبەتە بە «من».

هەر بەم پێیە مەرگ رووداو نییە، بەڵکو دیاردەیەکی وجودیانەیە، لێرەدا دەتوانین پرسیار بکەین، ئایا گونجاوە ئەو شتەی کە هێشتا نییە (مەرگ) وەک قەرزێک شتێک کە هێشتا بزرە سەیر بکەین؟ وەڵامەکەی هایدگەر بە نەخێرە، چونکە ئەو شتەی کە قەرزە هێشتا بزرە هەمیشە شتێکە، کە هێشتا لەبەردەستدا نییە لەشێوەی بابەتێک یان بوونێکدا، لە کاتێکدا دازاین بوونێک نییە لەنێوان بوونەکاندا بە تەنیا، ئەم خاڵە پێویستی بە تەفسیرکردن هەیە، گەرچی سادەش بێت.

لە دازایندا ئەوەی کەهەیە «بزربوونی کامڵبوونە»، غیابی کۆ -بوونە (Totality) هەتا ئەو کاتەی کە دازاین هەیە، ئەو هێشتا بوونی تەواو نییە، بە واتایەکی دیکە هێشتا هەموو ئەگەرەکانی نەهاتونەتەدی، بەڵام ئەو کاتەی کە دەشمرێت، ئیدی ئەو بوونی نییە، ئیدی ئەو لەوێ بوونی نییە، ئایا دەتوانێت ئەم هێشتا-نەبوونە وا تەفسیر بکرێت وەک غیابێک یان قەرزێک؟

ئێمە لە کتێبی (بوون و زەمەن)دا رووبەڕووی چەند نموونەی ژیانی رۆژانە دەبینەوە:

یەکەم:هەندێک قەرز هێشتا نەدراونەتەوە، واتا شتێک هێشتا ماوە وەک قەرز بدرێتەوە، بەڵام ئەمە لەڕووی ئۆنتۆلۆژییەوە ناشێت، پێناسە بکرێت، وەک ئەو شتەی کە هێشتا نییە و سەربەدازاینە، وەک ئەگەری مەرگ، چونکە دازاین خاوەنی بوونێک نییە لە جۆری بوون یان شتی ئامادەی بەردەست. ئەو بوونانەی کە شتێک دەربارەی هێشتا مایەی دانەوەیە جۆرێک لە بوونیان هەیە کە بە بوونی شتێک ئامادەیە بۆ بەردەست هایدگەر ناوزەدیان دەکات.

نموونەی دووەم: هەندێک رووی هەڵاتنی مانگ دەشێت دیار نەبێت پێشئەوەی مانگ بە تەواوی خەرمانە بدات، بەڵام ئەو بەشەی مانگ کە دیار نییە دەشێت ببێتە بابەتی سەرنجدان (Observation)، بەڵام ئەمە بۆ حاڵەتی مردنی ئێمە راست نییە دیاردەیەک نییە کە بشێت بۆ لێکۆڵینەوە و سەرنجدان. نموونەی سێیەم میوەی کاڵ پێدەگات، تا ئەو کاتەی پێدەگات پێشگەیشتنی میوەکە بزرە یا قەرزێکە دەبێت بدرێتەوە، بەڵام لەگەڵ پێگەیشتندا میوەکە تەحقیقی خۆی دەکات بەو مانایەی کە ئیدی پێگەییوە، بەڵام مەرگ وەزیفەی تەحقیقکردن (Fuifilment) نابینێت، بگرە مەرگ، واتە وەرگرتنەوەی ئەگەرەکانی دازاین، با دوو نموونە بهێنینەوە سەبارەت بەپرۆسەی کۆتاییهاتن:

یەکەم: کۆتاییهاتن رەنگە بە سادەیی مانای وەستان بگەیەنێت، وەک ئەوەی جادەیەک لە شوێنێکدا دەوەستێت، کاتێک دەڵێین جادەکە لێرەدا دەوەستێت مەبەستمانە بڵێین ئیدی جادەکە ئامادەیی (حزور) نییە، بەڵام کاتێک کە قسە لە مەرگ دەکەین، لەم حاڵەتەدا مەبەست لەکۆتاییهاتن ئەوە نییە کە بوونێک-لە کۆتاییدایە، بەڵکو بوونێک هەیە بەرەو ئامانج و کۆتایی.

نموونەی دووەم، کۆتاییهاتن رەنگە مانای گومبوون، یان لەبەرچاو نەمان بگەیەنێت، بۆ نموونە بەفر، کاتێک بەفر لەبەرچاو نامێنێت واتە ئیدی نابینرێت، لێرەدا هایدگەر جەختندەکاتەوە کە «هیچ یەک لەم شێوەو شێوازانەی کۆتاییهاتن ناشێت ئێکەڵ بە مەرگ بکرێن و وەک کۆتایی دازاین» وەسفبکرێن، گەر مردن وەک بوون لە کۆتاییدا سەیر بکرێت بە مانای کۆتاییهاتن لەو جۆرەی ئاماژەمان پێدا، ئەو کاتە وەک ئەوە وایە کە مامەڵە لە تەک دازاین بکرێت وەک شتێک کە ئامادەیە-لەبەردەستدا، یاخود ئامادەیە بۆ بەردەست (Preset-at-habd or ready -to hand).

لەم گۆشەنیگایەوە، ئەو شتەی کە هێشتا نییە لە مەرگدا ئەمە بریتی نییە لە شتێک کە هێشتا نەدراوەتەوە، بەڵکو شتێکە « لەبەردەمدایە، واتا شتێک کە لەبەردەم دازایندایە، دازاین وەک ئەوەی کە بوونی هەیە بەو شێوازەی کە هەمیشە ئەو لەپێش خۆیەوەیەتی، بەم مانایە، مەرگ ئەو بونیادەیە کە لە ڕێگەوەی دازاین بوونی هەیە وەک بوون بەرەو مەرگ، بوونیادی فانی-بوون، مەرگ وەک مەسەلەیەکی وجودیانەی ئەو شێوازەی بوونە لە بوون، لەراستیدا ئەو ڕێگایەی بوونی دازاینە، چرکەساتی بوون لەپێش خۆوە بوون، واتا دازاین لەخۆی دەگات لە ڕێگای ئیسقاتانی خۆیەوە دژ بە ئاسۆی ئەگەرەکانی، مەرگ خۆی خۆیەوە دژ بە ئاسۆی ئەگەرەکانی، مەرگ خۆی بەشێکە لەم ئەگەرانە، ئەو ئەگەری ئەگەرەکانە، چونکە ئەو لەبەردەم دازایندا بە شێوازێکی ناوازە کە ئەمە دوا ئەگەرێکی بوونی ئەوە.

ئائێستا چی فێربووین سەبارەت بە کێشەی مەرگ و بوونایەتی دازاین؟ یەکەم بەر لە هەموو شتێک، ئەوە ئاشکرایە کە مەرگ ئەگەرێکی دازاینە، دووەم، بوونایەتی دازاین ئەوەمان نیشاندەدات کە «مەرگی من تایبەتە بەمن»، گەر شتێک هەبێت بە تایبەتی موڵکی دازاین بێت، ئەوە مەرگی خۆیەتی، سێیەم، مەرگ ناشێت و ناکرێت هاوبەش بکرێت لەتەک کەسێکی دیکەدا، زاراوەی بەکارهاتوو بۆ دەلالەتکردن لەم هاوبەشی نەکردنە بریتییە لە «نا-هاوبەشی بوون»ی.

دواجار ئەگەری مەرگ نوێنەرایەتی مەرگ دەکات وەک شتێک کە ناشێت دوورە پەرێزی لێبکرێت. هایدگەر دەنووسێت «بەمشێوەیە، مەرگ خۆی بەیاندەکات وەک ئەو ئەگەرەی کە ناوازانە تایبەتە بە کەس، کە ناهاوبەشییە و ناشێت دوورە پەرێزی لێبکردرێت بەمشێوەیە مەرگ ناوازانە شتێکە ئامادەیە و هەیە».

زیاد لەمە، تورهەڵدانی دازاین (Thrownness) خۆی لە هۆشیارییەکدا

بەیاندەکات کە ئەو دەمرێت، میزاجێک کە بەیانکەری ئەو راستیەیە کە ئەمە ترس نییە، بەڵکو دڵەڕاوکێیە. دڵەڕاوکێ حاڵەتێکی عەقڵیە کە ئەگەری مەرگ بۆ دازاین واڵادەکاتەوە و ئەگەری بوون-بەرەو مەرگ.

ئەم مەرگە کە ئەرکی دازاینە، دەشێت رەسەنانە یاخود نارەسەنانە سەیر بکرێت، دابەشکردنە ئۆنتۆلۆژیە سەرەتاییەکەی هایدگەر بۆ میزاجی بوونی رەسەنانە و نارەسەنانە سیمای ئاشکرای وێناکردنی ئەوە بۆ ئۆنتۆلۆژیای مەرگ بە شێوەیەکی گشتی، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دازاین دەمرێت کە میزاجێکی نارەسەنانەی  بووندا کە تێیدا واقیعی مەرگ وەک ئەگەری دازاین و ئەرکی ئەو پەنهان دەکرێت، دازاین لە بەرگرییەکانی «خودی-ئەوانی دیکە»دا و لەپشت ئەم بەرگرییانەوە پاڵپشتێک دەبینێتەوە بۆ رووبەڕووبونەوەی دڵەڕاوکێ کە تێیدا مەرگ بەیاندەکرێت وەک دیاردەیەکی بەدوور لە گومان و ئامادەبوون، دازاین خۆی دەردەخات لە بەرامبەر  خۆیدا وەک ئەگەرێکی ناوازەیبوون، بەڵام «خود»ی ژیانی رۆژانە بریتیە لە «خودێکی» ئەوان (Self -They)، کە خودێکە مەرگ بە شێوەیەک تەفسیردەکات وەک ئەوەی مەرگ تایبەت نەبێت بە ئێمە.

لە میزاجێکی نارەسەنانەی بووندا، دازاین لە هەوڵی ئەوەدایە کە ئینکاری مەرگ بکات وەک ئەوەی کە ئەگەرێکی هەمیشە ئامادەبووی ئەوە، لە هەوڵی ئەوەدایە کە مەرگ دوابخات بۆ داهاتوویەکی نادیار، دوای بخات بۆ «کاتێکی دی»، کەسێکی دی، واتە کەسێکی دی دەمرێت، نەک من، ئارەزووکردنی دواخستنی مەرگ بۆ کاتێکی دی لە ئایندەدا شێوازێکی نارەسەنانەیە، بەڵام ئەو نارەسەنایەتیە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟

بەپێی تەفسیری هایدگەر، ئەم نارەسەنایەتیە لە مامەڵەکردنێکەوە سەرچاوە دەگرێت کە تایبەتە بە خودی ئەوان( Self -They ). خودی ئەوان

«وا مامەڵە لەتەک مەرگ دەکاتْ وەک واقعێک نەک وەک ئەگەرێک، بەمانای ئەوەی مەرگی ئەوانی دیکە واقیعە و رووەداتْ، نەک مەرگ ئەگەری «من» بێتْ، کاتێک دازاین وا سەیری مەرگ دەکاتْ وەک واقیع، واقیعی مەرگ ئەوانی دی، لەم حاڵەتەدا مەرگی خۆی لەبەرچاو ناگرێتْ.

«خـودی-ئـەوان»: دەڵێتْ «رۆژێـک دێتْ بمرین، بەڵام ئێستا هیچ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە نییە»، لەمجۆرە مامەڵەکردنەی مەرگدا مەرگ وا سەیردەکرێتْ وەک شتێک کە هێشتا لەبەردەمدا نییە بۆ خود.

مردن لە وتاری گشتیدا، سەر بە هیچ کەسێکی تایبەتْ نییە، زیاتر لەمە، مەرگ لەم وتارەدا وەک شتێک تێدەپەڕێتْ کە خاسیەتەکەی وەک ئەگەر فەرامۆشدەکرێتْ و پەنهان دەکرێتْ «خودی ئەوان» مەرگ لەڕێی ئەزموونی مردنی ئەوانی دیکەوە دەناسێتْ، ئەم مامەڵە ناڕەسەنانەیە کە «ئەو» دەیکاتْ بۆ خۆشاردنەوەیە لە مەرگ، مامەڵەکردنی ناڕەسەنانە لەتەک مەرگدا خۆی ترسە لە مـەرگ، ئەم ترسە ئۆنتیکیە (ontic) لە مەرگ دەبێتە مایەی ناڕەسەنایەتی و نامۆکردنی دازاین لە ئەگەری بوون خۆی و بەمشێوەیە نامۆبوونی لە خودی خۆی.

هەروەها خودی ئەوان لە هەوڵی ئەوەدایە کە خۆی ئاسودە بکاتْ لە بەرامبەر مەرگدا، ئەم هەڵوێستی خۆئاسوودەکردنە، تەنانەتْ ڕێگا ناداتْ کە قەلەقییەکی رەسەنانە لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگدا سەرهەڵبداتْ وەک ئەگەری کامڵبوونی دازاین، بەڵکو دەبێتە مایەی ترسێکی ناڕەسەنانە لە ڕووداوێک کە بەبەردەوامی خۆی دووبارە دەکاتەوە لەکاتێکدا ئەم ترسە ناوجودیە لە مەرگ دەبێتە مایەی ناڕەسەنایەتی، دڵەڕاوکێی رەسەن دەبێتە مایەی ئەوەی کە دازاین رووبەڕووی خۆی بێتەوە لە کۆبوونیدا، ئەمەش بەدەوری خۆی دەرگا واڵا دەکاتْ بەرەو رەسەنایەتی دڵەڕاوکێ کە بریتیە لە

هۆشیاربوون لە ئەگەری مردن و مەرگ لە هەر چرکەساتێکدا ئەو (مەبەست لەکەسی جەماوەرییە) وا سەیری قەلەقی دەکات لە بەرامبەر مەرگدا وەک کردەیەکی ترسنۆکانە، لەبەر ئەوە کەسی جەماوەری تەنانەت دلێریشمان پێ رەوا نابینێت، دلێریی قەلەقی بوون لەبەردەم مەرگدا، لەدڵەڕاوکێ لەبەردەم مەرگدا دازاین رووبەڕووی ئەم ئەگەرە دەبێتەوە، ئەگەری مەرگی خۆی، کە ئەگەرێکە شایانی خۆلێپاراستن نییە، بەڵام ئەو «یان کەسی جەماوەری» ئەم قەلەقیە دەگۆڕێت بۆ ترس، خۆئاسودەکردن و وەسوەسە دوو نیشانەی ئەم بوونەن کە پێیدەڵێین «کەوتن»، هەروەک کەوتن بوونی رۆژانەی رووەو مەرگ بە بەردەوامی هەڵاتنە لە مەرگ ، بەمشێوەیە وەسوسە و خۆئاسوودەکردن و نامۆبوون هەر هەموو خاسیەتەکانی بوونی نارەسەنانەی هەر رۆژێکی بوونن لە جیهاندا، ئەمەش بەیانکەری بوونە نارەسەنەکەی-بوون-بەرەو مەرگە وەک هەڵاتنێکی بەردەوام لە مەرگ.

ئا لەم مەنزڵەی لێکۆڵینەوەکەماندا مەبەستمە ئاماژە بە سەرچاوەیەک بکەم لە شیکردنەوەکەی هایدگەردا بۆ مەرگ، کە سەرچاوەیەکە هایدگەر وێڕای ئەوەی کەوتوەتە ژێر کاریگەری ئەم سەرچاوەیەوە، بەڵام ئاماژەی پێنەداوە، ئەویش نوسینێکی سیگمۆند فرۆیدە کە لە ساڵی (1915) دوو وتاری بڵاو کردەوە لەژێر ناونیشانی «چەند بیرکردنەوەیەکی گونجاو دەربارەی جەنگ و مەرگ».

هایدگەر ئاماژە بەم سەرچاوە نادات، بەڵام نزیکی بۆچوونی هایدگەر و فروید دەربارەی ئەم کێشەیە نابێت فەرامۆش بکرێت، لەبەر ئەوە لێرەدا پەڕەگرافێک لە نوسینەکەی فرۆید وەردەگرین تاکو ئەو نیشانبدەین کە تا چەندە فرۆید کاریگەری لەسەر هایدگەر داناوە.

«هۆکاری دووەم کە من دەیدەمە پاڵ مانای ئێستای نامۆبوون لەم جیهانەی کە ڕۆژێک قەشەنگ بوو، بریتیە لەو پەشێوەیەی ڕوویداوە لە هەڵوێستی ئێمە بەرامبەر بە مەرگ، هەڵوێستێک کە ئێستا خومان پێوە گرتووە.

بە بەردەوامی ئێمە سەرقاڵی نیشاندانی کەڵکەڵەی تووڕهەڵدانی مەرگین، بۆ سڕینەوەی لە ژیان، ئێمە لە هەوڵی ئەوەدابووین کە بێدەنگ بین لە بەرامبەریدا، بگرە ئێمە عیبارەتێکمان هەیە «بیرکردنەوە لە شتێک هەروەک چۆن بیر لە مەرگ دەکەینەوە»، ئەویش بە دڵنیاییەوە مەرگی ئێمەیە، مەرگی ئێمە لەڕاستیدا شایانی وێناکردن نییە (Unimaginable)، هەر کاتێکیش هەوڵی ئەوە بدەین کە وێنای بکەین، دەتوانین ئەوە ببینین کە چۆن وەک بینەر لە دواجاردا گیانی سالممان دەرکرد. هەرچی پەیوەندی بە مەرگی ئەوی-دیکەوە هەبێت، مرۆڤی شارستانی خۆی دەپارێزێت لە قسەکردن لە ئەگەرێکی لەو جۆرە ئێمە خوومان گرتووە بەوەوە کە تەنیا جەخت لەسەر سیفەتی ڕێکەوت ئاسای ڕووداوی -مەرگ و نەخۆشیەکان و ئیلتهابات و پیربوون بکەینەوە، ئیدی بەمشێوەیە ئێمە خیانەت لە کۆششی خۆمان دەکەین بۆ گونجاون مانای مەرگ لە ناچاری بوونەوە بۆ ڕێکەوت بوون». بەڵام لەبیرمان بێت بەپێی خوێندنەوەکەی هایدگەر، هەڵاتنی نارەسەنانە لە مەرگ خاڵێکی «پۆزەتیڤ نیشاندەدات، ئەویش ئەوەی کە دازاین بابەتی مەسەلەی مەرگە بگرە لەوپەڕی حاڵەتی بیرنەکردنەوەی ژیانی ڕۆژانەشدا، ئەو لەو باوەڕەدایە کە لە حاڵەتی ئاسایی ژیانی ڕۆژانەدا مەرگ بە بەردەوامی بابەت و مەسەلەیەکە بۆ دازاین تەنانەت لە گفتوگۆی بێ بەرووبوومی عامیانەدا»، ئێمە هەر ڕۆژێک بێت دەمرین، بەڵام نەک ئێستا». دەتوانین بێگومان بوونی (بوونی مەرگ) ببینینەوە، ئەم دڵنیاییە

ئەمومژاوییە و رەسەنایەتی تێدا نییە، چونکە وەک هایدگەر پەنجەی دەخاتە سەر: «گەر ئێمە وا لە مەرگ بگەین وەک رووداوێک کە لە ژینگەکەماندا رووبەڕووی دەبینەوە، ئەوسا ئەو دڵنیاییەی کە پەیوەندی بەم رووداوەوە هەیە پەیوەندی نییە بەبوون بەرەو-کۆتایی.

کاتێک کە «ئەو» (خـودی-ئـەوان) دەڵێت: «مەرگ شوێنی گومان نییە»، مەبەستەکە ئەوەیە کە مەرگ لەڕووی مەیدانیەوە بە بەرچاوەوەیە و شوێنی دڵنیاییە، وەک ئەوە وایە کەسێک بڵێت دیارە رۆژێک مەرگ دێت، بەڵام ئێستا نا»، لەگەڵ ئەم «بـەڵام»ەدا «خودی-ئەوان» ئینکاری ئەوە دەکەن، کە مەرگ شوێنی دڵنیاییە، لێرەدا پرسیارەکە ئەمەیە، ئایا دازاین دەتوانێت رەسەنانە لە ئەگەرە ناوازەکەی خۆی بگات کە مەرگە، کە ئەگەرێکە ناهاوبەش و ئەگەرێکە شایانی دوورە پەرێزی کردن نییە و وەڵامەکە ئەرێنیە.

کلیلی تێگەیەشتنی رەسەنانەی بوون بەرەو مەرگ خۆی لە تێگەیشتنێکی دیکەدا مەڵاسداوە، تێگەیشتن لە مەبەستی بوون-بەرەو ئەگەر، هەڵوێستی «بەرەو-ئەگەر»ی مەرگ هەنگاوی یەکەمە بەرەو رزگاربوون لە هەلومەرجی نارەسەنانەی «خودی-ئەوان».

لە هەڵوێستی «بەرەو-ئەگەر»دا دوو جۆرە بوون بەرەو شتێک بوونی هەیە، یەکەم:چاوەڕوانکردنی شتێک وەک ئەگەرێکی شیاوی بوون بریتییە لە «پێشبینیکردنی» شتێک واتە لەبەرچاوگرتنی کەی و چۆن دەبێتە راستیەکی ژیانمان، لێرەدا ئەگەر رەفز دەکرێت بە مەبەستی واقیعێکی داهاتوو، بەڵام پێشبینیکردنی ئەگەر نزیک دەبێتەوە لە پێداگرتنی لەسەر ئەگەرێکی رەهای رووداوێک بە پێچەوانەی چەسپاندنی لە داهاتوودا، هەر لەم گۆشەنیگایەوە، تێگەیشتن لەوەی کە شتێک وەک ئەگەر هەیە بریتیە لە

پێشبینیکردنی ئەو ئەگەرە، بەڵام لێرەدا چۆن لە مەرگ بگەین؟. هایدگەر جەخت دەکاتەوە کە «لە پێشبینیکردنی ئەم ئەگەرەی بووندا دازاین خۆی بۆ خۆی دەکاتەوە و بەیاندەکات لە پەیوەندیدا بە ئەگەرە ناوازەکەیەوە. پێشبینیکردن دەردەکەوێت کە ئەگەرێکی تێگەیشتنە لە ئەگەرایەتی بوون، ئەمەش وەک ئەوە وایە بڵێین بوونێکی رەسەنانەیە»؟.

رەسەنایەتی چەند شتێک لەخۆدەگرێت، لە سەروو هەموویانەوە، تێگەیشتنێکی گونجاو لە مەرگ، هەروەها بە ئیرادەوە وەرگرتنی ئەم تێگەیشتنە لە پێشبینیکردن کە دەبێتە مایەی ئازادکردنی دازایـن بۆ ئەگەرەکانی لە چوارچێوەی دوا ئەگەریدا. مردن، مردنێکی رەسەنانە، واتە ژیان بە شێوەیەک کە مەرگ بە بەردەوامی  لە پرۆژەی بوونی کەسدا پێشبینی دەکرێت، بەمشێوەیە هۆشیاربوون بەرامبەر بە مەرگ پەنجەدەخاتە سەرخاڵێکی گرنگ لەم شیکردنەوەیەدا ئەویش ئەوەیە کە پۆتێنشاڵتی مانای زیاتر لەخۆ دەگرێت، زیاتر لە داهاتوویەکی بووە واقیع ، دازاین لە مەملەکەتی ئەگەرەکاندا دەژی، هەر لەوێشدایە کە بوون، بوونێکی رەسەنانە تەحقیق دەبێت.

لە حاڵەتە ئاساییەکەدا، دازاین هەمیشە رووبەڕووی هەڕەشە دەبێتەوە، نادڵنیاییەکی بەردەوام، لێرەدا و ئێستا بونیادێک کە کۆمەکی دازاین دەکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم هەڕەشەیە بریتیە لە دڵەڕاوکێ.

دڵەڕاوکێ ئەوە بۆ دازاین بەیاندەکات کە ئەو لەنێو بوونەکاندا لەماڵی خۆیدا نییە، لێرەدا  دڵەڕاوکێ پابەندی بونیادی بوونە-بەرەو-مەرگ. بە واتایەکی دیکە بوونێکی رەسەنانە-بەرەو-مەرگ، کەواتە بوون-بەرەو-مەرگ لە جەوهەردا بریتیە لە قەلەقی، دڵەڕاوکێ دەستی دازاین دەگرێت تاکو رووبەڕووی کۆی خودی خۆی ببێتەوە لە فۆڕمی ئەگەرە ناوازەکەیدا،

لێرەوە ڕێگا واڵا دەکاتْ بۆ ڕەئایەتی بەهۆی قبووڵکردنی بونیادی بنەڕەتی خود کە بریتیە لە بوون-بەرەو-مەرگ.

دڵەراوکێ ئازادمان دەکاتْ بۆ بوون، بوونێکی ڕەسەنانە، ئازادمان دەکاتْ نەک بەتەنیا لە «خودی-ئەوان» کە بێ رووخسارە، بەڵکو ئازادیشمان دەکاتْ بۆ گشتْ دەرگیربوونەکان، تەنیا لە ڕێگای دڵەڕاوکێوەیەکە بوون-بەرەو مەرگ، وەک ئەگەرێکی کۆنکرێتی دەردەکەوێتْ، کەواتە دڵەڕاوکێ لەبەردەم مەرگدا بریتیە لە دڵەڕاوکێ لەبەردەم ئەگەرێکی ناهاوبەش و ناوازە بۆ بوون، حاڵەتێک کە تێیدا ئەم دڵەڕاوکێیە «لە بەرامبەر» خۆی بوونە لە-جیهاندا، لە شوێنی خۆیدایە کە سەرنجی ئەوە بدەین چەمکی هایدگەریانەی بوونی ڕەسەنانە بەرەو مەرگ، نزیکییەکی لەتەک بیری نیتچەدا هەیە، وەک زانراوە، نیتچە بانگەشە بۆ لەئامێزگرتنی مەترسی و ریسک دەکاتْ وەکو باڵاترین فۆڕمی ژیان «باوەڕم پێبکە، نهێنی مەزنترین بەروبووم و مەزنترین خۆشیبوون لەوەدایە کە بژیتْ بە مەترسییەوە».

لە شوێنێکی دیکەدا نیتچە ئەوە رادەگەیەنێتْ کە ئێمە پێویستە لە هەوڵی فەیلەسوفیی نوێدا بین، ئەو پیاوانەی کە مرۆڤ فێردەکەن ئایندەی مرۆڤ بریتیە لە ئیرادەی مرۆڤ ئەوەی کە زۆر گرنگە لەم تێڕوانینیە سەبارەتْ بە فەیلەسوفە نوێیەکان بۆ ئێمە تا لێی بگەین بریتیە لە دەسەڵاتی داهێنەر بێتْ بریتیە لە بەهێزبوون تاکو ژیان هەڵبژێریتْ، هەڵبژاردنی ژیان واتا هەڵبژاردنی تراژیدیا. فەیلەسوفە نوێکان ناتوانن بڵێن بەڵێ بۆ ژیان بێئەوەی بکرێنەوە بۆ زام و برینداری و ژان و بێ مانایی و مەرگ، بێئەوەی کارێک بکەن کە خودی ژیان ریسک و مەترسی بێتْ.

زیاتر لەمە، فەیلەسوفە نوێیەکان دەشێتْ وا ببینرێن وەک پردێک بۆ بان مرۆڤ (Overman). بان مرۆڤ بریتیە لە مرۆڤێکی گۆڕاو-بوونێک کە

مرۆڤی ئاسایی بەجێهێشتووە، بوونەوەرێک کە ئیرادەی دەسەڵاتی خۆی لەئامێز دەگرێت لە رێگای داهێنانی خودەوە کە ئەویش بەدەوری خۆی واتا داهێنانی بەهای نوێ، داهێنانێک کە داوا دەکات بەزەیی تەجاوز بکرێت لەرێگای ئەرێ وتن بۆ فانیبوونی مرۆڤ، تەجاوزکردنی بەزەیی واتا دانان بەو راستیەدا کە ژیان واتە ئازار چەشتن و مەرگ، هەروەک چۆن شادی و سەرکەوتنیشە.

هەروەک بان مرۆڤ و فەیلەسوفە نوێیەکان، خودێکی رەسەن لە کتێبی «بوون و زەمەن»دا بەشادیەوە جەخت لەسەر سنووورداربوونی ئەگەرەکانی خۆی دەکاتەوە، هایدگەر ئاماژە بە نیتچە دەکات "لەپێشبینیکردندا، دازاین خۆی دەپارێزێ لە دواکەوتنی خۆی با خود دواکەوتن لەئەگەرایەتی -بۆ- بوون..خۆی دەپارێزێت دژ بەوەی کە زۆر پیربێت بۆ سەرکەوتنەکانی (نیتچە).

مەبەستی هایدگەر لەوەی کە دازاین دەشێت پیر بێت بۆ سەرکەوتنەکانی «ئەمەیە کە ئەو دەیەوێت پەنجە بخاتە سەر ئەو کەڵکەڵەیەی دازاین ئەو کاتەی دەیەوێت دەستبەرداری خەبانکردن بێت لەپێناو رەسەنایەتیدا.

لە ڕێگای قسەکردن لەسەر چۆن دازایـن دەتوانێت خۆی فڕێبداتە ناو ئەگەرەکانیەوە. هایدگەر مەبەستیەتی کە رەسەنایەتی وا تەفسیر بکات کە بریتیە لەم حاڵەتە: تاکێکی خاوەن ئیرادە بە حەماسەوە لە کۆششی ئەوەدایە کە خۆی ئازاد بکات لە «خودی-ئەوان» و شێوازو رێگای بوونی ئەوان، تاکو بتوانێت دەستی بە ئەگەرەکانی خۆی بگات.

وەک بەرئەنجام دەتوانین بڵێین کە مادامێک مەرگ ئەگەرێکی ناوازەی دازاینە، لێرەوە مەرگ کلیلێکی رەسەنە بۆ خود-بوونێکی رەسەن، دڵەڕاوکێ لەبەردەم مەرگدا دازاین تووڕهەڵدەداتەوە بەردەم سەرچاوەکانی خۆی و ناچاری دەکات لێپرسراو بێت لەبەردەم رەسەنایەتی خۆیدا، زیاتر لەمە، دڵەڕاوکێ

لەبەردەم مەرگدا لەڕووی ئۆنتۆلۆژییەوە بریتیە لە تەسمیم گرتنێکی بوونیادیانە کە رۆڵی کۆبوونەوەن، کۆبوونەوەی دازاین دەبینێ وەک ئەوەی کە لە دازایندا بەیاندەکرێت، پێشبینیکردنی ئەگەری لە ئامێزگرتنی مەرگ وەک دڵنیاییەک، کارێک دەکات کە رەسەنایەتی شیاو بێت.

**سەرچاوەکان:**


Freud،S،Civilization. War and Death(ed). john Rickman

Kaufmann. W،The Portable Nietzsche،NewYork1973.

Nietzsche،F Beyond Good and Evil،trens،R . J. Hollingdale. NewYark 1973.

Heidegger. M. Being and Time. trans،John Macquarrie and Edward Robinson 1962.

Sartre. J. P. Being and Nothingness،trans. hazele Barnes 1959

# هایدگەر و فەلسەفە

ڕەسوڵ سوڵتانی

شتێکی سروشتییە ئەگەر یەکێکی کونجکۆڵ بپرسێت: فەلسەفە لە سەردەمی ئێمەدا بۆچی دەبێ؟ ئێمە و هزر و فەلسەفەی رۆژئاوایی چ پەیوەندییەکمان پێکەوە هەیە؟ هایدگەر فەلسەفە و بوونی رۆژئاوایی وەک یەک سەیر دەکات. بەر لەو ئێدمۆند هۆسرەل، مامۆستاکەی لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا و یەک لەوان لە نامیلکەی «قەیرانی زانستی ئەوروپی» فەلسەفە و بوونی ئەوروپای بە یەک شت زانیوە. نیتچەش کولتوور و شارستانیەتی رۆژئاوایی لەگەڵ جەوهەری فەلسەفەکەی بەیەک شت دەزانی و فەیلەسوفەکانی بە دارێژەرانی سەرەکیی جیهانی نوێ لە قەڵەمدەدا. بۆ وێنە دەیوت: دیکارت باوکی گەورەی «شۆڕشە مەزنەکەی فەڕەنسا»یە. لەو روانگەیەوە، ئیتر فەلسەفە تەنیا کۆمەڵێک بڕیار و سەلماندنی تایبەتی نێو هەندێ کتێبی دەستنیشانکراو نییە. بە رای ئـەوان جیهانی ئێستا جیهانی فەلسەفەیە. جیهانی ئێستا جیهانی دیکارت و کانت و هیگل و ئەخلاقی ئەوانە و هەر گۆڕانێکی لەو جیهانەدا هاتبێتە گۆڕێ لە سایەی سەری فەلسەفەوەیە. واتا فەیلەسووفەکان دارێژەرانی ئەم جیهانەی ئێستاو رچەشکێنی زانستی نوێ و تەکنەلۆژیا و مۆدێرنێتە و لیبرالیزم بوون. مرۆڤ بە فەلسەفە گۆڕانی بەسەردا دێت و ئەو گۆڕانەش کار دەکاتە سەر جیهان و هەموو شتێک. مرۆڤی فاوستی، واتە ئەو مرۆڤەی کە جیهانی گۆڕی و کردیە ئەوەی ئێستا و دیاریش نییە، کە لە داهاتوودا چیی بەسەر دێنێت. ئەوە هەمووی لە سایەی پەروەردەی فەلسەفەوەیە. بەبێ فەلسەفەی نوێ،

مرۆڤ نەدەگەیشنە ئەو  ئاسنە لە دەسەڵاٹ و داگیرکردن لە جیهاندا. ئەگەر نەمانەوێ ئەفلاتون و ئەرستۆ بە دامەزرێنەر و بنیاتنەری شارستانیەتی نوێی رۆژئاوا بزانین، لانیکەم بایەخ و گرنگی رێنیسانس و کۆمەڵێک فەیلەسوفی وەک دیکارت و فرانسیس بیکون حاشای لێ ناکرێت.

بەر لە هەموو شتێک لە رێگەی خوێندنەوەی رەوتـی مێژووی فەلسەفەی رۆژئاواییەوەیە، کە لە واتاکەی تێدەگەین. ئەو رەوتـە لە تالیسەوە دەستپێدەکات و لە ئەفلاتون و ئەرستۆدا دەگاتە لوتکەی خۆی. رەوتی «سەروسروشتی» لە سەردەمی نوێدا فۆرمێکی نوێی لەخۆ وەرگرت و جیهانی نوێی لەگەڵ مرۆڤەکاندا خستە بەرامبەر یەکترەوە. هێز و بایەخی فەلسەفەی دیکارت و بیکۆن، وردە وردە لە رەوتی زەمەندا دەرکەوت و دواتر ئاشکرا بوو، کە ئەوان لە جیهاندا بنەمایەکی نوێیان دارشتبوو. «هاینە»، شاعیری ئاڵمانی، کانتی هێدی و هێمنی بە روبسپێری ئەلمان ناوبرد، بەڵام ئێمە ئێستاش بە گوێرەی پێویست لە واتای وتەی ئەو شاعیرە نەگەیشتووین. کانت، ئەنتۆلۆژی بە شتێکی بێجێ و زیادە دەزانی و هیگڵ ئەوەندە چووە پێشەوە کە وتی: سەردەمی خۆشەویستنی زانست تێپەڕیوە و ئێمە پێمان ناوەتە سەردەمی زانابیەوە. کییرکێ گۆرد خۆی بە فەیلەسوف نەزانیوە و هزری سۆبژێکتیڤی لە بەرامبەر سیستمی هیگڵیدا دانا. نیتچە بە وەلانانی بان سروشتی بە شوێن دستنیشانکردنی هەلومەرجێکدا رۆیشت، کە تێیدا بان سروشت درووستبوو. ئەو لەوەی کۆڵیەوە کە چۆناوچۆن ژیانی مرۆڤ بە فەلسەفە و لە فەلسەفەدا دیاریکراوە و ئاخری هایدگەر دەریخست، کە رەوتی فەلسەفە رەوتێکی نهێلیستی بووە،  جگە لە دوورکەوتنەوە لە بوون، قازانجێکی دیکەی نەبووە، هەر بۆیە هزری داهاتوو لەبری «خوشەویستی زانایی»، «تێگەیشتن لە خۆشەویستی» دەبێت.

خوێندنەوەی هایدگەر، خوێندنەوەی فەلسەفە و ئەو خاڵەیە کە فەلسەفە لە کوێوە هاتووە و چۆناوچۆن ئەو رەوتەی بڕیوە و مرۆڤی گەیاندوەتە کوێ؟ بە ناسینی ئەو رەوتەیە کە دەزانین مـرۆڤ تێیدا بانگهێشتکراوەتەوە بۆ لای خۆی و ناسینی خۆی و لە فەلسەفەی نوێدا ئەو خۆناسینە رەهایی زانست و دەسەڵات و ژیان و ویستی مرۆیی لێکەوتۆتەوە، هەتا ئەوەی کە وتوویانە: بوون، ژیانە یان ویستە. بەو واتایە مێژووی فەلسەفە مێژووی بە پووچ زانین و مێژووی سەلماندنی دەسەڵاتی مرۆییە. بە تێگەیشتن لەو بابەتە بۆمان دەردەکەوێت کە رۆژئاوا و بایەخەکانی، بەخۆنازین و لەخۆ نامۆبوون، سۆبژێکتیڤیزم و سەرلێشێواوی، زانستی نوێ و لەکنۆلۆژیا، مۆدێرنینە و پۆست مۆدێرنینە، شێتی و دەسەڵات و چین، لە مێژووی مرۆڤەکاندا چۆناوچۆن سەریانهەڵداوە و فەرمانڕەوایی دەکەن؟ هەروەها لەوەش تێبگەین کە زۆربەی پرسیارەکان، یەک لەوان «فەلسەفە بۆچی دەبێت؟»، پرسیاری تایبەتی سەردەمی ئێمەن، چونکە لەم سەردەمەدا هەرچی هەیە دەبێ بەکاربهێنرێت و ببێتە سەرچاوەی بەرهەم.

لەم رێگەیەدا مارتین هایدگەر لە هەموو فەیلەسوفێک زیاتر بە کاری ئێمە دێت. ئەو مێژووی بان سروشت بە مێژووی خۆفەرامۆشکردن و گەیشتن بە زاڵبوونی تەکنەلۆجیا دەزانێت و دەڵێ: ئەمڕۆ بەلای منەوە ئەوە پرسیارێکی شێلگیرانەیە کە ئاخۆ سیستمێکی و کامە سیستم، گونجاو دەستدەکەوێت بۆ سەردەمی تەکنیک؟ ئەو دەبینێت کە لەم سەردەمەدا ئێمە ئیتر پێویستیمان بە بۆمبی ئەتۆمی نییە. مرۆڤ رەگ و پنجی لە خاکەکەی خۆیدا نەماوە و ئەوەی ماوەتەوە تەنیا پەیوەندییە تەکنیکییەکانە و هیچی دیکە. ئەو شوێنەی کە مرۆڤی تێدا دەژی، ئیتر ئەوێ زەوی نییە و مرۆڤی بێ وڵات و بێ نیشتیمانیش لە بوونەوەرێکی سەرلێشێواو و سەرگەردان

بەولاوە نییە. ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەو فەلسەفەیە ناتوانێت بەبێ نێوبژیوان گۆڕانێک لە رەوشی ئێستای جیهاندا بێنێتە ئاراوە، هەر بۆیە بە شوێن پەرەپێدانی هزرێکی ئامادەکارەوەیە. "ئامادەکردنی ئامادەبوون، دەتوانێت یەکەم یارمەتیدەر بێت. جیهان ناتوانێت لەوەی کە هەیە و بەو شێوەیەی کە هەیە، بوونەکەی لە رێگەی مرۆڤەوە و بەبێ مرۆڤیش ناتوانێت هەبێت. دواجار راشکاوانە دەڵێت: «ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە بەپێی بنەما سەرەکییەکانی ئەو بیرۆکەیەیە ئەمڕۆ لە ئارادایە، بەبێ هیچ بانگەشەیەکی پێغەمبەرانە، هزرو بیر لە بەستێنی داهاتوودا بەرەو پێشەوە بەرین».
ئەو خۆیشی بە قووڵی بیر لە «چییەتی حەقیقەت»، «ئاخێزگەی بەرهەمی هونەری» و «چییەتیی شیعر» و «چییەتیی فەلسەفە و سەروسروشت» و «چاخی وێناکردنی جیهان» و «تەکنەلۆجیا» و گەڕانەوە بەرەو ماڵەوە و بەمرۆڤ زانین»دا رۆدەچێت و لە «پرسیارکردن لە هەبوون»ـەوە دەگاتە بیستنی دەنگی هەبوون. ئەو جۆرە بیستنە لەگەڵ وردبوونە لە زمان و شیعر خزمایەتییەکی تەواوی هەیە.

### شێوازی هایدگەر

هایدگەر لە گەڕان و لێکۆڵینەوە تاقانەکەیدا، رێگەیەکی تاقانەیشی بڕی و لەو هەوڵە بێوێنەیەی خۆیدا، ئەوەندە چووە پێشەوە کە هەندێک لەرووی مەعنەوییەوە سەدەی بیستەم، بە سەدەی هایدگەر ناو دەبەن، بەڵام ناسینی رێبازەکەی هایدگەر هیچ پێویستیی بە ناسین و زانینی شێوازی ژیانی ئەو نییە. ئەو لە یەکەم دانیشتنەکانی وانەوتنەوەی هاوینانەی خۆیدا، سەبارەت بە فەلسەفەی ئەرستۆ، سەربردەی ئەرستۆ لە چەند وشەیەکدا کورت دەکاتەوە: «ئەرستۆ لە دایکبوو، کاریکرد و مرد». ئەو بەو شێوەیە

دەیەوێت بڵێت کە هزر پەیوەندیی بە تایبەتمەندییە دەروونییەکان و هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئەگزیستانسیالییەکانیشەوە نییە و پلەی هزر لە سەرووی پلەی دابونەریت و ئەخلاق و بایەخ و بەهاکانەوەیە. لەو روانگەیەوە لێکۆڵینەوە لە ژیانی فەیلەسوفەکاندا هیچ سوودێکی بۆ تێگەیشتن لە فەلسەفەکەی ئەوان نییە، هەر بۆیەش هایدگەر، بە دەگمەن خۆی دەردەخست و هەوڵیدەدا لە بری هێماکانی ژیانی تایبەتی خۆی، مۆرکی شێوەی دەربڕینی فەلسەفی زەق بکاتەوە. بە رای ئەو دەبێت لەبری ژیانی فەیلەسوف رێبازە هزرییەکەی بخەینە روو. ئەو قسەیەی ئەو زۆر لە قسەکەی رۆلان بارت و میشیل فۆکۆ دەچێت، سەبارەت بە مەرگی نووسەر.

هایدگەر چەند رۆژێک بەر لە مردنەکەی ئەو یاداشتەی بۆ هەڵبژاردنی کۆبەرهەمەکانی خۆی بەجێهێشت: «رێبازەکان، نەک بەرهەمەکان».

ئەو نووسی کە دەقی تەواو بەرهەمەکانی خۆی بە هیوای «روونکردنەوەی هەڵوێست و مەبەستەکانی نووسەر» یان «خستنەرووی روانگەکانی ئەو» یان «شیکردنەوەی زنجیرە پاڵپشتە فەلسەفییەکانی ئەو» بڵاوناکاتەوە. دەکرێت ببینین کە لە سەردەمی زانیارییەکاندا، کاری لەو چەشنە دەکرێت و رێی تێدەچێت، بەڵام بۆ گەیشتن بە بنەڕەتی هزرەکە، ناکرێت و بێسوودە. بە وتەی ژان وال، ئەو دەیویست بڵێت کە تایبەتمەندیی کاری فەلسەفیی ئەو، بەدەستهێنانی ئاکامەکان و بەرهەمەکان نییە، بەڵکو بەرێگەوە بوون، واتا خستنەرووی بابەتەکەیە.

مەبەستی هایدگەر لە رێگەی هزرین، هەر ئەو رێباز و شێوازە هەڵبژێراوەکەی نووسەر نەبوو. ئەو کاتێک بیری لەو رێگەیە دەکردەوە، هەڵبژاردنە بەدڵخواز و هۆشیارانەکەی رێبوارەکەی لەبەرچاو بوون. ئەو پێیوایە ئەو کەسەی رێگەکە هەڵدەبژێرێت و لەو رێگەیە دەوەستێت و

خێرایی و بابەتەکانی خۆی کە حەزی لێیانە دەگۆڕێت، بیرمەندەکە نییە، بەڵکو ئەوە ڕێبازەکەیە کە ڕێبوارانی خۆی هەڵدەبژێرێت، ئاقارەکەی بۆ دیاریدەکات و رایدەگرێت و خێراتری دەکات و خۆی دەشارێتەوە و جاروباریش دەبێتە هۆی وەرچەرخانی لێبڕاوانە. هزر، هزر و بیری بوونە. ئێمە خاوەنی هزر نیین، بەڵکو بە نیشتەجێبوون لە نزیکی و دراوسێیەتیی «بوون»ـدا، هزرمان پێدەبەخشرێت. واتا شتێکی گرنگتر لە ویست و ئیرادە و نیاز و هەوڵی مرۆڤ لە گۆڕێدایە کە ئەو بەرەو پێشەوە دەبات و زۆر جاریش سەرووتر لە لۆژیکی دیکارتی و ئەو تێگەیشتنانەی کە لەسەر بنەمای چالاکبوونی ئامانجی زانا و بەتوانا و ناسێنەر دامەزراون.

لە لایەکی دیکەوە، ڕێگەی چوونە ناو جیهانی هزریی هایدگەرەوە، یەکێکە لە ئەستەمترین و دژوارترین ڕێگەکان. یەکەم لەبەر ئەوەی کە ئەو نەک تەنیا یەک جیهان، بەڵکو گەلێک جیهانی هەبوو. ئۆتۆپۆگلەر هاوڕێ و ڕاڤەکاری هایدگەر دەیوت: هەر کات ئێمە ڕێگەی چوونە ناو جیهانی هایدگەر بدۆزینەوە، ئیتر لە ناسینی هزری ئەودا کارێکی ئەوتۆمان لە پێشدا نامێنێتەوە. دووەم ئەوەی کە هیچکات بانگەشەی ئەوەی نەکردووە کە سیستمێکی فەلسەفیی وردو تۆکمە بخاتە ڕوو، بۆ ئەوەی کە ئێمە بەسەریدا زاڵ بین. ئەو دژی بە سیستمکردنی فەلسەفە بوو. باوەڕیشی وابوو کە کۆمەڵێک فەیلەسوفی گەورەی وەکو هیگڵیش سەرەڕای بانگەشەکانی خۆیان نەیانتوانیبوو، سیستمێکی فەلسەفی دامەزرێنن. ئەو هیچکات باسی ئامانج و مەبەستی ناکات. لە «دارستانی ڕەش»ـدا دەژیا و لە قسەکانیشیدا ئاماژە بە دارستان و کوێرەڕێی نێو دارستانەکان زۆر بەرچاو دەکەون و ناشیەوێت لە دارستان بچێتە دەرێ. لەگەڵ دارستان بووەتە هاوڕێ و دەزانێت کە ئەو کوێرەڕێی نێو دارستانانە ناگەنە هیچ شوێنێک. تەنیا هیواکەی ئەوەیە

که لەوانەیە نورێک لە پشتەسەرییەوە بەرەو ئێمە تیشک باوێت. سێهەم ئەوەی کە ئەو زمانەی هایدگەر لە هەموو بەرهەمەکانیدا بەکاریدێنێت، زۆر ئەستەمە، چونکە ئەو دەیەوێت کەڵک لە زمانێک وەرگرێت، کە لە واتاگەلی سەرو سروشتی رزگاری بووبێت. زمانی ئێستا بە رای ئەو رەسەنایەتی خۆی لەدەستداوە.

### هایدگەر و زمان

سەرنج و گرنگیدان بە زمان، لە سەردەمی هایدگەردا زیاتر بوو، بەڵام یەکەم بایەخدانی هایدگەر بە زمان هەر لە «بوون و زەمەن»ـدا دەستدەکەوێت. ئـەوەی وەک گۆڕانی هارمۆنیتیکی فەلسەفە ناوی دەرکردووە، رێگەی گرینگیدان بە زمانی ئاوەڵا کردەوە. دەقی بەرچاوی ئەو گۆڕانە، «بوون و زەمەن»ـە. هایدگەر لە قسەکردندا لەسەر مرۆڤ خۆی لە بەکارهێنانی وشەی «مرۆڤ» بوارد، لەبەر ئەوەیە کە ئەو وشەیە لایەنێکی سەروسروشتی هەیە، واتە رەوتی سەروسروشتی هزری رۆژئاوایی ماناو ماهیەت (چیەتی) پێداوە و مرۆڤ بە ئاژەڵێکی قسەکەر و سیاسی دەزانن. لە حاڵێکدا مرۆڤ لە ئازادی و کراوەیی بەولاوە نییە، بوونی ئەو لەوێیە. وشەی خۆشەویستی هایدگەر لەم بارەیەوە «دازاین» بوو، واتە لەوێبوون. ئەو چەند نموونەیەکی ئەگزیستانسیال بۆ دازاین دێنێتەوە، یەکەم دارشتنەوەی جیهان بوو وەک کۆبەندێکی واتادار، کە هایدگەر ناوی ناوە تێگەیشتن و فامکردن. ئەویتر بارودۆخ و باری دەروونیی دازاین کە ئەو دەکەوێتە ناویانەوە و لەوێوە لەگەڵ جیهاندا بـەرەوڕوو دەبێتەوە، سێهەمیشیان پێکهاتەی ئەگزیستانسیالی دازاینە لە جیهاندا. دەربڕینی تێگەیشتنی دازاین، لەو جۆرە هەبوونەدایە، پێکهاتەیەک کە رێگەپێدان و

دەرفەت و توانا بە دازاین دەدات، باس لە خۆی و ئەو شتە بکات کە تێی گەیشتووە و بە ئەوانیتریش بڵێت. قسەکردن و باسکردن هەر یەک شتن و پێویستیان بە بیسەرێکە، بۆ ئەوەی راڤەیان بکات. واتا بەبێ بیسەرو بەستێن نابێت و لێیان بێنیاز نییە. بۆ بەردەنگیش شتێکی نامۆ نابێت، کە تەنیا هەوڵبدات کە لێی تێبگات. لەگەڵ ئەوەشدا راڤەی دازاین بە باسکردن لە خۆی، واتا لە دازاین بیچم دەگرێت. پەیوەندیی رۆژانەش بەپێی لێچووی دیکارتی شتێکی ئەستەم و مەحاڵە، ئەوەی کە پەیامێک لە زەینێکی دوورەپەرێز و گۆشەگیرەوە بنێردرێت بۆ مێشکێکی دیکە. پەیوەندیی زمانی تەنیا لەسەر بنەمای پاشخان یان جیهانێکی هاوبەشەوە بەدی دێت و کردەنییە. ئەو جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە «بیستن خاڵێکی گرنگە لە قسەکردندا». هەر لەو بەرهەمەشدا چەندجارێک ئاماژە بەو خاڵە کراوە کە زمان شتێکی وا نییە کە درەنگتر لە هزر و ئەزموون بەدیبێت و سەر هەڵبدات. زمان رەنگدانەوەی شتێکی راستەقینەیە کە بوونی دازاینە، بەو شێوەیە زمان پێگەیەکی بنەڕەتی لە پێکهاتەی بنەمایی دازایندا هەیە.

**شیعر گەوهەری زمانە**

بە رای هایدگەر، شیعر جۆرە دەربڕینێکی ئەدەبی نییە، بەڵکو لە گەوهەری خوڵقێنەرەکەیدا روخساری زمانە. رێگەیەکە بۆ ئەوەی زمان وەکو گەوهەری بنەڕەتیی بوونی مرۆڤ دەر بکەوێت. دیارە لەگەڵ «فۆتی»ی نووسەری «هایدگەر و شاعیران» دەبێ ئەوەیشی لێ زیاد بکەین کە وشە ئاڵمانییەکانی شیعرو شاعیری، هاو واتای شیعر و شاعیریی( Poety)ی ئینگلیزی نییە، بەڵکو لە واتا یۆنانییەکەی شیعر واتە «پۆیسیس» نزیکترن.

هەرچۆنێک بێت زمانی رەسەن و شاعیرانە، لە زمانی رۆژانە جودایە. زمان کە رێگەی رەسەنی ئێمەیە، ئێمە بەرەو کوێرە رێگە تاریک و نەناسراوەکان پەلکێشدەکات. خۆی وەک ئامراز و وەک شتێکی کەوی و دەستەمۆ و خزمەتکار دەنوێنێت، بەڵام ئەوە دژی گەوهەری زمانە. زمان کاتێک لە شیعر دوور دەکەوێتەوە، دەبێتە زمانی رۆژانە و زمانی زۆربلێیی. ئێمە بە گشتی زمان دادەبەزێنینە ئاستی ئامرازێکی دەربڕینی هزرو بیر، لە حاڵێکدا «زمان ئامرازێک نییە بە دەست ئێمەوە. رووداو خولقێنێکی سەربەخۆیە کە دەرفەت بۆ توانا بەرزەکانی بوونی مرۆیی دەڕەخسێنێت».

هایدگەر توانا و کاراییە جۆراوجۆرەکانی زمانی وەلا نەناوە، بەڵام دەڵێت: گرنگترین کاری زمان ئەو پەیوەندییەیەتی کە لەگەڵ بووندا هەیەتی. راستە، زمان وەک ئامراز کۆمەڵە کارێک دەکات، بەڵام ئەوە رۆڵی سەرەکیی زمان نییە. ئێمە بە زمانەوە دەژێین و هەر بەزمانیشە کە بە شێوەیەکی خۆنەویستانە و بێ ئامانج و مەبەستێک، بە بیستنی خۆمان، شێوە بە جیهان دەبەخشین. هایدگەر ئەو بەخشینی ئەو شێوەیەی ناوناوە شێوەبەخشینی شاعیرانە. گرنگ ئەوەیە کە ئێمە وەک بوونەوەری زەوینی و جیهانی، لە زماندا نیشتەجێین و دەژین و هەین. ئێمە لە رێگەی زمانەوە ساز دەبین: «ئەوە ئێمە نین کە یاری بە وشەکان دەکەین، بەڵکو گەوهەری زمانە کە یاری بە ئێمە دەکات، مرۆڤ دەبێ تێبکۆشێت بۆ ئەوەی بەراستی لە زماندا ژیان بەسەرببات». لە جیهانێکدا کە لەسەر بنەمای چڕبوونەوەی تەکنەلۆجیا دامەزراوە، لایەنی ئامرازبوونی زمان بەردەوام بەهێزتر دەبێت. لەم جیهانەدا زمان بووەتە دەربڕینی رۆژنامەیی، یان راگواستنی زانیارییەکان، یان کردەی دادوەری و بڕیاردەرانە. شێوازی تەکنیکی، وشەکان دەکاتە دەستەواژە، واتە دەیانکاتە کۆمەڵێک وشە کە بەرەو تاک واتایی دەڕۆن. وشەکان دەبنە

کۆمەڵێک هێما کە ئیتر لە پەیام گەیەنەر و یەکەیەکی زانیاری بەولاوە هیچ نابن، وشەکان ئەگەر ببنە ئامراز، ئیتر نابنە خوڵقێنەری هزرو بیر. بەو جۆرە بە سەردەمی تەکنەلۆجیادا «رێزمان و سیستمی وشەکان» دەبنە کردەی سیاسی و ئەخلاقی. هایدگەر تەنانەت چووەتە پێشتریش و نووسیویەتی: «ژیانی هەر زمانێکی راستەقینە، لە فرەواتاییەکەیدایە. کەمبوونەوەی وشە بزۆک و فرەواتا و وردەکـان، داکشانیان بەرەو جووڵەیەکی وەک یەک و میکانیکی و بەرنامەداڕێژراو لە هێماکان، بە واتای مەرگی زمان و هەڵوەشانەوەی دازاینە». هزر و زمان، وەکو ژیانی رۆژانە حەزییان لەوەیە کە خۆیان بدەنە دەست مەترسیی گشتگیرەوە «مەترسیی گشتی». هایدگەر لە «بە چ شتێک دەوترێت هزر»؟. دەریخست کە هزر و زمانیش، لە ئاشکراکردن و دەرخستنی بوون دوور دەکەونەوە و بەرەو هزرە گشتگیرە ئاسایی و نزمەکان و بەرەو مانا هاوبەشەکان دادەکشێن و بەو ئاقارەدا دەچنە پێشەوە.

* دوو دەستەواژەی دەکارکردن و دەکارهێنان لە ناوچەی موکریان بۆ دوو واتای جیاوازو زۆر لێک نزیک کەڵکیان لێوەردەگیرێت. بۆ وێنە کە دەچینە لای وەستایەکی بیناساز پێت دەڵێت: هەرچی کەرەسەی باشە بەکارهێنراوە و هەرچی ئامرازی باشە دەکارمهێناوە». بۆ شکاندن و بڕینی بەردەکان ئامێری کارەباییم دەکارهێناوە و بۆ سازکردنی ئەو خەرینە چیمەنتۆ و چەند کەرەستەیەکی دیکەم بەکار کردووە. وشەیەکی دیکەش هەیە و لەوانە نزیکە ئەویش «لەکارکردنە» کە بە مانای دابڕینی کەسێک دێت لە کارەکەی. بۆ وێنە دەڵێن: فڵانە کەسم لەکار کرد، واتا نەمهێشت کارەکەی بکات.

# هایدگەر و هۆسرێل
# پێشەنگی ئێگزستانیسالیزم

ویل و ئارێل دۆرانت
لە فارسییەوە : سەرهەنگ عەبدولڕەحمان

وێڕای ئەمە لە ئێگزیستانسییالیزمی هایدگەرو سارتەردا بوونی مرۆڤ لەدوای (مردنی یەزدان) دەبێتە جێگەی توێژینەوە، واتا تەنهایی و دڵەراوکێی تاکەکەس لە دنیایەکی خاڵیی لە ڕێنومایی خودایی و بەهای ئاکاریی.

ئێگزیستانسیالیست هەمیشە شێوازی سروشتخوازی (ناتورالیستی)لە ڕوانگەی ژیانناسی و مێژووییەوە ڕەتدەکاتەوە و هانی ڕوانگەی دیاردەناسی (فینومینۆلۆژیا)دەدات لە ڕوانگەی گەیشتن بە هۆشیاری و گەیشتن بە واقیعیەتی بینین، وەکو دیاردەیەک کە بەسەر هۆشیاریدا ڕوودەدات، ئێگزیستانسیالیزم لە ڕووکەشدا زۆر شێوازی هەیە و ئەم شێوازانە تەواو جیاوازن لەوەی کە بتوانرێت ئێگزیستانسیالیزم لە گوزارشتێکدا کورتبکرێتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی کاتی ئێمە بوونگەرایی بە فەلسەفەی هزری تاکەکەس لە ڕووبەڕووبوونەوە بە دنیای هاوچەرخ پێناسە دەکەین.

چەندین ئەندێشە پێکەوە یەکانگیر دەبن تا ئێگزیستانسیالیزم بەرجەستە بکەن، هیراکلیت پێنج سەدە بەر لە زایین، باس لەم بابەتە دەکات. هیچ شتێک هەبوو نییە، بەڵکو هەموو شتێک (لە حاڵەتی بوون) دایە، هەموو شتێک لە هەر ساتێکی تر ئەو شتە نییە کە لەساتی پێشووتردا هەبووە و دەبێتە شتێک کە لەم ساتەدا نییە، لەم (ڕەوتە هەمەکیەدا) دیاردەی ماهیەت لە کوێیە؟ ڕەوتێکی بەردەوام و گەیشتنە بە لوتکە، یەکێتییەک لە دژایەتی دروستدەکات. جەنگی دژەکان باوکی هەموو شتەکان و سەرچاوەی، سارتەر لە تیۆرەکانی هیراکلیت و لە تەواوی واقعیەت بەو ئەنجامە دەگات

که هەموو شتێک پێکهاتەیەکە لەبوون و نەبوون (هەبوون و عەدەم).

کیرکەگۆر، هایدگەرو سارتەر لە دەستەواژەی ((من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم))ی دیکارت (1637)، ئەمە هەڵدەهێنجن کە هۆشیاری مرۆڤ سەرچاوەی بنەڕەتی و خاڵی سەرەتای لۆژیکی فەلسەفەیە لەوەی کە بیرکردنەوە واقیعێکە کە راستەوخۆ لە هەر شتێکی تر لەسەرمان ئاشکرا دەبێت و لەوەی کە واقیعەکانی دەرەوە تەنیا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆو دوو دڵیەوە لەرێگەی دەرکەوتنیانەوە لەسەر ئەندێشەمان هەستی پێدەکرێت، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە توێژینەوەی راستی جۆری مرۆڤ، توێژینەوەیەکی هزرییە و تیۆرەکانی وەکو ماددەگەرایی (ماتریالیزم)و جەبرگەرایی کە لە توێژینەوەی کەرەستەی دەرەوە سەرچاوە دەگرێت، بەسەر دونیای نامادی هۆشیاری و ئیرادە و ئەندێشەدا بەرامبەر دەبێت، وزەو توانای خۆی لەدەستدەدات.

پاسکاڵ (1623–1662)، باوەڕی بە هەڵبژاردن هەبوو، هەر ئەم بابەتەش ئەوەی خستە ترسەوە. بە بۆچوونی ئەو (هەڵبژاردن) دیارییەکی ناموبارەکی خوداوەندە بۆ مرۆڤ، کە گوناهە و وێڕای ئەمە بەرپرسیاریەتی، تاوان، دڵەڕاوکێ و نەفرەت لەخۆ دەگرێت.

بە بڕوای پاسکاڵ، مرۆڤ بوونەوەرێکی ئێجگار سەیرو نامۆیە، لە نێویدا سیفاتەکانی فریشتە و ئاژەڵ کۆدەبێتەوە. ((مرۆڤ چڵەقامیشە، لاوازترین شتە لە سروشتدا)) کە هەیەتی و وایلێدەکات دەرک بەوە بکات، کە خاوەنی هێزی فیکری و وزەگەلێکی ئەخلاقی و راچەنین گەلێکی ئایینیە، ئەمانەش ئەگەر مانایەکیان هەبێت، مانای رەوشێکی ئەگەر راستبێ بڵێین خوداوەندییە، بەڵام ئەزموون بۆی دەردەخات کە سەرباری ئەوانەش خاوەنی لەشێکی لەناوچو و هەڵچونێکی توندو ئارەزوو گەلێکی نەخۆش و نەنگی

گەلێکی ناشرینە، توانای باڵاترین هزرو نزمترین هەستی هەیە، کەواتە بوونەوەرێکی دووفاقە، مادامەکی کە دڵ و دەروونی بە ئیمان ئاوەدان نییە درک بەخۆی ناکات (1).

پاشان هیگڵ بە نقومبوون لە فەلسەفەی هیراکلیتی دیسانەوە (بوون) ی هەمیشەیی دۆزییەوە، واتا (ئێستا) کە هەمیشە لە رابوردووەوە سەر دەردەهێنێ و لە ئایندەدا بزر دەبێت، بە وتەی هیگڵ: ((بوونی پەتی)) نەزانراوو نادیارە وەکو (نەبوون)، ئەم دوو واژەیە چەمکێکی پەتی و چونیەکن، تەنها هەنگاو کە بوون دەبێتە (شت) واتە دەبێتە شتێکی تایبەت ، یان حاڵەتێکی هزری تایبەت، گەیشتنیەتی بە بوون، وێڕای ئەمە نابێت بوترێت کە ((بوون بوونە))، بەڵکو دەبێ بوترێت ((دێتە بوون)). تەوژمی دیالەکتێکی واتە جوڵەیەکی رێکوپێک و لۆژیکییە لە سروشتدا، دیرۆک و هزرە، هەر قۆناغە بەشێوەیەکی لۆژیکی، لەرێگەی (بیرۆکەیەک)و ئاوێتەبوونەوە دەگۆڕێت کە بە نۆبەی خۆی دەبێتە (دژە بیرۆکە) یان خاڵی دەستپێکی کامڵبوون دواتر بۆ گەشەی هۆشیاری و عەقڵ.

کیرکەگۆر لە کاردانەوەی لەسەر هێگڵ هەبوو کە یەکەم شێوەی ئێگزیستانسیالیزمی راگەیاندو لەسەر رێبازی هیگڵیش بوو کە سارتەر (بوون و نەبوون)ی پێکەوە یەکخست تا (دنیا) بهێنێتە بوون.

رووداوی ناسەرەکی و کەم بایەخ رەوتی بوونگەرایی ماتەمکرد، لە رۆمانی (برایانی کارامازۆف)ی دیستۆڤیسکی لە سالی (1880)دا، ئەیوان بەرهەڵستکارییەکی سەرسورهێنەری لە فەلسەفەدا خستەڕوو، ((ئەگەر یەزدان نەبێت، هەموو شتێک رێپێدراوە)). ئەم قسەیە بەم مانایەیە کە بنەمای ئاکاری بەبێ پاڵپشت بە باوەڕی چاودێری و سزای ئیلاهی کاریگەری نابێت. مەگەر ئەوەی کە لەسەر هەر مرۆڤێک چاودێرێک دابنرێت، ئەوەش

شایستەی قبووڵکردن نییە، ئەمە مەسەلەیەکە کە ئێگزیستانسیالیزم نەیتوانیوە چارەسەری بکات. برگسۆن لە کتێبی (پەرەسەندنی داهێنەرانە)دا (1906)و بەرهەمەکانی تری (زانستی میکانیکی ) رەتدەکاتەوە و ئیرادەی ئازاد بە پەسەند دەزانێت و هۆشیاری بەپەناگەی فەلسەفە رادەگەیەنێت، هایدگەر لەژێر کاریگەری دیستۆڤیسکی بوو، سارتەریش لەژێر کاریگەری برگسۆن و (هایدگەرو سارتەر)یش هەردووکیان لەژێر کاریگەری ئیدمۆند هۆسرێلدا بوون.

هۆسرێل کاتێک کە لە زانکۆی وتینگن و فرایبۆرگ وانەی دەوتەوە بەواتا ((هەبوون)) هەر شتێک کەهەیە، ئەم (هەبوونە) گوزارشتە لە (بوون) ێک داماڵراو لەهەمو جۆرە ئاماژەیەکی دیاریکراو، یان شێوازێکی تایبەت، بوونی تەواوزاتی کە (خۆی لەخۆیدا زات نییە) هایدگەر  لە کتێبی (بوون و کات)دا، مەسەلەی بوون وەکو پرسیار بۆ یەکەمجار لەمێژووی فەلسەفەدا دەخاتە روو، دەگاتە لوتکە (ترۆپک) مرۆڤ ئاژەڵێکی میتافیزیکیە ، تا ئەو جێگایەی دەزانین، هیچ ئۆرگانیزمێکی تر هەرگیز تا ئاستی پرسی ( بوون چییە؟) سەرەو خوار ناکات.

هایدگەر دەڵێت ئێمە (بوون) راستەوخۆ لەرێگەی هۆشیاری خۆمانەوە، بەشێوەی (بوون)ی ناڕۆشن، بەڵام کارتێکەر ((من بیردەکەمەوە، کەواتە هەم))ی دیکارت دەناسینەوە.

هۆسرێل راستدەکات کە تەواوی فەلسەفە پێویستە فینۆمۆلۆژیانە بێت، فەلسەفە پێویستە خوێندنەوە بێت بۆ هزر، یاخود ئەو واقیعانەی بە شێوەیەک کە لەسەر هزر ئاشکرا دەبن، هۆشیاری تاک راستەوخۆترین و ناچارترین تەواوی واقیعەکانە، هایدگەر تاکەکەس و لە هەموو شتێک زیاتریش هۆشیارییەکەی بە (بوون) ناودەبات، هەر کەسێک بەر لەوەی

کە لەبنەڕەتدا شتێک لە ماهیەتی خۆی بزانێت، بوونی خۆی دەناسێت، چونکە ماهیەتی مرۆڤ وەکو تاک بە شێوەیەکی چڕو سات بەسات لەگەڵ ئەزموون و کاردانەوەکانیدا درووستدەبێت، ماهیەتی مرۆڤ، مێژووی ئەو هەموو رابوردووەیە کە هەیەتی، بەڵام ناتوانین خود وەکو تاکێکی پەتی دەرک بەخود بکەین. ((دۆخی بنەڕەتی بوون، بوونە لەجیهاندا))، هەموو هۆشیارییەک لە واقیعیەتی دەرەکی خۆی بەئاگایە. بە بڕوای هۆسرێل، هۆشیاری ئامانجدارە، ئاگابوون ئاماژەی بە بوونی نـاوەڕۆک و وزەی پەیوەست بە تاکەوە هەیە، هۆشیاری دەتوانێک شتێک بە (نەفیکرد-گۆڕین بۆ هیچ ئەوەی پەیوەست نییە بە شتێکی لەبەرچاوەوە، لە ژینگەی خۆیدا بسرێتەوە).

هۆشیاری دەتوانێت زەمەن گرژ، یان خاو بکاتەوە، هەروەها دەتوانێ بۆ رابوردوو ئایندە بەناوی ((زەمەنی ئێستا))وە وەکو بڵێی ئێستایە بیر بکاتەوە، بەڵام هۆشیاری سەربەزەمەن گۆڕدراو وەستاوەتە سەر لەناوچوون و مەرگ.

هەر یەکێک لە ئێمە لەژێر دەسەڵاتی چەمکە رووداوداین، بەڵگەیەک لەبەردەستدا نییە کە دەبێت نیشانبدات بۆچی هاتبینە دنیاوە، ئێمە رێکەوتێکی ئەبستراکتین، بەهیچ جۆریک لە کۆمەڵەی کەرەستەی پێویستدا نین، بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لە خۆمان هەڵدراوینەتە ناوبوون و بەبێ پرسکردن بەخۆمان لێی دەچینە دەرەوە، لەم (هەڵدان و فرێدانە) بێزارین و لە مانەوەی خۆشماندا ئازار دەچێژین و دەتوێینەوە.

بیرکردنەوە لەمردن، ناچار ژیانمان رەشدەکات، گەرچی خۆمان ئاڕادەیەک هەست بەسەربەستی دەکەین، بەڵام ئەم سەربەستییە باری شانمان قورستر دەکات، چونکە دەتوانین بڕوانینە رابوردوو داهاتوو((ئێمە

لەگەڕان داین‌و تینووی) دڵگەرمی و ئاسوودەیین، لەناو کۆمەڵدا دەژین، بەڵام هەر یەکێک لەئێمە لە بنەمادا هەست بەتەنهایی و لەکۆتاییدا هەست بە داماوی دەکەین، بارودۆخی ئێمە لە سەدەکانی یەکەم خراپتره، چونکه ئێستا بۆ زۆرێک لەئێمە (یەزدان ئیتر خودایەکی زیندوو نییە) گۆڕەپانی بوون ناکەسییەو ئیتر نەپەناگەیەک بوونی هەیەو نەبەڵێنی رزگاربوون، ئێمە کەئاگاداری ڕوودانی لەناوچوونی خۆمانین، ژیرانەترین کاردانەوەمان قبوڵکردنی کۆی چارەنووسی خۆمانە وەکو بەشێک لەڕێکخستنی سروشت‌و خاڵی هاوبەش بۆ هەموو مرۆڤەکان، دەتوانین بەحەزی ((بوون لەگەڵ خەڵکانی تردا))و وەرگرتنی بەرپرسیاریەتیەکان‌و سەرنج و چاودێری کەسانی دەوروبەر، ئارامی بەتەنهایی خۆمان ببەخشین، هەروەها دەتوانین بەچاوپۆشیکردن لەچێژە دنیاییەکان و پابەندبوون بە ئاکاری گرێدراو بەخۆمان گوناهەکانمان کەمبکەینەوە (پابەندبوون بە کۆمەڵێک لە یاساکان بەرزترین شێوەی ئازادییە).

وەکو سوپاسێک لە ئەندێشەکانی، لە بەرواری (28 مایسی 1933) دا، ئەنجومەنی باڵای زانکۆی فرایبۆرگ، هایدگەر بە سەرۆکی زانکۆ هەڵبژارد، بەڵام ئەو پاش ساڵێک دەستی لەکارکێشایەوە، تا کاتی خۆی بەوانەوتنەوە بەسەر بەرێ، ئینجا پەیوەندی کرد بە پارتی ناسیۆنال سۆسیالیستەوە و داوای لە خوێندکارەکانی کرد تا ئەدۆلف هیتلەر وەکو (واقیعیەتی ئێستاو ئایندەی ئاڵمانیا)و وتەکانیشی وەکو (یاساو رێسا) قبووڵ بکەن.

لە رەوتی پێگەیشتنی بوونگەراییدا لە (هایدگەرەوە تا سارتەر) دوو کەسایەتی کەم بایەختر دەرکەوتن ئەوانیش کارل یاسپەرس و گابرێل مارسێل بوون، کارل یاسپەرس (1883–1969) مامۆستای فەلسەفە لە

هایدبێرگ ساڵی (1931) کتێبی (بارودۆخی رۆحی زەمەن)ی وەرگێڕانی ئینگلیزی، مرۆڤ لە چەرخی نوێدا (1933) و لە ساڵی (1938)دا فەلسەفەی بوونگەرایی بڵاوکردەوە.

ئەو هەردوو قوتابخانەی پۆزەتیفخوازی (ئەرتینی خوازی)و رەفتار گەرایی رەتکردەوە کە هەوڵیاندا بوو هۆشیاری لەبەرچاو نەگرن، هەروەها ئایدیالیزم کە حاشای لە بوونی دنیای دەرەکی و حاڵەتێکی تەواو هزری دەکرد، مرۆڤی بە پێکهاتەیەک لە هزرو جەستە وەسف دەکرد کە ئیرادەی ئازاد، بەڵام سنوودار و بە بۆماوەیی و ژینگەیی هەیە. یاسپەرس هەستی دەکرد، کە ئەمڕۆکە مرۆڤ بە تایبەت بەهۆی جڤاتی شاری و پێداویستیە تەکنەلۆژییە پیشەسازییەکانی ژێر دەسەڵاتی (یەکدەست بوون) وەستاوە.

ئازادی خودی تاک هەستی بەرپرسیاریەتی، گوناە و لەخۆ نامۆبوونمان دەداتێ، ئەم هۆکارانەش لەگەڵ ترسان لە مردن، ئێمە بۆ پەیدۆزی و یارمەتییەکانی میتافیزیک رادەکێشیت، نابێت باوەڕی گشتی بە یەزدان لاواز بکەین. لە راستیدا کەم و کوڕی زانستی ئێمە نیشانەیە لەسەر بوونی (بونێکی باڵادەست) کە هاوکێشەی نارۆشنی چەمکی (یەزدان)ە، لای فەیلەسوفان، لەساڵی (1937)دا حکومەتی ناسیۆنال سۆسیالیستی (نازی) یاسپەرسی لە پلەی ئوستادی دوورخستەوە، ئەو بۆ ماوەی هەشت ساڵ ناوی نەما، تاوەکو دوای رووخانی رژێمی هیتلەر سەرلەنوێ پلەی خۆی بەدەستهێنایەوە.

گابرێل مارسێل دەگەڕێتەوە بۆ چەمکی بابەتی فەلسەفەی کیرکەگۆر، واتا گەڕان بەدوای خودایەکدا کە مانا بدات بە ژیانی مرۆڤانە و پشتی پێببەستێت، ئەو لەساڵی (1889)دا لە باوکێکی فەرەنسایی‌و دایکێکی جولەکە هاتوەتە دنیاوە، چەندین ساڵ بە نەخۆشیەوە تلایەوە، تا خۆی چارەسەر کرد، پاشان لەسەر داخوازی خاچی سوور بەشداری لە جەنگی یەکەمی

جیهانیدا کردو هیچ کاتێک نەیتوانی دیمەنی دڕندانە و ئازار بەخشی جەنگ فەرامۆش بکات. لە کتێبی (رۆژنامەی میتافیزیک 1927)دا بە باسی باوەڕێکەوە سەرقاڵ دەبێت، کەوا دێتە بەرچاو تەحەموولی شەڕو پوچی دەکات، فرانسوا مۆریاک نووسەری ئەو رۆمان و وتارانەی کە هۆگرایەتی کاسۆلیکیانەی هەبوو لێی دەپرسێت (بۆچی پەیوەست نابێت بە ئێمەوە؟).

دواتر لە کتێبی (بوون و هەبوون) نائومێدی فەلسەفەی هاوچەرخی بە سەرچاوەی ئەوە لەقەڵەمدا، کە پێشبرکێی بەدەستهێنانی کاڵا ماددییەکان جێگەی ئاینی گرتوەتەوە. کەسایەتی مرۆڤ بووەتە قوربانی سامان و دارایی، رۆحی مرۆڤ لەناو پێچ و خولی ئەو ئامێرانەدا کە ئەوییان گۆڕیوە بە ئامێرێکی پەیوەست بە ئامێرەکانی تر، وردوخاش بووە.

(عەشق هەروەکو هۆکارێکە کە باری نێوان (خـود)و (ئەوانی تر) دەشکێنێت، فراوانکرد، پەیوەندی و هەماهەنگی کە بوونمان دەوڵەمەند دەکات، زۆر ژیرمەندانەیە.

کاتێک کە سارتەر کتێبی (بوون و نەبوون 1943)ی بڵاوکردەوە، تیایدا پەیوەندی ئاسایی نێوان و مرۆڤ و مرۆڤی بە چەشنێکی ناکۆک راگەیاند و جەختی لە پوچێتی و رەنج و بێهودەیی ژیان کردەوە و قسەی لە نەمانی تەدریجی خودا کردەوە، مارسێلیش هێرشی کردە سەر، بەو بەڵگەیەی کە بەبێ پەروا پشتیوانی ئایینی سیستمی کۆمەڵایەتی و کەسایەتی مرۆڤ لەناودەبات. بە بڕوای مارسێل، ژیاری نوێ تەنیا بەپابەندبوون بە کەنسیەیەکی بە دەسەڵات و باوەڕی بەهێز دەتوانێت خۆی لە تەوژمی گومان و دوودڵی، ململانێی چینایەتی، جەنگە پڕ ئاشووبەکان، هەروەها لە هەڵوەشاندنەوە رزگار بکات. سارتەر هەر بەردەوام بوو لەسەر هەڵوێستی خۆی و لە بیرکردنەوەشیدا هەروەکو هایدگەر ئێگزیستانسیالیزم بە شێوەی

توێژینەوەی (فینۆمۆلۆژیایە) بوونی مرۆڤ بێ یەزدان بەرجەستە بوو.

**سەرچاوە:**

(تفسیرهای زندگی- ویل داریل دۆرانـت، وەرگێڕانی بۆ فارسی: ئیبراهیم مشعری-باستان (1377).

1 -پاسکاڵ (ژیانی- فەلسەفەکەی-هەڵبژاردەیەک لە نوسینەکانی) نوسینی ئاندرێ کریسۆن- وەرگێڕانی بۆ کوردی: سامان عەلی-دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (2002).

# هایدگەر و پەیوەندی بە نازیزمەوە

**David Desmond**

**لە ئینگلیزییەوە: شاسوار کەمال مەحمود**

ئەکادیمیای ئاڵمانیا ساڵی (1930) پارتی نەتەوەیی سۆسیالیزمی قبوڵکرد. مارتن هایدگەر گەورەترین فەیلەسوفی ئەوکاتەی ئاڵمانیا، ساڵی (1934) پەیوەندی دەکات بە پارتی نەتەوەیی سۆسیالیزمەوە(نازیزم). پەیوەندی هایدگەر بە نازیزمەوە مشتومڕێکی زۆری لەسەرە، لەبەر گرنگی بۆچوونە فیکریەکانی ناوبراو، بەتایبەتی لە فەرەنسا و ئاڵمانیا. پەیوەندی هایدگەر بە نازیزمەوە هێندە جێگای گرنگ نییە، بەئەندازەی ئەوەی وەک فەیلەسوف پەیوەندی بەو رژێمەوە هەبێت، کە سەرچاوەی ئەو ترس و تۆقاندنە بێت لە کۆمەڵگای ئاڵمانی و پاشان ئەوروپیدا. شیکردنەوەکان بەردەوامن سەبارەت بە سروشتی پەیوەندی هایدگەر بە نازیزمەوە.

مارتن هایدگەر (29)ی ئەیلولی ساڵی (1889) لە شاری (Badan) لە خێزانێکی پارێزگاری کاسۆلیک لەدایکبووە. باوکی هایدگەر یەکێک بووە لە سەرکردە دیارەکانی کڵێسای کاسۆلیکی لە شارەکەدا. هایدگەر لە ماوەی ساڵانی (1909–1911)دا لە زانکۆی ( Freiburg) دەستیکرد بە خوێندنی تایبەت بەو بوارە، بەڵام بەهۆی توشبوونی بە نەخۆشی، نەیتوانی خوێندنەکەی تەواو بکات، پاشان لە هەمان زانکۆدا دەستیکرد بە خوێندنی فەلسەفە لەسەر دەستی فەیلەسوفی بەناوبانگ (ئیدمۆند هۆسرێل– Edmund Hurssel) دامەزرێنەری فەلسەفەی دیاردەگەرایی. دواتر هایدگەر دەستیکرد بە وتنەوەی وانەکانی ئاینزانی لەو زانکۆیە و  وردە وردە لە کاسۆلیکیەت دوورکەوتەوە و تەواوی وزەی خۆی بۆ فەلسەفە تەرخانکرد.

ساڵی (1923) هایدگەر بوو بە مامۆستای فەلسەفە  لە زانکۆی (Marburg) تا ساڵی (1928) لەو زانکۆیەدا مایەوە، دواتر چووە زانکۆی(Freiburg) و لە شوێنی مامۆستاکەی ئیدمۆند هۆسرێل بووە سەرۆکی بەشی فەلسەفە، تا ساڵی (1933) لە وانە وتنەوە بەردەوام بوو، ئەو کاتەی بووە سەرۆکی زانکۆ، لە 1 ئایاری ساڵی (1933)دا هایدگەر پەیوەندی دەکات بە پارتی نەتەوەیی سۆسیالیزمەوە. دوای ئەنجامدانی پرۆسەیەکی پاکسازی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە ساڵی (1934) دەستی لە پۆستی سەرۆکی زانکۆ هەڵگرت، بەڵام هایدگەر پەیوەندی لەگەڵ پارتی نازیدا هەر دەمێنێت و ئابوونەی دیاریکراوی خۆی دەدات تا ساڵی(1945). هایدگەر بەردەوام بوو لە وانەوتنەوە لە زانکۆ تا ساڵی(1944). دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم هێزەکانی هاوپەیمانان ریگەیان نەدا چیتر لە زانکۆ وانە بڵێتەوە، بەڵام هیچ سزایەکی دیکەیان نەدا، چونکە بە بۆچوونی ئەوان پەیوەندی هایدگەر بە نازیزمەوە بۆ کاری خراپ بەکار نەهاتووە.

ساڵی (1927) هایدگەر پەرتووکی ( بوون و کات- Being and Time) ی بڵاوبۆوە و زۆر زوو ئەم پەڕتووکە چووە خانەی پەرتووکە گرنگەکانەوە. هایدگەر کاریگەر بوو بە فەیلەسوفەکانی پێشخۆی لەوانەش: (سوکراتییەکان، نیتچە ،کیرگارد، هۆسرێل). بە بۆچوونی لێکۆڵەرەوان هایدگەر شوێنپێی مامۆستاکەی (هۆسرێل)ی گرتووە لەبواری دیاردەگەرایدا. بەهۆی کاریگەریشی بە کیرکەگۆرەوە هەندێکی دیکە لە لێکۆڵەرەوان بە بوونگەرا دەیناسێنن. لەگەڵ ئەمانەشدا هایدگەر پێیوایە بواری سەرەکی فەلسەفەکەی بریتیە لە زانستیی بوون.

هایدگەر بڕوای وابوو ئامانجی مرۆڤ بریتیە لە ناسینی ئەزموونەکانی بەو شێوەیەی بیریان لێدەکاتەوە، پاشان گەڕان بەدوای (بوون) لە دنیادا.

مرۆڤ بوون پەیوەندییەکی تایبەتی هەیە بە جیهانەوە، هەر مرۆڤێک پێویستە جیاواز سەیر بکرێت، بۆ ئەوەی بگات بە ژیانێکی رەسەن. ژیانی نارەسەن بریتیە لەوەی مرۆڤ هەڵبدرێتە ناو دنیایەکەوە و ونبێت تیایدا و لە ئەنجامدا پەیوەندی بە بوونەوە نەمێنێت. تێگەیشتن لە مانای بوون یەکسانە بە ژیانێکی رەسەن.

زۆربەی فەیلەسوفەکان ( بوون و کات) بە کارێکی سیاسی دادەنێن، بەڵام پێیانوایە بۆچوونەکانی ئەو کتێبە کاریگەرییان هەبووە لەسەر هاریکاریکردنی هایدگەر لە داهاتوودا لەگەڵ نازییەکاندا. زۆربـەی فەیلەسوفەکان بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانیان دەگەڕێنەوە سەر نووسینە بەراییەکانی هایدگەر. لەم بارەیەوە (ڤینسنت فاریەس–Vincent Farias) لە کتێبی (هایدگەر و نازیزم)دا دەڵێت «نیشانەکانی رووکردنە نازیزم لە پەرتووکی ( بوون و کات)دا بەروونی دیارە». هەرچەندە ئەم کتێبە لەلایەن فاریەس و زۆربەی لێکۆڵەرەکانەوە هایدگەر وەک کتێبی فەلسەفەی نازیزم نەناسێنراوە، بەڵام پێیانوایە ئەو کتێبە چەند بیروبۆچوونێکی تێدایە کە خزمەتی ئامانجەکانی بزوتنەوەی نازیزمی کردووە. فاریەس لە (هانس ئێبلینگ -Hans Ebling) دەگێڕێتەوە «بە ئەندازەی تامەزرۆ بوون بۆ ئاژاوە و ئانارشیزم کە لە پەڕتووکی ( بوون و کات)دا هەیە، ئەوەندەش تامەزرۆ بوون بۆ وڵاتێکی تۆتالیتاری هەیە لەلایەن هایدگەرەوە لە کاتی پێشکەشکردنی وتاری بوون بە سەرۆکی زانکۆ. لە هەردوو حاڵەتەکەدا قبووڵکردنی بەرامبەر بە شێوەیەکی یەکسان ونـە. هەر لەبەر ئەو هۆیەشە کەسی بەرامبەر بێبەزەییانە دەچەوسێنرێتەوە. هایدگەر نەیدەتوانی تاسەر کەسێکی سیاسی بێت. ئەو پێی وابوو: فەلسەفە کرۆکی هەموو دسپلینەکانە وەک: مێژوو، زانست، سیاسەت...هتد، لەگەڵ ئەوەشدا هایدگەر فەیلەسوف بوو، نەک سیاسی،

ئەو خۆی خزاندبووە ناو کایەی سیاسەتەوە بۆ بەدەستهێنانی واقیعێکی نوێ دەربارەی ئاڵمانیا. هەندێک لە لێکۆڵەرەوان پێیانوایە هایدگەر کەسێکی هەلپەرست بووە، ئەو بۆیە پەیوەندی کردووە بە نازیزمەوە بۆ ئەوەی دەست بەسەر زانکۆدا بگرێت و لەوێشەوە پەروەردەی نەوەکانی داهاتوو بکات. هەندێکی دیکەش پێیانوایە ئەوەندەی مەبەستی بووە لە نازیزم بینیویەتی.

لە (26)ی مایسی (1933)دا هایدگەر لە یادی مردنی (Albert Schlageter) کە لە بەرگریکردن لە داگیرکاری فەڕەنسیەکاندا کوژرا وتارێک پێشکەشدەکات، تیایدا هاتووە: «ناوبراو لە زەمەنی تاریکی و زەلیلی و خیانەتدا کوژرا». ئەو لە وتەکەیدا راستەوخۆ باسی گەڕانەوەی شەرەف و شکۆمەندی کرد لە داهاتوودا. بە بۆچوونی فاریەس ئەم نوسینانە سەرەتای رێگای هایدگەر بوون بەرەو نازیزم. فاریەس پێیوایە مەزاجی بوون بە نازی لەلایەن هایدگەرەوە، دەگەڕێنەوە بۆ کاریگەری ئەو گۆڤار و دەزگا ئایدۆلۆژیانەی هایدگەر تێکەڵیان بوو، لە کاتێکدا نازیزم بەرەو گەشانەوە هەنگاوی دەنا، بەڵام ئەم بۆچوونە بازدانە بەسەر زۆر شتدا، چونکە مەرج نییە مرۆڤ کە لە ژینگەیەکی تایبەتدا گەورە دەبێت، بەهاکانی ئەو ژینگەیە وەربگرێت. بۆ نموونە ئەو کەسانەی دەچنە خوێندنگای کاسۆلیکی مەرج نییە کەسانی لە خواترس و ئایین پەروەر دەربچن.

بە وردبوونەوە لە کارەکانی هایدگەر، بۆمان روونیدەبێتەوە کە هایدگەر ئامەزرۆی گۆڕانێکی ریشەیی بووە لە کۆمەڵگای ئەڵمانیدا و تەنانەت لە تەواوی شارستانییەتی رۆژئاواشدا. هایدگەر خۆشەویستیەکی گەورەی بۆ ئاڵمانیا و فەلسەفە هەبووە. ئەو زۆر شانازی بە زمانی ئاڵمانی و خەڵکی ئاڵمانیاوە کردووە و پێی وابوو ئاڵمانیا میراتگری کلتور و هزری گریکی کۆنە

و زمانەکانی ئاڵمانی و یۆنانی زمانی رەسەن و هزرن.لە کاتێکدا زمانەکانی دیکەی ئەوروپی بە پرۆسەی لاتین بووندا تێپەڕبوون و خراپ بوون. هایدگەر دەڵێت «کاتێک مرۆڤێکی فەرەنسی بیردەکاتەوە و لە ئاڵمانیا قسە دەکات. بە بۆچوونی هایدگەر گریکەکان یەکەم کەس بوون هەوڵیانداوە لە مانای بوون تێبگەن، ئێستاش ئاڵمانییەکان یەکەم کەس دەبن کە لە تونایاندا هەیە پارچە شکاوەکانی شارستانییەتی رۆژئاوا کۆبکەنەوە و جارێکی دیکە زیندووی بکەنەوە. هیتلەریش هەمان بۆچوونی هەبوو، «شەڕی کلتوور مانەوەی خۆی دەکات، کلتورێک هەزاران ساڵ گەشەکردن لەخۆی دەگرێت و ئاڵمانیا و گریک بە یەکەوە کۆدەکاتەوە».

هایدگەر دژی مەیلی نوێی کاسۆلیزم بوو، کە بووە هۆی دوورکەوتنەوەی ئەو لە ئایین. بە بۆچوونی ئەو مەسیحیەت و تەکنەلۆژیای زانستیان لەو شکۆمەندیەی دەگەڕێنەوە بۆ سەرەتای یۆنانی دابڕیو، هەروەها هایدگەر لە نووسینە بەراییەکانیدا رق لێبوونی خۆی بۆ مۆدێرنە دەردەبڕێت «کلتوری رووکەشی ئەمڕۆمان هەڵچوونی تازەگەری نیشاندەدات کە دەبێتە هۆی وێرانکردنی دامەزراوەکان. ئەو چەمکە مۆدیرنانەی ژیانی ئێستا کە چێژیکی زۆر نیشان دەدەن ئەوانە نیشانەی داڕووخانی ژیانن». بە بۆچوونی هایدگەر رزگارکردنی شارستانییەتی رۆژئاوا لە تەکنەلۆژیای بێزارکەرو شارستانییەتی روسەکان لە هیچگەرایی بەلشەفییەکان لە رێگای ئاڵمانیاوە دەبێت.

بووژاندنەوەی شارستانییەتی رۆژئاوا و ئاڵمانیا لە رێگای زانکۆکانەوە دەبێت، بۆیە بوون بە سەرۆکی زانکۆی (Freiburg) یەکەم هەنگاوی هایدگەر دەبێت بۆ هێنانی شۆڕشی نازیزم بەرەو زانکۆکان. یەکەم وتاری هایدگەر وەک سەرۆکی زانکۆ بە ناونیشانی ( خود بڕیاردانی زانکۆکانی ئاڵمانیا) دەبێت. فاریەس دەڵێت: «هایدگەر لەو وتارەیدا

بۆچوونی نەتەوەیی و سۆسیالیزمی خۆی دەربارەی ریفۆرمی زانکۆکانی ئاڵمانیا دەخاتەروو». هەروەها فایەرس پێیوایە نازیەکان مەبەستیان ریفۆرم نەبووە، بەڵکو ویستوویانە لایەنگیریەتی خوێندکاران و ستافی ئیدارە و کۆلیژەکان لە رێگەی هایدگەرەوە بەدەستبهێنن. لەم کارەشدا نازییەکان سەرکەوتوو بوون. هەر لە وتاری دەست بەکاربوونیدا وەک سەرۆکی زانکۆ هایدگەر ئاماژە بە( ئەرکی مێژوویی و روحی گەلی ئاڵمانیا) دەکات کە پێویستە لەسەر زانست بەو ئەرکە کاریگەر بکرێت. هایدگەر هانی ئایدیالەکانی نازیزمی دەدا لە بواری خزمەتی کار و خزمەتی سەربازیدا. ئەو پێیوایە، جیهانی روحی ئەو هێزە قووڵەیە بۆ پاراستنی زەوی و خوێنی خەڵکی. ئەم وتارەی هایدگەر ئاماژ بوو بۆ ئاڵمانیا بۆ هەنگاونان بەرەو هێزی بوون ،بە پێشەنگی پارتی نازیزم.

وەک سەرۆکی زانکۆ کارەکانی هایدگەر لە خزمەتی نازیزمدا بوون. مامۆستاکەی خۆی (هۆسرێل)، ناچاربوو واز لە کارەکەی بهێنێت، لەبەر ئـەوەی جولەکە بـوو. هەرچەندە هایدگەر توانی نەهێلێت دوو پرۆفیسۆری جولەکە لەسەر کارەکانی خۆیان دەرنەکرێن، بەڵام لەهەمان کاتدا زۆربەی جولەکەکان شاربەدەرکران. لە حوزەیرانیساڵی (1933)دا هایدگەر رایگەیاند «پێویستە لەسەر زانکۆکانی ئاڵمانیا خولی فێرکاری پتەو بە روحی سۆسیالیزمی نەتەوەیی پەیڕەو بکەن، نەوەک ئەو کۆرسانەی بە بیرۆکەی مەسیحیەت و هیومانێتی خنکێنراون». بە بۆچوونی لێکۆڵەرەوان ئەم بۆچوونەی هایدگەر لەژێر کاریگەری هیتلەردا بووە کە رایگەیاندبوو» لەسەر هەموو ئاڵمانییەک پێویستە بەبێ گومان و دوو دڵی ئەوە بزانێت کە گەلی ئاڵمانیا، یەکگرتوویی و شکۆمەندی و هێزی پێشووی بۆ دەگەڕێتەوە لە رێگەی حکومەتی کرێکارانەوە. «لەو

کاتەی هایدگەر سەرۆکی زانکۆ بوو ، ئەنجامدانی سڵاوکردنی نازییەکان لە سەرەتا و کۆتایی وانەکانی زانکۆدا لەسەر خوێنکاران پێویست بوو».

زۆر بەڵگەی گەورە هەن لەسەر پەیوەندی نێوان هایدگەر و نازییەکان، بەڵام ئەوەی جێگای مشتومڕە سروشتی ئەو پەیوەندیەیە کە هایدگەر لەگەڵ نازییەکاندا هەیبووە. هەندێک لە لێکۆڵەرەوان پێیانوایە دەبێت تەواوی کارەکانی هایدگەر فەرامۆش بکرێن بەهۆی بوونی پەیوەندی لەگەڵ نازییەکاندا، بەڵام هەندێکی دیکە پێیانوایە پێویستە هایدگەر (وەک مرۆڤ) لەکارەکانی (وەک فەلسەفە) لێکجیاواز بکرێنەوە. هەندێک لەو کەسانە دژی هایدگەرن، لەبەر ئەوەنا کە هایدگەر نازی بووە، بەڵکو لەبەر ئەوەی لەگەڵ فەلسەفە و بۆچوونەکانی هایدگەردا تەبا و هاوڕا نین.

دەربارەی کارەکانی هایدگەر بریتی نەبوون لە فەلسەفەی نازیزم. کارە فەلسەفیەکانی هایدگەر زۆر قورس بوون، سەرەڕای ئەوەی پۆلەکانی جمەیان دەهات لە خوێندکاران، بەڵام زۆربەی خوێندکاران لەو بۆچوونانە نەدەگەیشتن کە هایدگەر باسی دەکردن. بە شێوەیەکی سەرەکی هایدگەر ترسی داڕووخانی شارستانییەتی رۆژئـاوای هەبوو، بەهۆی لەدەستدانی مرۆڤایەتی پەیوەندی لەگەڵ خۆیدا. سەرەتا هایدگەر کارەکانی لەسەر ئاستی تاکەکەسی دەستپێکرد و پاشان لەسەر ئاستی ئاڵمانیا و دواتریش لەسەر ئاستی ئەوروپا. هایدگەر رووی وەرگێرا لە فەلسەفەی (ململانی)وە بۆ فەلسەفەی هەڕەشە. ئەو بە رێبازی فەلسەفی دینی ململانێی تاکە کەس دەستیپێکرد و هەنگاوی نا بەرەو رێبازی فەلسەفی سیاسی کلتوری هەڕەشە. هایدگەر بڕوای بە پنەوی روح و عەقڵی ئاڵمانیا هەبوو. ئەو پێیوابوو سۆسیالیزمی نەتەوەیی دەتوانێت رابەرایەتی جیهان بکات بەرەو رزگاربوون. هایدگەر هەوڵیدا ریفۆرم تەواوی زانکۆکان بگرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش

خوێندکاران باشترین پێکهاتەن، بەڵام کاتێک پاکسازی یەکێتی خوێندکارانی بینی، هایدگەر حەقیقەتی بارودۆخەکەی بۆ روون بوویەوە و بۆی دەرکەوت واقیعی سیاسی چەند رێگرە لەو بارەیەوە. دوای چەند مانگێک لە کاری پاکسازی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، هایدگەر دەست لەکارکیشانەوەی خۆی وەک سەرۆکی زانکۆ راگەیاند، پاشان لە وانە وتنەوە بـەردەوام بوو تا ساڵی(1944). لەو ماوەیەدا چەندین وتاری دەربارەی نیشتمان پەروەریتی و بەردەوام بوونی جەنگ بڵاوکردەوە، سەرەڕای دڵنیا بوون لە تێکشکانی ئاڵمانیا لەو جەنگەدا. ئەو هێشتا گەشبین بوو بەوەی ئەگەر ئاڵمانیا جەنگ بباتەوە، ئەوا هەلێک هەیە بۆ شارستانییەتی رۆژئاوا، بۆ ئەوەی لە فەوتان رزگاری ببێت.هێشتا بڕوای بە راستێتی و شکۆمەندی بزوتنەوەکە هەبوو، کەپێویستە دووبارە بدۆزرێتەوە.هەرچەندە هایدگەر لە کۆتاییدا جۆش و خرۆشی سەرەتای بۆ سۆسیالیزمی نەتەوەیی نەما، بەڵام پێیوابوو ئەگەر نازیزم سەربکەوێت ئەوا ئاڵمانیا رابەرایەتی ئەوروپا و رۆژئاوا دەکات. ئەو پێی وابوو ئەگەر جارێکی دی کۆرسێکی فێرکاری بۆ زانکۆکان دابنێت، ئەوا ئەو کۆرسە بریتی دەبێت لە پەروەردەکردنی نەوەی داهاتوو لەسەر رێبازی راستەقینەی سۆسیالیزمی نەتەوەیی. ئەو هێشتا بە ئومێد بوو، ئەگەر ئاڵمانیا جەنگ بباتەوە، ئەوا گەلی ئاڵمانیا دەتوانێت شارستانییەتی خۆرئاوا بخاتەوە سەر رێگای راستەقینەی خۆی. ئەو رێبازەی سەدان ساڵ زیاتر لەلایەن یۆنانییەکانەوە گەشی پێدراوە و ئێستا لەسەرچاوە و رەگەکەی دابڕاوە، بەهۆی هاتنە ناوەوەی عەقلانییەت و تەکنەلۆژیای رۆژئاواوە.

زۆربەی ئەکادیمیەکان دوو تاوان دەخەنە پاڵ هایدگەر. یەکەمیان پەیوەندی ئەوە بە نازیزمەوە. دووەمیان فەرامۆشکردنی رۆڵی خۆی وەک فەیلەسوف کە پێویست بوو بێتە دەنگ. لەمبارەیەوە زۆربەی لێکۆڵەرەوان

رای جیاوازیان هەیە. بۆ نموونە(هانس سلوگا)پێیوایە: نەدەبوو هایدگەر هەر لە سەرەتاوە خۆی بخستایە ناو دنیای سیاسەتەوە. ئەو پێیوایە بەو شێوەیەی هایدگەر مامەڵەی لەگەڵ نازییەکاندا کردووە کە کاری فەیلەسوف نییە. سەرەڕای ئەوەش سلوگا بەرگری لە هەڵوێستی هایدگەر دەکاتْ و پێیوایە فەلسەفەی ئاڵمانیا وەک وڵاتی ئاڵمانیا ئاڕاستەی بەرەو داهاتوو نادیار و ناڕۆشن بوو، فەلسەفی ئاڵمانیا وەک وڵاتەکەیان لە قەیراندا بووە، هەروەها هایدگەر یەکەم فەیلەسوفی ئاڵمانی نەبووە کە پەیوەندی بە نازییەکانەوە هەبووبێتْ. بە بۆچوونی لێکۆڵەرەوان هەڵەی هایدگەر و فەیلەسوفەکانی دیکە ئاڵمانیا ئەوەبووە لە بیریانچووە پرسیار بکەن لە راستێتی ئەو هەنگاوەی گرتوویانەتە بەر. هەندێکی دیکە لە لێکۆڵەڕەوان پێیانوایە فەرامۆشکردنی رۆڵی خۆی وەک فەیلەسوف لەلایەن هایدگەرەوە، تەنها ناگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیکردن و کارکردن لەگەڵ نازییەکاندا ، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ بێدەنگی ئەو لە کارەساتی هۆلۆکۆستْ.ئەو بەرپرسیارێتی خۆی وەک فەیلەسوفێک لەو بارەیەوە لەبیر کرد. لەوانەیە دەربڕینی چەند وشەیەک هیچ لە بارودۆخەکە نەگۆڕێتْ،بەڵام ئەو دەبوو وەک فەیلەسوفێک هەوڵی خۆی بدایە.تەنانەتْ ئەوانەی لە هۆلۆکۆستیش رزگارییان بووە، حەزناکەن گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە بکەن، چونکە ئـەوان پێیانوایە بەدەستهێنانی دادگەری لەو بارەیەوە بەو کەسانە دەکرێتْ کە ئێستا لێرە ئامادە نین. نووسەر و فەیلەسەفەکان دەبێتْ ئەو بەشانە بەیەک بگەیەنن، کە بەیەک ناگەیەنرێن، ئەوان بەشی زۆریان لەبیرخستنەوەی ئەو شتانە هەیە کە لە بیرچوونەتەوە. سەرەڕای ئەوەی هایدگەر بڕوای بەم بۆچوونانە هەبوو، بەڵام ئەو بێدەنگی لەو بارەیەوە هەڵبژارد.

ساڵی (1949) هایدگەر تەنها لێدوانێکی دەربارەی (هۆلۆکۆستْ)دا

کشتوکاڵ ئێستا بووەتە پیشەسازی میکانیزکردنی خۆراک، کە لە ناوەڕۆکدا هیچ جیاوازیەکی نییە لەگەڵ بەرهەمهێنانی دەغڵودان لە ژوورە گازییەکان و کەمپەکانی مردندا، هەروەها جیاوازی نییە لەگەڵ ئابڵوقەدانی وڵاتانی دیکە و بەرهەمهێنانی بۆمبی هایدرۆجینی.

ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە، کە هایدگەر کەوتووەتە ژێر کاریگەری نازیزمەوە، بەوەی نازییەکان بیرۆکەی باڵادەستی ئاڵمانیای برەو پێداوە، کە سەرئەنجام دەبێتە هۆی درووستکردنی ژیانێکی رەسەن و شکۆمەند. ئایا هایدگەر نازی بووە، یاخوود فەیلەسوف، یاخود هەردووکیان؟ بە دڵنیایەوە کەمێک لە هەردووکیان.

**سەرچاوە:**


Martin Heidegger; what kind of Nazi?

David Desmond.

# هایدگەر لەنێوان فەلسەفەو سیاسەتدا

نوسینی: محەمەد ئەلمزوغی

لە عەرەبییەوە: محەمەد عومەر

به هەمانشێوە و ناوەرۆکی فەلسەفەکانی، کەسایەتی (مارتن هایدگەر) کەسایەتییەکی نادیار و ئاڵۆزە، هەروەک ئاڵۆزی گوزارشتەکانی، هاودژی لە بیرۆکەکانیدا، ناجێگیری لە بۆچوونەکانیدا بەدی دەکرێت.

ناوبراو، لە دەروازەی جیهانی (لاهوت)ەوە فەلسەفەکەی وەرگرتووە، لەبەر ئەوەی لە وادەیەک لە رۆژگارەکانی ژیانیدا ئەوپەڕی پەیڕەوکارو باوەڕدار بووە لەسەر ئاستی ئایینە(کاسۆلیکی)ەکەیدا، لەم سەردەمەدا رێکخراوە خێرخوازەکانی (کاسۆلیک) زۆر یارمەتیدەری دارایی ناوبراو بوون، کاتێک کە پێویستی بە کۆمەکی دارایـی ئەوان هەبووە، لە بەرامبەردا هایدگەر زۆر بـاوەڕداری (کاسۆلیک) بووە، کە سەر بە کڵێسای (رۆمانی) بووە، بەڵام پاش قایمکردنی شوێنپێی خۆی، دەڕواتە زانکۆ و دەبێتە مامۆستا، پاش ئەوە لەو باوەڕو رەوتە هەڵدەگەڕێتەوە و سەرجەم رابوردوو وەلاوەدەنێت و دەبێتە پەیڕەوکاری (پروتستانت).

هایدگەر هەر چەند لە قۆناغەکانی خوێندنیدا، قوتابیەکی سەرکەوتوو ولێهاتوو نەبووە و لە زانکۆدا دوو دڵ بووە لە هەڵبژاردنی رێڕەوی خوێندنەکەیدا، لەسەر بە دواداچوونی (لاهوت)ی، یاخود هەنگاونان بەرەو فەلسەفە، یاخود زانستی بیرکاری و زانستی تەندروستی.

"مارتن هایدگەر"، پاش پەیوەندیکردن و چوونە نێو ریزەکانی پارتی (نـازی)یـەوە، کە لەسەر بنەمای رەگەزپەرستی دامەزرابوو، ناوبراو لەگەڵ تێکەڵبوونی لە نێو ئەو پارتەدا، تەواو پابەندی پەیڕەوو

پرۆگرامی پارتی (نازی) بووە، تا ئاستی بەرز و پیرۆز راگرتنی پارتەکە و رابەرەکەی، کە "ئەدۆلف هیتلەر" بوو.

هایدگەر تەواو پەیڕەوکاری رێنمایی و رێنوێنییەکانی حکومەتەکەی (هیتلەر) بووە، بە سەرجەم بواری سیاسی و رۆشنبیرییەکانیەوە، دواتر کە بووە راگری زانکۆی (فرایبۆرگ) و پاش دەستبەکاربوونی، وتارێکی پێشکەشکرد، کە تێکەڵەیەک بوو لە دەربڕینە فەلسەفییەکانی و کردبوویە زمانێکی شەڕانگێز و فاکتەرێک بۆ جووڵاندنی ویژدان و وروژاندنی هەستی توندڕەوەکان، هەرچەند وتەکەی لە ناوەرۆکدا سادە بوو، بەڵام لە ئاستێکی وادابوو کە فەلسەفەکانی هێنایە خانە نزم و بێ واتاکان، جگە لەوەی لە وتەکەیدا رێبازێکی نەتەوەیی توندی گرتەبەر، کە ناگونجێت لەگەڵ کەسانێکدا کە خاوەن و دانەری فەلسەفە مەزنەکان بن.

هایدگەر لەگەڵ هاوکار و هاوپەیشەکانیدا، هەمیشە رەفتاری رەق و نائاسایی بەکارهێناوە لە دامەزراوە زانستی و مەعرفییەکاندا، هەردەم لەگەڵ ململانێدا بووە و داوای لە قوتابیان و مامۆستایان دەکرد چەک هەڵبگرن و دەستبەرداری هیوا و ئاواتە تایبەتەکانیان بن. هایدگەر لەسەر هاوەڵ و هاوڕێیانی خۆی راپۆرتی دەنوسی و دەیدایە حزب، وەک زانیاری لەسەر کەسایەتی و رەفتاری ئەو قوتابی و مامۆستایانەی کە هەستی دەکرد بۆنی نەیارو بەرهەڵستکاری حزبی (نازی) و رژێمەکەیان لێدێت.

پاش تەواوبوونی جەنگ، هایدگەر پاش بەسەرچوونی وادەیەک لە بێدەنگی، سەرکۆنەی ئەوانەی دەکرد کەرەخنەگری بوون و بەوە تاوانباری دەکردن کە هیچ لە فەلسەفەکانی نەگەیشتوون، لەگەڵ ئەوەشدا هایدگەر بۆ تەنها جارێکیش سەرزەنشتی "نازی"یەکانی نەکردووە و دانی بە یەک هەڵەیاندا نەناوە، نەک تەنها ئەمەش، بەڵکو هەوڵیدەدا بە داپۆشین و

شاردنەوەی ڕاستییەکان و چەواشەکردنی ڕایگشتی سەبارەت بە پارتی (نازی) و تاوانەکانی.

لەو ڕۆژگارانەدا، (جاک دریدا) یەکێک بووە لە شوێنکەوتووانی هایدگەر و هەمیشە بەرگریکارێکی بەهێز بووە لە ناوبراو، هەروەها (دریدا) خۆی بە قەرزارباری هایدگەر زانیوە، تا ئەو ڕادەیەی ناونیشانی کتێبێکی بە ناوی (دەستی هایدگەر)ەوە نوسیوە. (دریدا) ناوبانگی ئەوەی هەبووە کە ناونیشانی وتار و نوسینەکانی لەگەڵ ناوەڕۆکەکەیدا یەکانگیر نەبووە و خوێنەری ماندوو کردووە بە گرانی گوزارشتەکانی و نادیاری ناوەڕۆک و بیرۆکەکانی، زۆرێک لەم خەسڵەتانەشی لە نوسینەکانی "هایدگەر"ەوە سەرچاوەی گرتووە، کە پاشان بووە میراتییەک بۆ ڕێژەیەکی زۆری ڕۆشنبیرە فەرەنسییەکان و لەوانیشە بۆ ڕۆشنبیرە عەرەبە فرانکفونییەکان.

**فەلسەفەی (بوون - الوجود)، ئاسۆیەکی داخراو**

مارتن هایدگەر بۆخۆی فەیلەسوفێکی (وجود)ییە، کە هەمیشە خودی خۆی لە بابەتە فەلسەفییەکانیدا جەختی لەسەر ئەو ڕاستییە کردووەتەوە، کە زۆر بە ئاشکرا لە (اشکالیە المرکزیە)ی فەلسەفەکانیدا دانی پێدا ناوە.

پێدەچێت ئەو(وجود)یەتەی هایدگەر باسی لێوەدەکات و ئاماژەی بۆ دەکات، نە لۆژیکی بێت و نە بابەتی بێت، تەنانەت لە میتافزیکێکی کلاسیکییش ناچێت، چونکە (وجود)ێک واتاکەی دیار دەکرێت لەوەی هایدگەر ناویناوە «بوونەوەر لەوێ»، بە واتایەکی ڕاشکاوتر، واتا (وجود) ێکی مرۆڤایەتی (صرف) بۆ کاتێکی تایبەتکرا و شوێنێکی دیاریکراو.

هەر لەسەر هەمان ڕێبازی (هایدگەر)، فەیلەسوفی ئیتاڵی "جیوفانی جنتیلی" یەکێک بووە لە فەیلەسوفە بەشداربووەکان لە بڵاوکردنەوەی

بیرۆکەی فاشییەکان، لەپاش کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم، بەڵام لە بەرامبەردا هایدگەر فەیلەسوفی تایبەتی "نازی"یەکان نەبووە، بەڵکو دۆست و پەیوەندیدار بووە لەگەڵیاندا، هەرچەند زۆرێک لە وتار و فەلسەفەکانی نزیکبوون لە ئایدیای حزبی"نازی"یەوە، بەو واتایەی، جیاوازی نێوان (جنتیلی و هایدگەر) ئەوەیە کە "جنتیلی" هاوشانی فاشیزم بووە، بەڵام هایدگەر هیچ پۆستێکی حزبی فەرمی نەبووە، تەنها ئەوە نەبێت راگری زانکۆی (فرایبورغ) بووە، هەروەها بە پراکتیک ئەندامێکی کارای ئەو حزبە نەبووە، سەرباری بوونی لە نێو حزبەکەدا.

# هایدگەر و حەقیقەت

(حەقیقەت) لەلای هایدگەر چییە و چۆنە؟

نوسینی: ئیبراهیم ئەبو زەید
لە عەرەبییەوە: کامیل محەمەد قەرەداغی

قسەکردن لەبارەی حەقیقەتەوە، جیا نییە لەو چۆنیەتییە کە ئێمە بیر لە خۆمان و لە دەوروبەرمانی پێدەکەینەوەو لەوە ڕادەمێنین، کە ئایا ئەم بوونانە چۆن گەڵاڵە بوون! بە شێوەیەکی گشتی لە سەردەمی یۆنانیەوە و بەتایبەتتریش لەپاش سۆکراتەوە بیر لە چیەتیی (حەقیقەت)ی بوون کراوەتەوە.

ئەم چیەتییە جارێک ڕەهەندێکی دوور و جارێکی تر ڕەهەندێکی نزیکی هەبووە لە گەڵاڵەکردنی بووندا، چیەتییەک بووە پلەی (لۆگۆس)ی لەسەر حسابی پلەی (میتۆس) بەرزکردوەتەوە، خودی باڵای لەسەر حسابی شتە ئاسایی و سروشتییەکان بەرزتر کردوەتەوە، بەڵام ئەو شتەی، کەلەسایەی ئەم بیرکردنەوە فەلسەفییانەدا بە جێگیری ماوەتەوە، بریتییە لە زاڵیی ئەو شتەی، کە هایدگەر ناوی لێناوە فەلسەفەی ئامادەیی(حزور) و ئەم فەلسەفەیەش لەسەر میکانیزمی بەرابەریی دووانە بنییەکان ڕادەوەستێت، وەک دووانەی (کرۆک لەگەڵ ڕواڵەت) (خود لەگەڵ بابەت) (سەرچاوە لەگەڵ لق). لەسایەی ئەم ڕوانینە فەلسەفییە میتافیزیاییانەوە بۆ حەقیقەت و لە ڕێگەی ئەو گفتوگۆیانەوە، کە لەناو میتافیزیادا (بوون)ی پێدادەمەزرێت، کردەی گوێڕادێران بۆ (بوون) لەلای بوونەوە هاتەئاراوە.

ئەگەر کرداری گوێڕادێرانی هایدگەرییانە لە دژی تێرامانی پووخت و هۆشی خۆبەزلزان و بوونگەرایی زۆر مرۆڤدۆستی بووبێت، کەواتە ئایا گرنگترین خەسڵەتە جیاکەرەوەکانی ئەو ڕەوتە فەلسەفییە نوێیە چییە، کە هایدگەر لە وێناکردنی حەقیقەتدا دایڕشتووە؟ لەکوێدا و بە چ مانایەک

قسەو باسکردن لەسەر حەقیقەت لە ڕوانینی هایدگەردا هاوڕێ و هاوشانی بچووککردنەوەی (میتافیزیا)یە؟ بە چ مانایەک ڕوانین بۆ حەقیقەت لە دیدی هایدگەردا، لە ناحەقیقەت جیانابێتەوە و هەر دۆزینەوەیەکی حەقیقەت بریتیە لە پەردەپۆشکردن و شاردنەوە؟. ئایا دۆزینەوەی حەقیقەت واتە دوورخستنەوەی هەڵە و وەهم؟ ئەی ئەگەر حەقیقەت بریتی بێت لە دۆزینەوە و شاردنەوە، کەواتە حەقیقەت چییە؟

ئەگەر هەرچی قسەو باسی لەسەر حەقیقەت هەیە لە (بـوون) جیا نەبێتەوە، ئەمە مانای وایە کەپرسیاری سەبارەت بە بوون ڕادەوەستێتە سەر ئەوەی، کە ئێمە خۆمان تاچەند کارلێک لەگەڵ پرسیارەکەدا دەکەین، پلەی هۆشمان چەندە؟ تاچەند لە کارلێککردنمان لەگەڵ خۆماندا تێدەگەین، ئاستی ئەو هۆش و تێگەیشتنەشمان دەوەستێتە سەر ئەو چۆنێتییەی، کە لەگەڵ خۆماندا گوزەران دەکەین و شتێک نییە لەم چۆنیەتیە جیاببێتەوە، چونکە بڕی ئەو گوزەرانکردنە و چییێتییەکەشی دەستی (نیگەرانی)ی پێگەیشتووە، دەستی ئەو خەمەی پێگەیشتووە، کە ژیانمان لێ دەتارێنێت و نامۆبوونێکی بوونگەرییانەمان تێدا بێدار دەکاتەوە.

ئەو مرۆڤەی کە دەکەوێتە بەر گوزەرانکردنی ئەزموونی مەرگ و بە درێژایی ئەو ژیانەی کە ماویەتی کار بۆئەوە دەکات لەڕێگەی بەریەککەوتنیەوە لەگەڵ (ئەوی تر)دا لەبیری خۆی بباتەوە و پاشەکشە لە بوونی (چیەتی) بکات و پەیوەست ببێت بە ئەو چرکەساتەی بەربوونەوەوە، کە ئەگەر ئەو (مەبەست لە چرکەساتی بەربوونەوەکەیە) نەبوایە نە بوونی ئێمە مانایەکی دەبوو، نە بوونیش دەدۆزرایەوە و ئاشکرا دەکرا.

هایدگەر دەڵێت: "ئێمە لەناو نیگەرانیدا بە هەڵپەسێردراوی مەلە دەکەین". با بە دەربڕینێکی ڕوونتر بیڵێین، نیگەرانی لە هەڵپەسێردراویماندا لێماندەدات،

لەبەرئەوەی بوونەوەر لەناو گروپەکەی خۆیدا هەست بە خزانی خۆی دەکاٹ، لەناو بوونەوەرەکاندا ئەوە ئێمەین دەخزێین، تەنها ئەو بوونەوەرەش بوونی هەیە، کە دەتوانێٹ بوونی خۆی لەناو نیگەرانییەکەدا بەرجەستە بکاٹ و ئیتر پەیوەسٹ نەبێٹ بە هیچ شتێکەوە. ئاماژەی ئەم ڕوونکردنەوەیە ئەوەیە، کە لە ڕوانینی هایدگەردا پەیوەندیی مرۆڤ بە بوونەوە، تەنها پەیوەندییەکی ئێرامانکاریی پووخٹ نییە، کە پایەکانی بریتی بن لە حوکمە پێشوەختەکانی میتافیزیا، ئەو حوکمانەی کە نەمریی خۆیان لەسەر حسابی بوونی نیگەرانکاریی زیندوو بونیاد دەنێن. هەر بەم مانایە ئەوەش دەبینین، کە مەسەلەی ڕەوایی قسەکردن لەسەر چەمکی حەقیقەٹ لەلای هایدگەر هاوشانی مەسەلەی بوونە، بەڵام ئایا دەکرێ بەبێ وەرگرتنی ڕێپێدان لە ئەندازەی پرسیاری میتافیزیایی (بوون) بخەینەژێر پرسیارەوە؟ ئەمە پرسیارێکی مەعریفییانە نییە. بتوانێٹ بچێنە سەر ئەو وێناکردنە فەلسەفییانەی تر، کە بە درێژایی مێژووی کرداری فەلسەفە لەبارەی حەقیقەتەوە وروژێنراون. مەبەستی پرسیارەکەی هایدگەر لەبارەی حەقیقەتەوە ڕاستکردنەوەی ئەو شتانەیە لەبارەی حەقیقەتەوە گووتراون، پرسیاری ئەوەیە، کە ئایا حەقیقەٹ شتێکی عەقڵییە، یان هەستی واقعییە، ڕەهایە یان ڕێژەییە، لە ئاستی واقیعی هەستیدا خۆبەزلزانە یان لەگەڵیدا دەگوزەرێٹ؟ لەبەرئەوەی جۆرێک ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی میتافیزیکییانە ئەوە بە گریمان وەردەگرێٹ، کە هەموو توێژینەوەیەک لە بارەی حەقیقەتەوە پێویستی بەوە هەیە، کە (بابەٹ) ێک لەبەردەستی (خود) ێکدا ئامادەبێٹ و مەبەسٹ لە هەر توێژینەوەیەک لەبارەی حەقیقەتەوە، بریتیە لە تێپەڕاندنی هەموو ئەو شتانەی دەچنە خانەی ناحەقیقەتەوە، لە نمونەی (هەڵە، گومان، شێتی). توانای پرسیارکردن لەلای هایدگەر مانای وایە، کە بۆ دەستکەوتنی وەڵامەکەی توانای ئارامی و چاوەڕوانکردنٹ تێدابێٹ، ئەگەر بە

درێژایی هەموو تەمەنت هەر چاوەڕوان بیت.

ئەمە پرسیارێکە دەمانخاتە سەرووی فەلسەفەوە، واتە لە دەرەوەی فەلسەفەوە داماندەنێت و نامانباتەوە ناو فەلسەفە، بەڵکو وامانلێدەکات، کە دەبێت لە دەوری بسوڕێینەوە. کە لەباری چییێتیی حەقیقەتیشەوە پرسیار بکەین مەسەلەکە هەر بە هەمان شێوەیە. ئەمە پرسیارێکە فیکر تێیدا دێت و دەچێت، لەبەرئەوەی گوایە هێشتا بەرەبەیانی دەرکەوتنەکەی هەر تاریکە، نە ناسنامەی هەیە و نە تایبەتمەندێتی. ئارامی و ئاسایشی مرۆڤ دەلەرزێنێت، هەروەها بەڵگەنەویست و دڵنیایی و هەستی هاوبەش و عەقڵانیەتی فەلسەفەش دەلەرزێنێت. ئەمە بەو مانایە نییە، کە هەموو ئەمانەی ناوییان هات هەڵەن و دەبێت ڕاست و چاکبکرێنەوە، بەڵکو بەو مانایەی، کە بخرێنەوەژێر پرسیار و سەرلەنوێ تێڕامان لەبارەی ئەوەیانەوە بکرێت، کە ئەمانە چۆن شێوەی حەقیقەتی خۆیانیان وەرگرتووە. ڕێگای خستنەژێر پرسیاری حەقیقەت لەلای هایدگەر ڕێگایەکی پڕ نووچدانە، لەناویدا چەند بەرەوپێشەوە بچین، هێندەش بەرەو دواوە دەگەڕێینەوە. ئەم گەڕانەوەیە ئەوەیە کەئامادەیی زەمەن لەناو میتافیزیادا بچووک و کرچ دەکاتەوە و (یەکێتی) حەقیقەت هەڵدەوەشێنێتەوە.

بەم مانایە پرسیارکردن لەبارەی چییێتیی حەقیقەتەوە، بەرجەستەبوونە کردارییەکانی خۆی لەناو بەرتەسککردنەوەی میتافیزیادا دەبینێتەوە، بەرتەسککردنەوەیەک کە دەیەوێت تەواوی ئەو چەمکانە تێکبدات، کە لە میانەی (دووانەییە بنییەکانەوە) پێکهاتوون، وەک (خود، بابەت، عەقڵ، ناماقووڵ، حەقیقەت، ناحەقیقەت، هزر، واقع). دواجار ئەم بەرتەسککردنەوەیە، وەک هەموو ئەو ڕکابەری کردنانەی تر دێت کە ئاومبازی میتافیزیکیا دەبێتەوە.

**سەرچاوە :**

ئینتەرنێت: ماڵپەڕی (الاوان).

# گفتوگۆ لەگەڵ هایدگەردا

## فەلسەفە، کۆمەڵگە، تەکنەلۆژیا، مرۆڤ

گفتوگۆی: ریشارد فیسر

بۆ عەرەبی: ئیسماعیل ئەلمسەدەق

لە عەرەبییەوە: لوقمان رەئوف

به مەبەستی خستنەڕووی بیروبۆچوونی هایدگەر لە بوارە جیاوازەکانی وەک (فەلسەفە، کۆمەڵگە، تەکنۆلۆژیا و فەلسەفەی کانت و مرۆڤ..) ئەم دیدارەمان لەگەڵ مارتن هایدگەردا سازکرد.

* هەندێک بۆچوون هەیە گۆڕانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان کارێکی گرنگ و یەکلاییکەرەوەی هەیە لە ئێستادا و تاکە خاڵی دیاریکردنی ئایندەیە، ئەم ڕووداوانـەش زۆر دەبن و هێزەکەش بەردەوام لە زیادبووندایە، ئایا بۆچوونی ئێوە لەسەر ئەم حاڵەتە کە بە (گیانی سەردەم) ناسراوە و ئەوەی تایبەتە بە چاکسازی کۆمەڵگەوە؟

– تەنها وەڵامی دوایین پرسیارت دەدەمەوە، چونکە ئەوانەی پێشتر بەرفراوان بوون، وەڵامیش هەر ئەو وەڵامەیە کە پێش (40) ساڵی لە یەکەم وانەمدا لە زانکۆی فرایبورگ لە ساڵی (1929) وتمەوە و ئەو رستەیە بوو کە (میتافیزیک چیە)، بوارەکانی زانست لە یەکتریەوە دوورن، بۆیە هۆکارەکانی چارەیشیان لە بنچینەدا جیاوازە، ئەم جیاوازیەش هەروەک چۆن پارێزگاری لە دەلالەتەکانی ناکات، تەنها بەهۆی ئاراستەی کەرەستەکان نەبێت بۆ کارەکان.

* پاڵنەری ئاشکرا هەن بۆ هەوڵدانی نوێ و بە هۆیانەوە گۆڕانی ئاڕاستەی ئامانجەکانی لێدەکەوێتەوە بۆ ئاڵوێری بونیادپێدانی واقیعی لەناو ئاستی کۆمەڵایەتی، یان ئاستی پەیوەندی لەنێوان خەڵکیدا، لەناو ئەمەشدا بەشێک لە فەلسەفە هەیە، کامەی پۆزەتیف و کامەی نێگەتیڤە، ئایا پێگەی کۆمەڵایەتی بۆ فەلسەفە لەمەدا دەبینین؟

- ناتوانرێت باس لەپێگەی کۆمەڵایەتی بەو مانایە بکرێت، ئەگەر بمانەوێت وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، پێویستە یەکەمجار بپرسین کۆمەڵگە چییە؟ ئەمڕۆش کۆمەڵگە شتێک نییە جگە لە سیغەیەکی رەها بۆ خودیەتی نوێ، لێرەشەوە فەلسەفە لایەنێکی روانین داگیر دەکات و مافی ئەوەشی نییە لێی بپرسرێت.

بەڵام پرسیار ئەوەیە تا چ ئاستێک گۆڕانی کۆمەڵگە دروستە و دەگونجێت، لەبارەی پێویستی گۆڕانی کۆمەڵگەشەوە ئەگەڕێنەوە بۆ رستەکەی کارل مارکس لە (پێشنیارەکان لەسەر فیورباخ)دا، ئەم کارەش پەیوەندی بەوە هەیە کە مرۆڤ و لە ماهیەی تەکنۆلۆژیادا وندەبێت، بەڵام دەشێت رۆژی دەربکەوێت نازانم ئەمە روودەدات یان نا، بەڵام لە ماهیەتی تەکنۆلۆژیادا دەرکەوتنی یەکەم دەبینم بۆ نهێنیەک کە زۆرترین قووڵیی لەخۆگرتووە کە ناوی (روداوەکان) لێرەوە دەبێت تێبگەین دەرفەت بۆ قسە نییە لە بەرامبەر تەکنۆلۆژیا، یان ئیدانەکردنی، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە ماهیەتی تەکنۆلۆژیا و جیهانی تەکنۆلۆژیاوە هەیە، بە بۆچوونی من نابێت ئەوە تەواو بکرێت، مادام مرۆڤ دەجوڵێت لە چوارچێوەی پەیوەندی خودو بابەتدا، ئەمەش واتە ناتوانرێت لە تێگەیشتنی ماهیەتی تەکنۆلۆژیا بگەین لە ڕوانگە مارکسیەکەوە.

* هەموو تێڕامانەکانت لەو پرسیارە دروستبووە کە پرسیاری بنچینەیی فەلسەفە لەشتەکە بریتیە لە پرسیار لە گەردون ئاماژەتان بەوەکرد کە ناتانەوێت پێشنیاریک بخەنەسەر پێشنیارەکانی ترتان، بەوەی گەردوون خاوەن چۆنیەتی جیاوازە وەک تایبەتمەندی شوێنی کرداری راستەقینە، لە چ روانگەیەکەوە دەتوانن وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە بۆچی کائینێک شتێک نییە جێگەی بگرێتەوە؟

- دەبێت دوو پرسیار وەڵامبدەمەوە یەکەمیان پرسیاری گەردون

ڕوونبکەنەوە، چونکە وا بزانم نارووونیەک لە پرسارەکەدا هەیە، گوزارشتی (پرسیاری گەردون) خاوەن دوو دەلالەتە، واتە پرسیاری گەردون پرسیارە لە کائن لەبەر ئەوەی کائن لەم پرسیارەشەوە ئەوە دیاریدەکرێت کە کائن چیە، وەڵامی پرسیاری ئەمە بەدیاریکراوەی گەردوون دەستنیشاندەکات، بەڵام دەشتوانین لەم پرسیارە لەوە بگەین، لە ئامادەبووندا ئامادەبوون قسە دەکات، لە ئیستادا ساتی کاتی هەیە، بۆیە دیاریکردنی گەردون پەیوەستە بە کاتەوە.

پرسیاری دووەم ئەو پرسیارەیە کە (لیبتر) کردی، (شیلنگ) وەڵامێکی دایەوە، منیش لە کۆتایی وانەکەمدا وەڵاممدانەوە کە (میتافیزیک چیە) کە پێشتر ئاماژەم بۆ کردووە، بەڵام ئەم پرسیارە واتایەکی جیاوازتر وەردەگرێت، چونکە وێنای میتافیزیکی پەیوەستە بەو پرسیارەی کە لە بارەیەوە دەکرێت، بۆچی لێرەدا کائن هەیەو لەبری هیچ شتێکی دی نییە، ئەمەش واتە چ هۆکاریک، یان بنچینەکەیە وا دەکات (کائن) بێت و شتێکی تر نەبێت.

بە پێچەوانەشەوە دەپرسم، بۆچی کائن هەیە و هیچیش نییە، کەواتە میتافیزیک چیە؟ من پرسیار لە بارەیەوە ناکەم، بەڵام پرسیار لە ماهیەتی دەکەم.

* چۆن فەلسەفەکەتان چالاک دەبێت لە کۆمەڵگەیەکدا کە مەهامەکەی دیاریکراوە، یاخود کار لەسەر ئەوەیە کە مارتن هایدگەر گرنگییەکانی لەسەر گەردوون چڕکردوەتەوە، بە شێوازیک قوربانی بە مەرجی مرۆڤی داوە، واتا مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا وەک کەسە؟

- ئەم ڕەخنەیە لەسەر بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە، چونکە پرسیار لەگەردون ئاسانەو پەیوەستە بەماهیەتی مرۆڤەوە، بیرکردنەوەی سەرکیش لەسەر گەردوونە و کرانەوەی گەردونیش پێویستی بەمرۆڤە، مرۆڤیش بەڕۆڵی خۆی مرۆڤ نییە، ئەگەر ئەم کارەنەکات، لێرەشدا پێویستە ئەم حاڵەتە حەسم

بکرێت، تاچ ئاستیک گرنگی بەگەردوون دراوە و مرۆڤ لەبیرکراوە، ناتوانین پرسیار لە گەردوون بکەین، بێئەوەی پرسیار لەماهیەتی مرۆڤ نەکەین.

* جارێکیان نیتچە وتی «فەیلەسوف برینیە لە ویژدانی ئازاردە بۆ سەر دەمەکەی، باواز لە بەشێکی مەبەستی نیتچە بهێنین، بەڵام هەوڵی ئێوە بۆ ئاشکراکردنی مێژووی فەلسەفە، تائێستا وەک مێژووی هەڵچوون پەیوەستە بە گەردونەوە، هەندێکی تر مارتن هایدگەر بە ویژدانی ئازاردراوی فەلسەفەی رۆژئاوا دەناسن، ئێوە ناولێنانەکە لە کوێوە دەبینن؟

– دەبێت یەکەمجار پرسیارەکەتان راستبکەمەوە کە باس لە مێژووی هەڵچوون دەکەن، نابێت ئەمە بە واتا سلبیەکەی وەربگریت. من باس لەم مێژوە ناکەم، بەڵام لەچارەنووسی گەردوندا زۆرتر بکشێنەوە بە بەراورد لە کرانەوەی گەردوندا ئەوەی تێیدا دەژین، مێژویەکی ئاڵوز نییە، بەڵکو پاشەکشەیە لە گەردوون.

* دوو شت هەیە دەبنە بابەتی پرسیار بەوەی تموحی زانست بۆ دەست بەسەراگرتن و تێگەیشتن لە تەکنەلۆژیا، تەنها ئەو هۆکارە درووستە دەیزانێت، مەبەستیەتی بگاتە ئامانجەکەی ئەو شتەی کە خەڵکی لەم سەردەمەدا لە زانستی چاوەڕێ دەکات، چونکە مرۆڤ بەهۆی تەکنۆلۆژیاوە دەگاتە ئەو شتەی دەیەوێت، مەبەستتان چیە لەوەی کە بانگەشەی بۆ دەکەن و دەڵین زانست بیرناکاتەوە؟

– یەکەمجار باس لە مێشک بکەم، من بە دیاردەیەکی راستی تەواوی دەزانم، ئەمڕۆ لە جیهاندا کەمیک کە لە بەکارهێنانی مێشک هەیەو غیابی زۆر بۆ بیرکردنەوە، ئەو نائامادەیە کە پەیوەستە بە لەبیرچونەوەی گەردوون.

بەڵام رستەی زانست، نەک بیرکردنەوە، زۆر چاوەرێم کرد تاوەکو لە وانەیەکدا لە زانکۆی بە فرایبورگدا باسمکرد، بە واتا زانست ناجووڵێت لە

ڕەهەندی فەلسەفەدا، لەگەڵ ئەوەشدا وەستاوە بەبێئەوەی ئەوە بزانین لەم دووریەوە، بۆ نموونە لە چوارچێوەی چەمکەکانی کات و شوین و جووڵەدا دەجووڵێت، بەڵام زانست وەک زانست ناتوانێت لە دیاریکردندا جوڵە و کاتو شوین حەسم بکات، بۆیە زانست بیر ناکاتەوە، بۆیە بەهۆی ڕێبازەکانیەوە هەرگیز ناتوانن بەم واتایە بیر بکاتەوە، بۆ نموونە ناتوانم بیربکەمەوە کە فیزیا چیە تەنها بە چۆنیەتی پرسیاری فەلسەفی نەبێت، ڕستەکە زانست بیر ناکاتەوە لە زانستەوە وەرنەگیراوە، بەڵکو تۆمارێکە لە بونیادی ناوخۆی و سەر بە ماهیەتی زانستە و لەلایەکی تریشەوە لەسەر بیرکردنەوەی فەلسەفە وەستاوە.

* مەبەستتان چییە لە یاسای تەکنەلۆژیا لە مەترسی ئەتۆمی بۆ مرۆڤ مەترسیدارترە؟

– ئەوەی پەیوەستە بە تەکنۆلۆژیا و بە تایبەتی ماهیەتەکەی، تا ئێستا ئەو قبووڵەی نییە، لەگەڵ ئەوەی زانستی سروشتی لەسەر سیادەی ماهیەتی تەکنۆلۆژیا وەستاوە، نەک بە پێچەوانەوە، پێویستە لە سەرەتاوە بڵێم من دژی تەکنۆلۆژیا نیم و شتیکم لە دژی نەوتووە ، یان شتێک کەپێدەوترێت شەیتانیەت لە تەکنەلۆژیادا، بەڵام هەوڵدەدەم لە ماهیەتی تەکنۆلۆژیا بگەم.

بەڵام کاتێک باس لە ترسی تەکنۆلۆژیا کە زیاترە لە مەترسی چەکی ناوکی، مەبەستم ئەوەیە ئەوەی ئەمڕۆ گەشەی پێدراوە وەک بیوفیزیا، ئێمە دەتوانین لە ماوەیەکی دیارکراودا، مرۆڤ درووستبکەین، واتا لەسەر ئەو بنیادەی کە لە ماهیەتی ئەندامیەی پەتیدا هەیە، بەپێی ئەوەی پێویستمانە ماهرن، یان ناعاقڵن، یان تەمەڵن، بۆیە پێویستە ئەو هەڵە تێگەیشتنە ڕەفز بکەینەوە کە وامانلێدەکات دژی تەکنۆلۆژیا بین کە من لە تەکنۆلۆژیادا دەیبینم بە دیاریکراوی لە ماهیەتەکەیدا، مرۆڤ لەژێر هێزدا تەحەدای دەکات و ناتوانێت لێی سەربەست بێت.

* هەموو شتێک پەیوەستە بەدیاریکردنی خود، ئایا تەکنۆلۆژیا چیەو بۆ لەسەر مرۆڤ چڕبووەتەوە، مرۆڤ ناتوانین هەموو شتێک بزانێت و ئەو کارانەی دەیکات ماهیەتی بزانێت، ئایا ئاماژەیەک هەیە بۆ ئەو کارەی کە بیری لێدەکاتەوە و دەبێتە واقیع؟

– کەس نازانێت مەسیری بیرکردنەوەی چی دەبێت، پێشتر لە ساڵی (1964) باسێکم لەسەر (کۆتایی فەلسەفە و ئەرکی بیرکردنەوە)و تەوەر جیاوازی لەنێوان فەلسەفە و بیرکردنەوەم کردوە وەک ئەوەی لێیدەکەم.

ئەوەی بیرکردنەوە لە فەلسەفە جیاوازدەکان لە رێگەی روونکردنەوەی ماهیەتی چەمکی یۆنانی (aletheia) ئەم بیرکردنەوەیە، کەخودی شتەکە خۆیەتی بەبەراورد لەگەڵ بیرکردنەوەی میتافیزیکی، کە زۆر ئاسانترە لە فەلسەفە، بەڵام بەهۆی ئاسانی زۆر قورسترە لە کاتی ئەنجامدانیدا، چونکە داوای گرنگیدان بەزمان دەکات، نەک داهێنان لە زاراوەی نوێ وەک پێشتر دەمانزانی، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ ناوەڕۆکی بنچینەیی زمانە تایبەتیەکەمان.

# میتافیزیک لای هایدگەر

نوسینی: محەمەد ئەلمزوغی*
لە عەرەبییەوە: لوقمان رەئوف

مەبەست لە میتافیزیک هەموو وێنایەکە بۆ جیهانێک کە ئەگەری بوونی ئەنێکی (کائن) رۆحانی پەیوەست بە دەروونی گەردوونەوە لێدەکرێ و تایبەتە بەوانەوە. لەراستیدا میتافیزیک لە هەموو سەردەمەکاندا و لای هەموو گەلانی هەبووە و دۆزرایەوە، ئەمەش لێکۆڵینەوە ئەنترۆپۆلۆژیە نوێکان سەلماندویانە، بەوەی هیچ کۆمەڵە مرۆڤێک نەبوون رۆشنبیرییان لە وێناکردنی ئەنە جیاوازەکان دابڕابێت لە دەرەوەی ئەم گەردوونە، چونکە هێزی سەرووی سروشت بێهاوتایە و توانای دەستوەردانی لە دیاردە سروشتییەکان و مرۆییەکاندا هەیە و بەو ئاقارەیدا دەبات کە دەیەوێت. ئەم خەملاندنانەش یەکەم بنەمایە بۆ سەرهەڵدانی بیری لاهوتی لە ئاینە جیاوازەکاندا.

**میتافیزیک چییە؟**

لەساڵی (1929) وانەیەکی لە سەرەتای ساڵدا لە زانکۆی فرایبورگ بە ناونیشانی (میتافیزیک چیە was ist metaphysic) وتەوە، لەم وانەیەشدا راستەوخۆ قسەی لەسەر میتافیزیک کرد وەک گەشەی مێژوویی و شێوەکانی و ئەو دەرئەنجامانەی کە لە کۆن و نوێدا هەبوون.

مەسەلەی میتافیزیک مەسەلەیەکی گشتگیرو پەیوەستە بە هەموو شتێکەوە، بە تایبەتی دازارین کە ئەم مەسەلەیە دەخاتەڕوو ئێمە ئێستاو لێرەدا بۆ خۆمان دەپرسین، لەناو هەموو کائنەکاندا مرۆڤ بەرامبەر بوون

دەوەستێ و  پرسیار لەخۆی و ئەو جیهانەی دەوری داوە دەپرسێت.

لە سەرەتاشەوە هایدگەر لەوە دەپرسێت ئەو شتە چییە کە قووڵایی بوونی ئێمەی گرتووە، بۆ ئـەوەی زانست بێتە مایەی کـار، بـەڵام لە دواجاریش و لە کۆتایی ڕێگەدا، ڕێگەیەکی تایبەتی نییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کائنەکاندا.

بیری پەتی پێیوایە زانست بریتیە لەبواری بابەتی رەها، چونکە زانست رەمزی دەستوەردانی خود لە بینای بابەتەکاندا دەکات، چونکە دوا وتەی کۆتایی خود دوان، ئەم باسە زانیستەش گەورەترین بەدەستهینراوی مرۆڤە.

هایدگەر دەپرسێت کرۆکی چالاکی زانستی چییە؟ بەپێی گوزارشتی تایبەتی خۆی، پێوایە مرۆڤ وەک کائینیک لە نیو کائنەکانی تردا کار بەزانست دەکات، لەناو ئەم چالاکیانەشدا دەچێتە ناو هەموو بوونەکانەوە و دەیەوێت پێکهاتە و نهێنیە قووڵەکانیان بزانێت، لە هەمانکاتیشدا ئەم چوونەش ناگاتە دوا ئەنجامی، چونکە پێیوایە ئەوەی زانست بە دوایدا ئەگەری، تەنها بوونەو شتێک نییە لە دەرەوەی، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە، چۆن زانست لەگەڵ نەبووندا مامەڵە دەکات؟ زانست نەبوون رەفز دەکات وەک نەبوون وەلای دەنێت، چونکە زانست دەیەوێت شتێک بزانێت کە نەبوونە.

لە ڕوانگەی دڵەڕاوکێی بنچینەییەوە (القلق الاصيل) کە هایدگەر سەرقاڵی بەشتەکان و خۆمانەوە دەیناسێنێت و پێیوایە (دڵەڕاوکێیەکی قووڵە و لەناو مرۆڤدا دێت و دەچێت وەک ژنێکی بێدەنگ و هەموو مرۆڤ شتەکان کۆدەکاتەوە) ئەم دڵەڕاوکێیەش شتێکی خراپ و قێزەون نییە، لە ڕوانگەی ئەم ئەزموونگەریەشەوە حاڵەتێکی دەروونی تایبەت هەیە، مرۆڤ خاتە بەردەم نەبوونی خود، ئایا ئەم حاڵەتە چییە؟ هایدگەر وەڵامدەداتەوە

کە ئەوە تۆقین(الرعب–Die Agst) زاراوی تۆقین بەتەواوی جیاوازە لەچەمکی ترس (خوف)، چونکە ئەمەیان چینیکی واقیعی راستەوخۆی شتکی دیاریکراو دەردەخات و لە دەرەوە هەڕەشەی لێدەکرێت، بەڵام تۆقێن دیاری ناکرێت بەشتێک، چونکە شتەکان لێی دوردەکەونەوە و لە ئەنجامی ئەم لێدورکەوتنەوەیەش بەرەو ئێمە دێت (تۆقین نەبوون) ئاشکرادەکات ئێمە لە تۆقنیندا راماوین، یاخود تۆقین وامانلێدەکات راماوبین، چونکە بوون لەناو رستەکانیدایە، کەواتە نەبوون لە تۆقیندا دەردەکەوێت وەک بوون یان بابەت، بۆیە نەبوون لەسێدارەدانە (Nichtung)بریتی نییە لەسێدارەدانی بوون، بەپێی هایدگەر لە رێگەی نەبوونەوە مرۆڤ دەتوانێت بەرەو بوون بڕوات، بەڵام بەو پێیەی مرۆڤ پەیوەستە بە بوونەوە، بوون بنچینەیە، لە مەسەلەی نەبووندا دەچن بۆ ئەوەی لە دەرەوەی سروشتە، بەڵان پەیوەندی بە میتافیزیکەوە چییە، هایدگەر دەڵێت(هیچ شتێک، لە هیچ شتدا روودەدات) میتافیزیکی کۆن وا وینای دەکات، عەدەم نەبوونە، واتە مادەیەکە وێنەی نییە و لە توانایدا نییە وێنەو شێوەی دەربخات.

### تێپەڕاندنی میتافیزیک

هایدگەر ئەوە دەخاتەڕوو کە میتافیزیک هەموو شتێکە و هیچیش نییە، قەدەرێکی دیاریکراوی گەلی ئاڵمانیا بە تایبەتی و رۆژئاوا بە گشتیە، ئەم لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە ئەو دەوایەکە و وا لە مرۆڤایەتی دەکات کەلێی رزگار بێت، بۆ ئەوەی پەیمانێکی نوێ بنیاد بنێنەوە، ئەمەش لەلایەکەوە بۆ ئەوەیە کە تێپەڕێنێت و شێوەکانی ببڕێت، لەلایەکی تریشەوە جەخت لەسەر حاڵەتی تێپەڕاندنەکە دەکات، لەلایەنی سێیەمیشدا بانگەشە بۆ ئەوە دەکات، کە تێپەڕاندنی میتافیزیک واتە پاراستنی، چونکە میتافیزیک وەک

بەرگێکی نوێی دێنەوە و پارێزگاری لە شکۆی خۆی دەکاتَ.

لەگەڵ ئەمانەشدا هێرشدەکاتە سەر پرۆتستانت و رەشبینی خۆی دەردەخاتَ، بەهۆی ئەمەشەوە کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی بەجێهێشتوەو بڕوا بەو قەدەرە دەهێنێتَ کە خۆی باسیدەکاتَ، لە هەمانکاتیشدا نایەوێتَ لێی بێدەنگ بێتَ، تاوەکو کۆتایی کارەساتەکە، هایدگەر لەساڵی (1951) دەقێکی لەسەر ئەم بابەتە نووسی و وانەی لە بارەیەوە وتووە و بووە یەکەم کەس کە بانگەشەی ئاشتی کردبێتَ لەگەڵ کارکردن لەسەر لاوان، بۆ ئەوەی بە جددی بیربکەنەوە و ئاشتیان خۆشبوو بێتَ، بەڵام نەیتوانی ئەم هەنگاوە بهێنێتەدی.

* مامۆستا لە پەیمانگای لێکۆلینەوەی عـەرەبـی ئیسلامی لە رۆما.

**سەرچاوە:**

**WWW·DOROOB·COM**

# فەلسەفەی بوونگەرایی

## مارسێل، هایدگەر، سارتەر

ئامادەکردنی: دانا عەبدولڕەحمان

بوونگەرایی ئەمڕۆکە وەک چەمکێکی فەلسەفی لە هەوڵی بەدەستهێنانی زیاتری سەربەخۆیی خۆیدایە، وەک پرسێکی مرۆڤ لە پێناوی مانا بەخشینەوە بەو بوونەی کە تێیدایە، لێرەوە دەتوانین بڵێین بوونگەرایی (الوجودیە) شۆڕشێکی مرۆڤانەی تاکە، لەپێناوی بەدەستهێنانەوەی خودی خۆی و بەرجەستەکردنی لە پانتاییەکی فراواندا وەک گرنگترین ماهیەتی بوون، لەنێو ئەم جیهانە بێکۆتاییەی بووندا دیارە، ئەم شۆڕشەش دوورە لە شێوازی شۆڕشە خوێناوییەکان، بەڵام لە ماناو بەرجەستەکردنەکانیدا، ڕەنگە شۆڕشێکی گەورەی مرۆڤ بێت، لە پێناوی مرۆڤدا بە پێچەوانەی مانای شۆڕشەکانی ترەوە کە لە پێناوی دنیایەکی باشترە بۆ مرۆڤ، هەربۆیە فەیلەسوفەکانی بوونگەرایی گرنگی نادەن بە لێکدانەوەی بابەتییانەی گەردوون و دەوروبەر و کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی سەردەم، بەقەدەر ئەوەی لێکۆڵینەوە لە خودی مرۆڤ دەکەن، لەو پانتاییانەدا بە راستیە مرۆییەکاندا ڕۆدەچن، بەڵام بە داخەوە لە وڵاتی ئێمەدا، ئەو هزرە بە شێوازێکی سەیر وەرگیراوە، زۆرکات زیادەڕۆیی دەکرێت لە پەیڕەوکردنی بەبێ قوڵبوونەوەی لە ماناکانی.

### بوون لە مێژووی فەلسەفەدا

لەگەڵ ئەوەی بوونگەرایی وەک فەلسەفەیەکی خودی مرۆڤ لە سەردەمی هاوچەرخدا سەریهەڵداوە و پێگە تایبەتمەندەکانی خۆی لە

هزری هاوچەرخدا سەپاندووە، بەڵام دەتوانین سەرهەڵدانەکەی بۆ مێژووییەکی زۆر دێرین بگێڕینەوە، لێرەدا هەوڵدەدەین زۆر بە کورتی باسێک لەو رووەوە پێشکەش بکەین.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمە زۆر سەرەتاییەکانی ژیانی مرۆڤایەتی لەدوای تێپەڕاندنی دنیای ئاژەڵی، پێش بیری فەلسەفی لەو قۆناغەدا مرۆڤ هەوڵیداوە بۆ گەیشتن بە جۆرێک لە تێگەیشتن لە خودی خۆی و جیهانی دەوروبەری کە بووەتە هۆی لەدایکبوونی بیری ئەفسانەیی.

لەو ساتانەی کە مرۆڤ نەیدەتوانی هاوسەنگیەکی دروست لەنێوان جیهانی خەون و جیهانی ماددی خۆیدا بکات، ببووە نێچیرێکی لاوازی دەستی گومان و ململانێ ناوەکییەکانی خودی خۆی و کێشە ئەزەلییەکانی لەگەڵ کارەساتە سروشتیەکان و ئاژەڵە درندەکان و ئەو سروشتە پڕ لە نهێنیەی کە بەسەریەوە دەژیا، مرۆڤی سەرەتایی پەنای بردوەتە بەر جۆرێک لە پێکهاتنی ئەندێشەیی، تابتوانێت لێوەی لە بوونی خۆی دڵنیا بێت، کە ئەویش ئەفسانەیە، بەمجۆرە یەکەم راڤەی مرۆڤ بۆ بوون لە ئەفسانەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، یەکەم هەوڵیشە بۆ بەدەستهێنانی ناسنامەی خودو تێگەیشتن لە بوونی، ئەو بەشانەش لە ئەفسانەکە پەیوەندی هەیە بە جیهانێکی ترو ژیانێکی دی لە نێویدا رۆڵێکی گرنگی هەیە لە بوونی مرۆڤانەدا، چونکە زانستی مرۆڤایەتی (ئەنترۆپۆلۆژیا)ی تازە وا دەڕوانێتە هۆشیاری بۆ مەرگ کە ئەندامێکی سەرەکییە لە پێکهاتنی بوونی مرۆڤانە.

بەمجۆرە مرۆڤ کەوتووەتە ململانێیەکی بەردەوام لەگەڵ ئەو تەمومژانەی کە بوونیان داگیر کردووە لەشێوەی چەندان دیاردەی دژو پێچەوانە، لە پێناوی گەیشتن بە مانای وەڵامێک بۆ پرسەکانی وەک (سەربەستی، بەرژەوەندی، کات و شوێن، مەرگ و لەدایکبوون، سەرەتاو

کۆتایی، برسێتی و سێکس) کە بوونەتە هۆی ئەوەی جۆرێک لە خۆشەویستی بۆ دۆزینەوەی (حب الاستطلاع) لە عەقڵی مرۆڤایەتی جێگیر بکەن، وەک پێویستییەک لە بوونی مرۆڤایەتی، ئەرستۆ لەمبارەیەوە دەڵێت: «هەموو مرۆڤێک بە سروشتی خۆی ئارەزووی هەیە بۆ زانیاری».

**فەلسەفەی کۆن:**

لێرەوە هزری ئەفسانەیی تێدەپەڕێنین بەرەو سەرەتاکانی هزری تێرامانی و بەرئەنجامەکانی، کە بوونە هۆی سەربەخۆ بوونی بیر لە دنیای شتەکان و لەدایکبوونی راڤە فەلسەفییەکان، زەمەنێک دەستیپێکرد کە مرۆڤ لە خەونی ئەفسانەیی راپەڕی و هۆشی هاتەوەبەرو هزری رەخنەیی و وروژاندنی گومانێکی جەزری بووە شتێکی واقیعی کرداری، لەم ماوەیەدا دەبینیت، بابەتەکانی بوونگەرایی بە شێوەیەکی راستەوخۆ زیاتر باسی لێوە دەکرا، ئەم قۆناغە بە بۆچوونی کالپاسپێرز (گەورەترین خاڵی وەرچەرخانە لە دامەزراندنی مرۆڤایەتیدا) کە بووە هۆی دامەزراندنی چەند شارستانیەتێکی گـەورەی وەکو (چین، هیند، یۆنان). گرنگترین رووداوی هزری لەم ماوەیەدا، دۆزینەوەی رەگی عەقڵانیەت بوو، کە هاوشان لەگەڵ بنەماکانی بوونگەراییدا بوو، بوونی ئایین، هاوکات رەتکردنەوەی تازەگەرییەکانی ئەم چەرخە بە بۆچوونی کارل یاسپێرز (مرۆڤ هۆشمەند بوو بە شێوەیەکی گشتگیر بەخۆی و سنورەکانی)، بەمجۆرە مرۆڤ بەرەو ڕووی خۆی بووە بە ئامڕازی نوێ لەبیر کردنەوەدا بە رێگایەکی تازە ململانێیەکی زیاتری کرد، لەپێناو زاڵبوون بەسەر کێشەکانی خودو تێگەیشتن لێی بە مانای نوێ.

ماکوری ئەم زەمەنە لە فەلسەفەی کۆندا، دابەشدەکاتە سەر سێ تەوەری سەرەکی کە بریتین لە:

1- بیری عیبرانی لە چەرخی پێغەمبەران (نێردراوان)دا.
2- فەلسەفەی ئایینی رۆژهەڵاتی.
3- رۆشنبیری یۆنانی کلاسیکی.

دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین کە رۆشنبیری کلاسیکی یۆنانی گرنگترین ئەوەرە و پەیامێکی فەلسەفی زۆری تێدایە، کە تاکو هەنوکە کاریگەرییەکانی دیارە، بۆیە لێرەوە باس لە بوون دەکەین، لەلای چەند فەیلەسوفێکی یۆنانی زۆر بە کورتی فەیلەسوفەکانی یۆنان بەرەو جیهانی دەرەکی رۆیشتوون و کردوویانە بە بنەمای لێکۆڵینەوە و بڕیارە فەلسەفییەکانیان، کە زۆر کات بە سروشتی ناودەبرێت، هەربۆیە بوونی چۆنایەتی تایبەتمەندی مرۆڤ بەشێکی ناسەرەکی پێکدێنێت لە فەلسەفەکانیان.

**بوون چییە؟!**

تالیس بە ئاو وەڵامدەداتەوە و ئەنکسەمەندریس بە مانای بێکۆتایی لەباری چەندی و چۆنیدا وەڵامدەداتەوە، فیساگۆرس بیرۆکەی بوون بە چوار شت دەبینێت، کە هەریەکەیان بیرۆکەیەکی تایبەتە ئەوانەش (ئاو، هەوا، ئاگر، خاک)ە. لای (هێرۆقلیس)یش بریتییە لە ئاگری نەمری خوداوەند، سوقرات لەناو هەموو فەیلەسوفەکانی یۆناندا گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە پێکهێنانی فەلسەفەی بوون، ئەوەش لەو گۆڕانەوە دێـت لە فەلسەفەی سوقرات کە بریتییە لە گواستنەوەی بایەخدان لە سروشتەوە بۆ مرۆڤ، بەو گوزارشتەی کە تەوەری گەڕانێکی فەلسەفەیە و پرسی زاتی مرۆیی مێتۆدێکی فەلسەفی زانیارییانەیە، هەروەها زاتی کە مەبەست و ئامانجی فەلسەفەیە، کە ئەمەش لە بۆچوونە زانراوەکانی سوقراتدا دەردەکەوێت وەک (بەهێزی، ئازایەتی، دادپەروەری)و داوای لە خەڵک کردووە کە زیاتر قووڵ ببنەوە لە زاتی خۆیان و لەو ژیانەی کە تێیدا دەژین و بەشداری

کرداریی ئیادا دەکەن بەو وەسفەی کە مرۆڤێکن. سوقرات لە هەمانکاتیشدا بە بەرگریکەرێکی گەورە لە ئەقلانیەت دەژمێردرێت، بۆیە دەتوانین پوختەی تێڕوانینی سوقرات بۆ بوون بەمجۆرە چڕبکەینەوە (عەقڵانیەت ناوەڕۆکی هەر بوونێکی مرۆڤایانە و کەسی راستییە).

**مەسیحیەت و بوون:**

سەبارەت بە ئایینی مەسیحی و پرسیی بـوون، بە هەمانشێوەی فەیلەسوفەکانی یۆنان پانتاییەکی ناسەرەکییان داگیر کردووە، کە دەتوانین بەمشێوەیە چڕی بکەینەوە، حەزرەتی مەسیح وا تێگەیشتووە لە ژیان کە (بوون)ە لە بەرەو رووبوونەوەی کۆتاییدا.

بە بۆچوونی وینسربالنمان، تابعێکی بوون هەیە لە فێرکارییەکانی حەزرەتی مەسیحدا کە ڕوون دەبێتەوە لە تەرکیزکردنە سەر ساڵی کۆتایی، بەو تایبەتمەندییەی کەسانی تۆبەکار و پەشیمان بووەوەیە، هەروەها گواستنەوەشە لەشێوە پەرستیەوە بۆ پاڕانەوەیەکی حازری وەک ئامادەبوونێک بۆ ئەو کۆتاییەی کە نزیکی پاڵنەری سەرەکی پشت پاڕانەوەیە گەیشتنە بوونێکی ئەسڵیە وەک لەم ئایەتەی ئینجیلدا دەردەکەوێت: (ئەوەی داوای دڵسۆزی لەخۆی کرد ماندووی دەکات)، ئەوەشی ماندووی لە فێرکارییەکان و بانگەوازەکانی ریفۆرمیستی مەسیحی مارتن لۆتەردا (1483–1546). چەندین بابەتی جیا بۆ بوونگەرایی دەرکەوتووە بە شێوەیەکی روون، لۆتەر رەخنەیەکی زۆری لە بەپیشەبوونی ئایین گرتووە، هەروەها دژی توندوتیژی کەنیسەیی بووە، هەروەها خراپەکارییەکانی پیاوانی ئایین لە پاڵ مەسیحدا بەرگری لە سەربەستی پیاوی مەسیحی کردووە و بەرپرسیاریەتی بوونی تاکرەهەندی لە کۆمەڵگای مەسیحدا.

مارتن لۆتەر دەڵێت: «زانیاریت دەربـارەی مەسیح بۆ ئەوەیە، کە بزانیت چی پێ بەخشیوی»، هەروەها دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت کە لەلای لۆتەر توندترین رەگەزی رەشبینی بوونی هەیە لە بوونگەراییدا، هەستکردن بە دابڕانی مرۆڤ و لەدەستدانی نرخی هاوشانە لەگەڵ دڵسوزی و کارامەیی لە ژیاندا.

## سەردەمی بوژانەوە و بوون:

لە چەرخی بوژانەوە و ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی زانست، بووە هۆی تەفسیرێکی نوێ و زانستی نوێ بۆ بوون بکرێت، کە باسکردنی پەیوەندی هەیە بە زانستەوە، نەک فەلسەفە.

لەبواری فەلسەفەشدا لە سەردەمی دیکارتەوە نەزعەی عەقڵانیەت کۆنترۆڵی بوارەکانی فەلسەفەی کـردووە، وەک لە قسە بەناوبانگەکەی دیکارتدا دەردەکەوێت (من بیردەکەمەوە، کەواتە هەم) بۆیە لەو باڵا دەستیەی عەقڵانیەتدا پرسی بوون لاوازییەکی زۆری تێکەوت، بەڵام هاوکات دەنگی نارەزایەتی لە چەندان لاوە بەرزبووە لە دژی نەزعەی عەقڵانیەت و ئەقل پەرستی وەک «یۆهان جۆرج هامان» (1730–1788) کە رەخنەی زۆری لە کانت و عەقڵانیەتی سەردەمەکەی گرت، کە دواتر کاریگەری زۆری لەسەر فەیلەسوفی بوونگەرایی کیرکەگۆر بەجێهێشت.

## مارکسیزم و بوون:

مارکسیزم گرنگی بەو پانتایەتیە دەدات کە مرۆڤی تیا درووست دەبێت و لێوەی وەک بەشێک لە چینەکەی، کە هەڵگری تایبەتمەندییەکانی چینەکەیەتی دەناسێنێت، کەواتە خودی مرۆڤ لە پێشدا یەکەیەکی ئابوورییە

و بەشێکە لە کۆمەڵ، هەروەها بەها دەخاتە پێش بوون.

بەهای مرۆڤ چییە لە مارکسیزمدا؟ بەها بریتییە لە حوکمێکی مرۆڤانەی فەلسەفی بۆ دیاریکردنی پێوانەکان بۆ شتەکان و جیهانی دەوروبەر، کەواتە بەها هەڵوێستی خودە لە بەرامبەر بابەت، کە بناغەی ئەم هەڵوێستەش بەشێوەیەکی رەخنەییە نارەزایی بوونە و رەتکردنەوەی تاکو تەنهاییە لەسەر جیهان و ناڕەزایی بوونە بەمشێوە سەپاوەی کە سیستمەکەی ئارەزوو هیواکانی مرۆڤ لەبەرچاو ناگرێت، لە پێناوی ئەوەی ئەم بوونە تەنیا بۆ مرۆڤ بێ و بەس و دوور بێ لەململانێ و بەرژەوەندی تایبەت.

**فەیلەسوفەکانی بوونگەرایی:**

بیرمەندی دانیمارکی کیرکەگۆر (1813–1885) بە یەکەم دامەزرێنەری فەلسەفەی بوونگەرایی دەژمێردرێ، بەرهەمە سەرەکییەکانی (ئەم یان ئەو 1843)، (چەمکی ترس 1844)، (تا مردن 1849)، بەرهەمی یەکەمی باس لەکێشەکانی مۆزیک دەکات، بەڵام دوو کتێبەکەی تر، باس لە چەمکی هەڵەی یەکەمجار دەکات و وەسفکردنی جۆرەکانی گومان و رەشبینییە.

کیرکەگۆر رەخنەی لە فەلسەفەی هیگڵ گرتووە، لە ڕوانگەیەکی خودی زیادەرۆییانەوە، راستی بەلایەوە هەمیشە خودییە و لە بواری رەوشتدا مژدە پێدەری رەشبینی تەواو ترس و رقە لەناو خەڵکدا، هەروەها باوەڕیوایە کە بوونی ئاینی باڵاترین جۆری بوونە بەسەر هەرسێ جۆرەکەی تری بوونی مرۆڤدا (جوانی–رەوشت–ئایین). کارنامەی سەرەکی چەمکی بوون لەلای کیرکەگۆر بریتییە لە ئاوێتەیەک لەنێوان (کۆتایی هاتوو، کۆتایی نەهاتوو، کاتی و ئەزەلی)دا. لە ساڵەکانی کۆتایی ژیاندا هێرشێکی زۆری کردووەتە سەر کەنیسەی دانیمارکی، چونکە پێیوابووە کەمیە لە خواپەرستیدا. فەیلەسوفی

ئاڵمانی نیتچە (1844–1900)، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ئایدۆلۆژیای فاشیزم، مامۆستا بووە لە زانکۆی بال لە سویسرا، زۆربەی بۆچوونەکانی نیتچە لەساڵانی (1869–1879) پێکهاتووە، لەو ماوەیەی کە سەرمایەداری پێینایە قۆناغی ئیمپریالیزمەوە و پەرچەکرداری ئایدۆلۆژیای بۆرژوازییە لەسەر گەورە بوونی جیاوازییە چینایەتیەکان و ئەو جیهانەی کە ڕق و تووڕەیی و کێشەی کۆنترۆڵ کردووە، بەلای ئەوەوە کۆیلایەتی ناوەڕۆکی رۆشنبیرییە، ئیستغلال کردن ئەبەستێرێتەوە بە ناوەڕۆکی هەموو شتەکانەوە، بیرەکانی تەرکیزیان کردووەتە سەر (کلێپەسەندنی شۆڕش و حەتمیەتی) لەوەشەوە جیاوازییەکی زۆر توندی کردووە لەنێوان ئەو ئایدۆلۆژیانەی کە ئەبێتە پەروەردەکردنی ملکەچکەران لەنێو میللەتداو ئەو ئایدۆلۆژیانەی کەئەبێتە پەروەردەکردنی تیپێک لەگەورەکان، بەرەوشتی گەورانەوە، بەردەوام بەرگری لەم نەزعە توندڕەوە زیادەڕەویانەکردوە لەرەوشتی تاکدا.

فەلسەفەی نیتچە، فەلسەفەی ئیرادەیە، ئیرادەی کرداری بەململانێ زانیوە لەپێناوی بووندا، کەلەئاستێکی تر گەورە دەبێ‌و ئەبێ بەئیرادەی هێز، کەبەلایەوە هێز پاڵنەری گشتگیری پێشکەوتنە، هەروەها ئەفسانەی گەڕانەوەی ئەزەلی لە بەرامبەر تیۆری زانستی پێشکەوتن داناوە، بەرهەمە سەرەکییەکانی بریتین لە (زەردەشت وەهای وت، لەدایکبوونی تراژیدیا، مرۆڤدۆست، فرە مرۆڤدۆست).

**گابرێل مارسێل (1889–)**

فەیلەسوف و نووسەری فەرەنسی **گابرێل مارسێل** مامۆستا بووە لە زانکۆی سۆربۆن. بوونگەرایەکی کاسۆلیکە و گرنگترین بەرهەمەکانی بریتین لە (رۆژانی میتافیزیکا 1925) (الکینونە والمکیە 1935)، (بشر ضد انسانی

1951) لەناو هەموو بونگەراکاندا سەرسام بووە بەکیرکەگۆر، باوەڕی وابووە کە فەلسەفە جیاوازە لەو جیهانەی کە لە شتەکان دەکۆڵێتەوە، واناڕوانێتە بوونگەرایی کە ئەزموونی ژیانی رۆحی تاک بێت، ئەزموونی بوونگەرایی ناعەقڵانیە لە ناوەڕۆکدا وەک نهێنیەک وایە کە تێیدا چاکسازی دەکات، وەک بابەتێکی باوەڕ. لەلای مارسێل مرۆڤ دەتوانێت درک بەبوونی خوا بکات، لە رێگای ئەزموونێکی وجودیانەوە، بۆیە پێویستە کورتەیەکی بەڵگەی عەقڵی هەبێت بۆ بوونی خوا، هەروەها زانستی مۆڕاڵ لەلای ئەو بە باوەڕی کاسۆلیکی تایبەتە، وەک (قەزاو قەدەر، سەربەستی و ئیرادە).

**مارتن هایدگەر(1889-1976)**

یەکێکە لە دامەزرێنەران و بانگهێشتکەرانی بوونگەرایی ئاڵمانی، بەرهەمە سەرەکییەکانی (کانت و کێشەی میتافیزیکا 1929)، (دەروازەیەک بۆ میتافیزیکا 1935) هەروەها چاکسازی کردووە لە ئایدۆلۆژیای سۆسیالیزمی نیشتمانی لە وتارێک کە وتارێکی سەرەکی لە فەلسەفەی هایدگەردا (الزمانیە)، وایدەناسێنێ کە هەڵچوونی ناوەکی مرۆڤە، وەهم و دڵەڕاوکێ، شێوەکانی پێشوەختی کەسایەتی مرۆڤن لەلای هایدگەرو بەعەقیدەی بوونیان دەزانێت، مرۆڤ لە تێڕوانینی هایدگەردا ناتوانێت گرنگی و گەیشتنە باڵای بزانێت تەنیا بەو هەستکردنە نەبێت، کە لە بەرامبەر مەرگ و وەستاوە رووبەڕووی، هەروەها رەشبینیەکی قووڵ و دوژمنایەتییەکی توندی زانست بە تەواوی هەیە لە بوونگەرایی هایدگەردا.

**ژان پۆل سارتەر (1905–1980)**

فەیلەسوفی فەرەنسی کە بە ئایدیای (بوون) و (پوچگەرایی) بەناوبانگ بوو، تەوەرەی سەرەکی فەلسەفەی سارتەر مامەڵەکردن بوو لەگەڵ (بوون) و (مرۆڤ)دا.

چی وامان لێدەکات بەوەی ببین بەوەی کە هەین و چیش وامان لێدەکات (ببین بە مرۆڤ)، (ئازادی)یش بە یەکێک لە بەها گرنگەکانی فەلسەفەی سارتەر دادەنرێت، لە دوانووسینەکانیدا، سارتەر روویکردە، مارکس بۆ کۆمەڵگاو گەیشتە ئەو بڕوایەی هەندێک کۆتو بەندی کۆمەڵگا هەن، مەحاڵە بتوانرێت لەناو ببرێن و بۆ چارەسەرکردنیان پێویستە شۆڕش ئەنجامبدرێت، سەرەڕای بۆ چوونە فەلسەفییەکانی سارتەر پێیوابوو، مرۆڤی بێ خودا کائینێکی تەنهایە و بێ مەبەست هەنگاو دەنێت، بۆیە هەردەم دووپاتی دەکردەوە کە بیروباوەڕە ئاینییەکان، بەردەوام لەگەڵیدا ژیاون و لێی دانەبڕاون، لە گرنگترین بەرهەمەکانی (ئەندێشە 1963)، (هێڵنج 1938)، (بوون و نەبوون 1943)، (راستی بوون 1979).

**چەند بابەتێکی سەرەکی لەفەلسەفەی بوونگەراییدا:**

ئەگەر وشەی (بوون) چڕو کورت بکەینەوە لەسەر ئەو جۆرەی بوون، کەخۆی دەنوێنێت لەدۆخی بوونی خودی مرۆڤدا، ئەگەر بمانەوێت پرسیار بکەین لەسەر ئەمجۆرەی بوون و جیای بکەینەوە لە جۆرەکانی تری بوونی مادی و ئاژەڵی، پێویستە باس لە چەند تایبەتمەندییەکی جیاکەرەوە بکەین لە نێوانیاندا.

بوونگەراییەکان وا دەڕوانـنـە زاراوەی (بوونگەرایی) کە دۆخی دەرچوونە لە خود بەڕووی جیهانی دەرەوەدا، واتە تێپەڕاندنی خود لەپێناو

بەرجەستەکردنی خود، لە پانتاییەکی فراواندا، کە ئەمەش تایبەتمەندییەکی مرۆڤانەیە لە بووندا و جیای دەکاتەوە لە دنیای بوونی ئاژەڵی و ماددی، راستە هەموو شتەکانی تر دەرکەوتوون وەک ئەوەی هەن، بەڵام ئەگەر بەمانایەکی قوڵ تێی رابمێنین بەنێو هەموو بوونەوەرەکانی سەرزەمین، بە تەنها مرۆڤە کە دەردەکەوێت وەک بوونەوەرێک، بەردەوام درێژە ئەداتە بوونەوەربوونی لە رێگای هۆشیاری تێدەگات ئەو چییە؟، یان چۆن؟! ئەی دەیەوێت ببێت بەچی، یان لەوانەیە چی لێپێکبێت؟.

ئەم تایبەتمەندیەش هاوشانە لەگەڵ ئەو سروشتەی لە مرۆڤدایە کە بەردەوام رایدەکێشێت بەرەو بوونێکی تری جیاواز لە دۆخی پێشتری، بەپێی پێوانەی عەقڵی، ویست و ئارەزووەکانی بۆ ئاینده، ئەمەش سەلمێنەری ئەو راستییەیە کە هیچ خەسڵەتێک لە مرۆڤدا جێگیر نییەو بەردەوام لە گۆڕاندایە، ئینر دیالەکتیکی بێت، یان بەرەبەرەیی، بەڵام ئەگەر ئاسن، یان هەر ماددەیەکی کیمیاوی سەربەخۆ وەربگرین، دەبینین کۆمەڵێک خەسڵەتی جێگیرو نەگۆڕی سنورداری تێدایە، بە هەمانشێوە ئاژەڵیش، بەڵام ئەگەر لێرەوە باس لە سێرک بکەین، کە دەیان ئاژەڵ پرۆڤەی تێدا دەکەن و کۆمەڵێک چالاکی ئەنجامدەدەن، کە جیاوازە لە خەسڵەتە جێگیرەکانیان، بەڵام ناگاتە ئەو راستییەی کە بوونی ئاژەڵ نزیک بکەینەوە لە بوونی مرۆڤ، چونکە ئەوە تەنها بۆ ساتی نمایشە، دوورە لە هۆشیاری، بەڵکو دەقپێگرتنە.

دەتوانین بوونی ئاژەڵ بەو جۆرە لێکبدەینەوە کە بوونی لەنێوان بوونی ماددەی بێگیان و بوونی مرۆڤدایە، بۆ هەندێگ لە تایبەتمەندە بایۆلۆژییەکانی هاوبەشە لەگەڵ مرۆڤدا، بەڵام مرۆڤ لەڕووی بایۆلۆژییەوە لە هەموو بونەوەرەکانی تر کاملترە، تەنانەت تایبەتمەندییە ئاژەڵییەکانیشی

به شێوەیەکی مرۆڤانە بەرجەستە دەکـات، گەرچی زۆر کات مرۆڤ لەبەرجەستەکردنی تایبەتمەندییە هاوبەشەکان مامەڵەیەکی ئاژەڵی دەکات، بەڵام لەگەڵ بەرەو پێشەوەچوونی زیاتری، مرۆڤ وادەکات تایبەتمەندییە هاوبەشەکان بەوێنەوە بەرجەستە بکات، کە خولیایەتی و توانایەکی زیاتر لە ئاژەڵ بە هەدەر دەدات لەو پێناوەدا، لەگەڵ ئەمانەشدا ئەگەر مرۆڤ بوونی خۆی تەنها لە غەریزەوە ببینێت، ئەگەر ئاژەڵ نەبێت جۆرێکی لە بوونی ئاژەڵی باڵا، مانا مرۆڤایەتییەکانی بوونی سڕاوەتەوە!.

تایبەتمەندییەکی تری جیاکەرەوەی مرۆڤ لە دنیای بوونەکانی تر رۆحە یان ویژدانە، ئەگەرچی ئەمیش وەک تایبەتمەندی بایەلۆژی، دەتوانین رایەڵی هاوبەش بدۆزینەوە لەنێوان ئاژەڵ و مرۆڤدا، بەڵام لێرەدا ئەوە ناکەین، رۆح، یان ویژدان و پێکهاتە ئاڵۆزەکەی لە مرۆڤدا کاریگەرییەکی راستەوخۆی هەیە لەسەر بەهێزکردنی بوون.

تایبەتمەندییەکی تر لە مرۆڤدا برێتیە لە تاک رەهەندی بۆ هەر شتێکی بێ ئەقڵ، دەتوانین بڵێین (ئەو)، بەڵام ئەو ناتوانێت بڵێت (من) وەک تاکێکی تاکڕەهەندی جیاکەرەوە لە هەموو تاکەکانی تر، جێگایەکی جیاکەرەوە بۆ خۆی داگیر بکات، زۆر کات زاراوەی تایبەتمەندی زاتی بەکاردێت بۆ ئاماژەکردنێکی هۆشیارانە کە (من) بوونێکی تاکرەهەندی جیاوازم، لە بوونی هەر مرۆڤێکی تر.

کەواتە کەسی وجودی دەڵێت: من لەگەڵ گرووپێکی تر پۆلێن ناکرێم، چونکە من منم، مادامیش (من منم)، کەواتە دەبێت جیاواز بم لە تۆی تۆ، لەگەڵ ئەوەی ئەوە تایبەتمەندییەکی باڵای مرۆڤە، بەڵام دەتوانین لە جیهانی بوونی ماددی و ئاژەڵی و رووەکیشدا ببینین، بەڵام بە شێوەیەکی رێژەیی تر لە مرۆڤ، ئەگەر لە ڕوانگەیەکی فیریایی گشتگیرییەوە بڕوانین، ئەوا

دەبێت هیچ بونەوەرێک لەوینر نەچێت، بە لێکچوونێکی سەراپاگیر، وەک چاپخانەیەک سەدان رۆژنامە چاپدەکات، بەڵام ئەگەر زۆر بە وردی بگەڕێین جیاوازی دەدۆزینەوە، چۆن؟ بە هەمانشێوەش لەنێو دنیای ئاژەڵیشدا بۆ نموونە دەواجینێک هەیە کە لە هۆڵێکی گەورە پێکهاتووە، سەدان مریشکی یەک تەمەنی تێدایە، کە هەموویان لەیەک دەچن، بەڵام ئەگەر وورد بڕوانین دەبینین هەریەکەیان جێگایەکی جوگرافی تایبەتی خۆی هەیە کە هیچ مریشکێکی تر لەو پانتاییە جوگرافیەدا وەک ئەو بوونی نییە، لەبری ئەو ئالیکەی کە خواردوییەتی و ژمارەی پەڕەکانی و نەخشی پێی،....هتد، بۆیە دەتوانین بڵێین لە دنیادا دووباربوونەوە وەکیەک بە شێوەیەکی گشتی نییە.

**خاڵی هاوبەشی نێوان فەیلەسوفە بوونگەراییەکان**

گرنگترین تێپەڕاندن کە سەرجەم فەیلەسوفە بوونگەراییەکان کردوویانە، برێتیە لە گواستنەوەی ئاڕاستەی فەلسەفەکانیان لە لێکدانەوەی جیهانی دەرەکی بۆ سەر خودی مرۆڤ، وەک مەبەستێکی سەرەکی فەلسەفە، چونکە گرنگترین و باڵاترین ماهیەتی بوونی هەیە، لێرەوە (خود) میحوەری لێکۆڵینەوە و بیرە فەلسەفییەکانە بە شێوەیەکی سەرەکی، لەپێناوی ناسین و قوڵبوونەوەی زیاتر لە ماناکانی و دۆزینەوەی بەها زیندوەکان و راستییە تاڵەکان و کەمکردنەوەی گرفت و کێشەکان، گرنگترین پێشنیاریش لەپێناوی کردەیەکی ئەنتۆلۆژیە، هەربۆیە بوونگەرایی وەک رێبازێکی تاکڕەهەند ناسراوە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا کۆمەڵ ناسنامە و گرنگی تایبەتی هەیە، وەک ئەو پانتاییەی کە بوونی خۆی دەسەلمێنێت، بۆیە دەتوانین بڵێین بە پێچەوانەی فەیلەسوفەکان دەوروبەر پلەی ناسەرەکی هەیە.

لێرەوە هەوڵدەدەین بچینە سەر خاڵە سەرەکییە هاوبەشەکان بە شێوەیەکی زیاتر، پاشانیش ئەو خاڵانەی کە بوونەتە هۆی جیاوازی نێوانیان، گرنگترین بابەتی هاوبەشی نێوانیان بریتیە لە (سەربەستی، وەرگرتنی بڕیار، بەرپرسیارێتی)، سەربەستی ئەو شتەیە کە مرۆڤ لە هەموو بوونەوەرەکانی تری سەرزەوی جیادەکاتەوە و دامەزراندنی پاشەڕۆژی تەنها لە رێگای بڕیارێکی خۆیەوە دەبێت و لەرێگەی وەرگرتنی بڕیارو هەڵبژاردنی بەرپرسیارێتی مرۆڤ خودی خۆی بەرجەستە دەکات، هاوکات چەند بابەتێکی تر هەیە لەلای فەیلەسوفەکانی بوونگەرایی، بە شێوەی دووبارە لەلای هەریەکەیان وەک (نامۆبوون، رەشبینی، مەرگ)، ئەم بابەتانەش فەلسەفەی تەقلیدی گفتوگۆی نەکردووە، بەڵام لای بوونگەراییەکان چارەسەر دەکرێت بە شێوەیەکی درێژ، هەرچەندە قسەکردن لەسەر گەشبینی و رەشبینی هەروا سانا نییە، بە تایبەت لەلای فەیلەسوفەکانی بوونگەرایی کە وەک خاڵێکی گرنگی هاوبەشی نێوانیان وایە، بەڵام رێژەیەکی زۆر هەیە لە دیاریکردنی بڕەکەیدا، چونکە هەندێک لە بوونگەراییەکان دان بە گەشبینیدا دەنێن، بەڵام هەموویان گفتوگۆیان لەسەر رەشبینیە و لایەنێکی سەرەکییە لە بوونی مرۆڤدا، سەربەستی و تێکۆشانی مرۆڤ لەپێناوی بوونێکی ئەسیل بەرگری ئەبەخشێتە بوون و ئەو ماتەمەی دایگرتووە، بەڵام زۆر رێژەییە، چونکە هەر چۆنێک بێت و هەرچیەک بکەیت کۆتایی بوونی تاک مەرگە، لایەنێکی تری رەشبینی بەهۆی ئەوەوەیە کە جیهانی بوونی مرۆڤ لە بەرامبەر بوونی جیهانی ماددی بێ گیاندایە، ئەم دووجۆرەش لە بوون بۆ خۆیان پێک ناکۆکن و دەبێتە هۆی ململانێیەکی رەشبینانە، چونکە مرۆڤ لەلای بوونگەراییەکان بەشێک نییە لە گەردوون، بەڵکو بەردەوام بەستراوەتەوە بە پەیوەندییەکی پڕگرژی و ململانێیەکی پڕ تراژیدی.

**ژینگەی بوون:**

پەیوەندی خود لە دوای پەیوەندی خۆی بۆ چەند ئاستێک دابەش دەبێت، لەگەڵ جیهانی دەوروبەری کە بووەتە ژینگەی (بوون)ی و بەبێ ئەوان بوونی نابێت.

**1-جیهانی رۆژانە:**

مانای جۆرێکە لە بوون، کەزۆربەی ژیانمان دەگرێتە خۆی، ئەرک و گرنگییەکانی رۆژانە کە زۆربەی بەپشتیوانی ئالی و بە رێگەیەکی مەلەلاوی لەسەر خشتەیەکی دیاریکراو رادەپەڕێنێت.

بوونی رۆژانە بە کرداری جۆرێکی لە بوون کە ئاڕاستە نەبێت بۆ تێرکردنی پێداویستە ئاساییەکانی مرۆڤ، ئەمجۆرەش لە بوون ئاساییترین جۆری بوونە لەناو خەڵکدا لە هەموو بەرەو پێشەوەچوونێکی ژیانی رۆژانەدا، مرۆڤایەتی چەند ئامڕازێک دادەهێنێت، کە لە سەرەتاوە پارچەیەکی بێگیانە، پاشان لە بەکارهێنانیدا ئەبێتە بەشێک لە ژیانی خود، ئامڕازە بە یەکداچووەکان جیهانێکی فرە ئاڵۆز پێکدەهێنێت، بە جۆرێک بەردەوام لە هەوڵی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی خۆیدایە و گشتگیرکردنی لە سیستمێکی ئاڵۆزدا.

**2-جیهانی ئامێرەکان**

بەمجۆرە هەموو شتێک کاردەکاتە سەر ئـەوی تر، ئەم جیهانە سنووردارەش لە مانادا ئاڵۆز، لە ئامڕازدا بەردەوام دەبێتە جێگای گرنگی پێدانی مرۆڤایەتی، جیهانی رۆژانە لەسەر ئاستێکی فراوان ژیانی خود داگیر دەکات، لەگەڵ ئامڕازە بێگیانەکانیدا، یەکەیەکی سیستمی درووست دەبێت، کە هیچ یەکێکیان بەبێ ئەوی تریان نابن، لێرەوە بونگەراکان

تووشی ڕەشبینیەک هاتوون لەو پەیوەندییە مەترسیدارەدا، چونکە دنیای ئامڕازەکان لەو پەیوەندییە بەتینە، ئەبێتە بەشێک لە جەستەی مرۆڤ، مەترسییەکی تر کە بەهۆی جیهانی ئامرازەکانەوە درووستبووە، بریتیە لە مانەوەی خاوەندارێتی تایبەت، کەوا دەکات کۆمەڵێک زۆربەی ئامڕازەکان بکەنە موڵکی خۆیان کە سەدان مرۆڤ تیایدا هەڵدەسوڕێت، خاڵی گرنگ و سەرەکی لە جیهانی ئامڕازە داهێنراوەکانی دەستی مرۆڤ، دەبێتە هۆی لەناوچوونی خودی مرۆڤ، کە ئەمەش لە تەکنۆلۆژیای سەربازیدا بەڕوونی دەردەکەوێت، بە تایبەت دۆزینەوەی ئەتۆم (زەڕە) کە مەترسیەکی جدییە بۆ سەر ژیانی سەرجەم مرۆڤایەتی، بە تایبەت لەم ساتانەدا کە ژیانی ڕۆژانە سەدان بەرژەوەندی ناتەبا و پێچەوانەی خوڵقاندووە، کە ڕێخۆشکەرە بۆ درووستبوونی ململانێ ئاڕادەی توندوتیژی و پێکدادان بە تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو. لە کۆتاییدا دەبێت ئەوە بڵێین کە دنیای بەرژەوەندی سەرمایەداری، بووەتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ کۆیلەی دەستی داهێنانەکانی خۆی بێت، چونکە تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکان (بوون) بەرەو سڕینەوە و کاڵبوونەوە دەبات.

**3-بوون لەگەڵ ئەوانی تردا:**

لە بەشی پێشوودا باسی بوونی ڕۆژانەمان کردو گرێدراو بە دنیای ئامڕازەکانەوە بینیمان بوونی مرۆڤ نابێت، ئەگەر لە دنیای دەرەکیدا نەبێت، ئەم هاوکێشەیە ڕاستییەکی پێشوەختی بوونە(بوون لە جیهاندا) ئەم هاوکێشەیەش بە چەند جۆر لێکبدرێتەوە و ڕاڤە بکرێت، ناتوانرێت نکۆڵی لێبکرێت، بەڵام ژینگەی مرۆڤ جیاوازترە لە دنیای ئامڕازەکان، چونکە بوونی مرۆڤ لە ئاوێتە بوونێکی بەردەوامتردایە لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا،

دەتوانین بە شێوەیەکی تر بڵێین (بوون لەگەڵ ئەوانی تردا) یان (بوونی تاک تەنیا لەگەڵ تاکەکانی تردایە)، ئەمەش بەهەمانشێوە مەرجێکی پێشوەختی بوونە، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەوانی تر بنەمایەکی سەرەکی و سەرچاوەیین کە لێوەی بیریبوونی مرۆڤانە دروستدەبێت.

ئەم راستیەش زاناکانی ئەنترۆپۆلۆژیا و سۆسیۆلۆژیا سەلماندویانە، ئەگەر فەیلەسوفەکانی بوونگەرایی لەو بارەیەوە زیادەڕۆییان کردبێت لە تاکڕەهەندبوونی مرۆڤ، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو راستیانەی سەرەوە مایەی نەنگییە و جێگای رەخنەیە لە تیۆرەکانیان بۆ (بوون)، بە هەمانشێوەش ئەبێ رەخنە لەهەر مەزهەبێکی کۆمەڵایەتی زیادەڕۆ بگیرێت، کە ژیانی تاکەکانی لە یەکەیەکی یەکگرتووی توندوتۆڵدا دەبینێتەوە، بە جۆرێک کە بواری هیچ جیاوازییەکی نەهێشتبێت لەنێوان تاکەکانیدا، رێگری جدی بێ لە بەرجەستەکردنی ئارەزوو هیواو ئامانجەکانی خود، چونکە لەم ساتەدا هیچ مانایەک بۆ ژیانی مرۆڤایەتی نامێنێت، بەدەر لە نەریتە سەپاوەکان، کە بە دەیان جۆر بۆیەی دەکەن، تەنیا لە پێناوی ئەوەی تاک مرۆڤانەبوونی خۆی لەدەست بدات و ببێتە ئالەتی کۆمەڵ.

مارتن پۆپەر دەڵێت: «ناتوانرێت من هەبم بۆ خۆم، بەڵکو تەنیا منێک هەم، کە ئاوێتەیە لەگەڵ وشەیەکی سەرەکی، کە (من و تۆ)یە، مانای وشەی من پێشتر بارگاوی کراوە بۆ تۆ، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەگەر من نەبم، ئەوا چۆن تۆ هەیت، وشەی (من–تۆ) لە وشەیەکی سەرەکیە و هاتووە کە بریتیە لە(من–ئەوان). ئەم بۆچوونەی پۆپەر بریتیە لەوەی هیچ بوونێکی مرۆڤانە نییە، بتوانێت لە خودی خۆی رابمێنێت، تەنیا یەکبوونی مرۆڤانە هەیە، کە لەگەڵ ئەوانی تردایە، لە سەروو هەموو ئەمانەشەوە دوو تایبەتمەندی مرۆڤانە هەیە، کە بەردەوام هاوکاری بۆ چوونی (بوون) لەگەڵ

ئەوانی تردا دەکات، کە بریتیە لە سێکس و زمان، ئەم دوو تایبەتمەندییەی مرۆڤن، ئەو راستییە لەخۆ دەگرێت، کە تاکی مرۆڤانە ناتوانێت بگاتە ئاستی کاملبوون، تەنیا لەگەڵ ئەوانی تردا نەبێت، لەشی مرۆڤ پێکدێت لە ریزێک کۆئەندامی جیاواز لە ئەرک و فەرمان، وەک کۆئەندامی(دەمار، هەرسکردن، هەناسە...هتد) کە هەریەکەیان سەربەخۆو بە شێوەیەکی کامڵ لەهەر مرۆڤێک هەن، بەڵام کۆئەندامی سێکس (زاوزێ) لە هەر تاکێک نیوەی هەیە، بەبێ تاکێکی تر لەرەگەزی بەرامبەر ناگاتە ئاستی کاملبوون، ئەمەش تەنیا راستییەکی ئەزموونی بایەلۆژی نییە، کە تێبینی بکرێت لە ئاژەڵیشدا، چونکە سێکس لای مرۆڤ، دەکرێت بە بۆیەیەکی مرۆڤانە.

بروبابین دەڵێت: «چالاکی سێکسی، ئەرکێکی جیاکەرەوەی تایبەتمەندی بوونی مرۆڤانە نییە، بەڵکو ئەتوێتەوە لەبوونی مرۆڤ بەگشتی جێبەجێ دەکرێت، لە هەموو خانەکاندا دەستنیشانی ژیان دەکات بە هەموو وردەکارییەکەوە، ئەرکی سەرەکی زمان بریتیە لە پەیوەندیکردنی نێوان خەڵکەکان و گۆڕینەوەی بۆچوون لەنێوان کەسەکاندا، هیچ شتێک ناتوانرێ ناوی لێبنرێت زمانی تایبەت بە تاکێک، شتێکی قورسە پێشبینی بیرکردنەوە بکەین بەبێ زمان، زمان ئەبێتە هۆی ئەوەی بیروبۆچوونەکان لە تاکێکەوە دەربچێت بۆ تاکێکی تر، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە بڵێین بوونی مرۆڤ بوونێکی کۆمەڵایەتییە، تاکی ڕابـڕاو ئەوە نییە کە کۆمەڵ دەستخۆشی لێبکات، بەڵکو لە فلاتبوونێکی بەردەوامدایە، هەروەها پەیوەندی نێوان کەسەکانیش پەیوەندییەکی جیاوازی لەگەڵ پەیوەندی خودو شتەکانی تردا، چونکە ئامرازەکان ناتوانرێت وا وەسفبکرێن، کە وەک مرۆڤ چالاکن، بۆیە خود کارا دەبێت لەگەڵ خودەکانی تردا، کە ئەمەش بە داخەوە هەموو کاتێک بە شێوەیەکی باش نابێت، لەگەڵ بەرجەستەبوونی ئەم پەیوەندیەشدا، پێویستە ماوەیەک هەبێت لەگەڵ ئەوی تردا، تا پراکتیکی سەربەستی خۆی

لێوە بکاتن، کە ئەمەش بۆ خۆی ڕەنگردنەوەی بیرۆکەی یەکبوونە لەنێوان دوو زاتدا، چونکە لە هەر پەیوەندییەک ئەبێت دوو زاتی بەرجەستەکراو هەبێت، تا لێوەی بیرۆکەی دڵنیابوون بسەپێت، کە بەمجۆرەیە(من دڵنیا دەبم لە خودی خۆم وەک ڕاستیەک لە ماوەی پەیوەندیم لەگەڵ تۆدا).

**بەهاو کەسایەتی:**

فەیلەسوف و دەروونناس و بونگەراکان بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوون، کە خودی مرۆڤ لە پانتایی دنیای دەرەکیدا بەرجەستە بکەن، بۆیە زۆربەی لێکۆڵینەوە و تێڕوانینەکانیشیان تایبەت بووە بەو بوارە، تا لێوەی مانا ببەخشێنەوە بە خودی مرۆڤ وەک یەکەم بوونی باڵا لە جیهاندا، ئەگەرچی زۆرکات تووشی ڕەشبینی و بێهودەییەکی زۆریش بوون، بەڵام نەبووەتە هۆی ساردبوونەوە و لاوازییان و ئەوەیان ڕەتنەکردۆتەوە کە مرۆڤ واز لە تێکۆشان و هەوڵەکانی بهێنێت.

ڕاستە لە ژیاندا ململانێ و گرژی و ئاڵۆزی زۆر کاردەکاتە سەر (تاک)، بەڵام مرۆڤ ئەبێ سەرکەشانە بەرگری بکات تاکو تێکنەشکێت و گەورەترین شت، لەو پێناوەشدا بریتیە لەبەربەستی و ماهیەت. ماهیەت گرنگترین خاڵی پێشوەختە بۆ مرۆڤ تا بتوانێت لێوەی خود، بۆ خودی خۆی و ماهیەتی مرۆڤ بەسەربەستی خۆی هەڵیدەبژێرێت، پێچەوانەیە لەگەڵ نەرتە سەپاوە کۆمەڵایەتییەکان، واتا ڕوانگەیەکی ڕەخنەییە، ئەگەر مرۆڤ بێبەها بوو، واتا بەهای نەبینی لە ژیانی مرۆڤانەی خۆیدا، لێرەوە خودی خۆی لەدەست ئەوان ئەبێتە کۆیلەی ئارەزووە بایۆلۆژییەکان لێوەی لە بوونی خۆی دەڕوانێت، ژیانێکی دۆزەخی ئاژەڵیانە دەژی، هەستکردن بە تاوان و دووبارەبوونەوەی بێمانای ژیان قێزەونی دەکات.

**کەسایەتی لای بونگەراکان:**

تیۆری کەسایەتی بوونگەرایی دوو شێوەی جیاوازی کەسایەتی مرۆڤیان دۆزیوەتەوە و خەڵکانی لێوە پۆلێن دەکەن، ئەوانیش کەسایەتی (رەسەن و نارەسەن)ە.

**کەسایەتی ئەسڵ (رەسەن)**

کەسایەتی ئەسڵ **(رەسەن)**، لە هەڵسوکەوتەکانیدا بوونگەرایی هەیە، کە پەیوەندی هەیە بە سروشتی مرۆڤانەیەوە و چالاکانە پەیڕەوی پێداویستییە سایکۆلۆژییەکانی دەکاث و گوزارشتیان لێدەکاث، ئەو ئەرکانەی کە پەیوەندییان هەیە بە (لۆژیکی سیمبولی و خەیاڵ فراوانی و بڕیاردەرکردن و بۆچوون دەربڕین)، بە شێوەیەکی چالاکانە رادەپەڕێنێث، ئەمەش کاردەکاتە سەر فراوانبوونی زانینی کۆمەڵایەتی و بایەلۆژی کەسی (رەسەن) و پێگەیشتوو کە تواناى گۆڕانی بەردەوامی هەیە لە رابوردووی خۆی و ئێستای پەشیمانی نییە، بەردەوام ئاڕاستەی بۆ دوارۆژە، کە ئەبێنە هۆی دڵەڕاوکێی، ئەمەش وەک پێداویستییەک ژیانی چالاکانەی خۆی دەبینێث.

**کەسایەتی درۆزن (نارەسەن)**

ئەو کەسەیە کە ناتوانێث گوزارشث لە پێداویستە سایکۆلۆژییەکانی بکاث، مرۆڤێکی لێڵ و تێکەڵە و هیچ کاتێک ناتوانێث لە راستییەکانی خودی خۆی رابمێنێث، کەسێکە خودی خۆی ونکردووە، بۆیە وا دەڕوانێتە خۆی کە یارییەکی (بووکە شووشە)ی رۆڵە کۆمەڵایەتییەکانە کە پێشوەخث بڕیاری لەسەر دابێث و تا خۆی بە ئالەث دەبینێ، کردار و هەڵسوکەوتی پەرشوبڵاوە و پێداویستییە بایەلۆژییە ئاژەڵییەکانی بە ئەزەلی دەبینێث و خودی خۆی لێوە دەخوێنێتەوە، هەر بۆیە ئاڕاستەیەکی ماددی پیشەیی

هەیە، هەستەکانی وەک (پێویست نەبوونی و نەمانی ئاسایشی) زۆربەی لایەنی ژیانی داگیر دەکات.

بۆ زیاتر شارەزابوونی هەردوو جۆرەکەی کەسایەتی، بە پێویستی دەزانم جیاوازی نێوانیان لە چەند خاڵێکدا چڕ بکەینەوە.

*کەسایەتی (رەسەن) هەڵگری بەهاو ئامانج و تێڕوانینی جیاوازە، بۆیە جیاکەرەوە و نائاساییە.

ا. کەسایەتی (نارەسەن) دەقگرتووە.

*کەسی (رەسەن) لەسەر ئاستی بایۆلۆژییەکەی تایبەتمەندی هۆش و چێژی هەیە.

ب. کەسی (نارەسەن) لەسەر ئاستی بایەلۆژی توانای جیاکردنەوەی نییە، بۆیە تێکەڵاوو شێواوە.

* لەسەر ئاستی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان هەڵسوڕاوە و کاریگەرە.

ج. کەسی (نارەسەن) لەسەر ئاستی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان لاوازە و پۆزەتیڤە.

* بیرو هەست و کرداری کەسی (رەسەن) یەکگرتوو ئامانجدارە.

د. بیرو هەست و کرداری کەسی (نارەسەن) پەرش و بێ ئامانجە.

* کەسی (رەسەن) بەردەوام لە گۆڕاندایە.

ە. کەسی (نارەسەن) چەق گرتووە و بەردەوام خۆیەتی.

* کەسی (رەسەن) هەست بە دڵەڕاوکێ دەکات.

و. کەسی (نارەسەن) هەست بە تاوان دەکات، بۆیە زۆرکات باس لە پاکی دەکات، چونکە لەدەستیداوە.

* لە کەسی (رەســەن)دا، فەشەل ئەبێتە هۆی ئاڕاستەکردنێکی بەهێزتری.

ی. کەسی (نارەسەن) ئەزمونی فەشەل، ئەبێتەهۆی نەخۆشی.

**سەرچاوەکان:**

1. الوجودية: تاليف جون ماكورى، ترجمة:د.امام(سلسلة علم المعرفة) الكويتية- الطبعة الاولى سنة 1987.

2. الوجودية والقيمة، تاليف سامى خرطيل، طبعة بيروث.

3. الموسوعة الفلسفية، تاليف: مجموعة من العلماء السوفياتين، باشراف، م. روزنتال، ب.يودين، ترجمة سمير كريم، دار الطليعة، بيروث.

4. الوجودية فلسفة الانسانية، تاليف: جان پوڵ سارتر،المطبعة بيروث، سنة 1983.

5. گۆڤارى ئايديا ژمارە(4).

6. گۆڤارى (كلك) فارسى ژمارە (12).

7. اشنايى با سارتر-پۆل ستراتيرن.

# لە بارەی مارتن هایدگەرەوە

وەرگێڕان و ئامادەکردنی: ڕێباز مستەفا

مارتین هایدگەر (1976) (1889–martin Heidegger) یەکێک بوو لە ناسراوترین فەیلەسوفەکانی سەدەی بیستەم. ناوبراو بە شێوازێکی هاوچەرخانە پرسی (بوون)ی شیکردەوە. فەلسەفەی هایدگەر کاریگەرییەکی زۆری لەسەر تێڕوانینی فەیلەسوفەکانی دوای ئەو هەبووە.

**ژیاننامەی**

هایدگەر ساڵی 1889 لە ئاڵمانیا هاتووەتە دنیاوە. گرنگترین کتێبی لە بواری فەلسەفە بریتیە لە: بوون و نەبوون. ئەو لەو کتێبەدا دەکەوێتە رەخنە و شیکردنەوەی مێژووی فەلسەفەی رۆژئاوا کە بە دەربڕینی هایدگەر هەمان مێژووی میتافیزیکە و لە هەوڵی ئەوەدایە کە بوونناسێکی نوێ دابرێژێت کە ئەو بە بوونناسیی بنچینەیی ناوی دەبات، چونکە بە تێڕوانینی ئەو مێژووی میتافیزیا، مێژووی عەقڵە بێئاگابوونە لە بوون و کەوتنە نێو گێژاوی بوونگەراییە.

مەبەستی هایدگەر لەو دەربڕینە ئـەوەی کە مێژووی ئێستای فەلسەفە، بە تێکەڵکردنی هەبوونناسی و بوونناسی، لە ناسینی بوون بە واتای راستەقینەی خۆی پەکی کەوتووە. هایدگەر ئەندامی حزبی نازی و نوێنەری ئەو حزبە بووە لە زانکۆی فرایبۆرگ. تێڕوانینەکانی هایدگەر بوونەتە هەوێنی هزری زۆرێک لە بیرمەندەکانی دوای مۆدێرنە، لە نێویاندا میشێل فۆکۆ، ژاک درێدا و هانسگیورگ گادامێر.

هایدگەر لە تەمەنی 87 ساڵیدا لە 1976/5/26 کۆچی دوایی کردووە.

**فەلسەفەی**

هایدگەر لە فەلسەفەی خۆیدا شرۆڤەی دیاردەی کرد. میتافیزیای ئەو لەراستیدا بوونناسیی دیاردەگەرایانەیە. هایدگەر کات بەسەر سێ جۆر دابەشدەکات: کاتی رۆژانە، کاتی سروشتی و کاتی جیهانی. سەبارەت بە کاتی رۆژانە دەڵێت: کاتی رۆژانە شتێکە کە تیایدا رووداوەکان روودەدەن. کات لە هەبوونی ناجێگیردا روودەدات. کەوابوو گۆڕان لە کاتەوەیە. دووبارەبوونەوەیەکی دەورەییە. هەر دەورەیـەک بەردەوامیەکی کاتیی یەکسانی هەیە. ئێمە دەتوانین رێرەوی کاتی بە ویستی خۆمان دابەش بکەین. ئەی چ خاڵێکی هەنووکەیی کاتی لە خاڵێکی دیکە گرنگتر نییە و هەنووکەییەکی پێشترو خستنەرووی تیۆرییەک، کە تەوەرەکەی برێتیە لە گەڕانەوە بۆ «لەخۆد» بە واتای بنەڕەتی خۆی.

هایدگەر پێیوایە هیگڵ و هۆسرێل سەرەڕای جیاوازیی روالەتییان لە شێوازدا، یەک بابەت دەخەنە ڕوو. دیالێکتیکی هیگڵ بزاوتێکە کە تیایدا بابەت دەگەڕێتەوە بۆ خۆی و ئامادەیی خۆی بەدەست دێنێتەوە. کە هیگڵ ئامانجی بزاوتی بوون وەک رۆح بە ئامادەیی (بوون لە هەبوونی هۆشیارانەی خود) دەزانێت، هۆسرێل ئامادەیی (ئامانج واتابەخش) بە خاڵی دەستپێکی بیرکردنەوە دەزانێت، بەڵام هیچ کامیان یارمەتیدەر نین بۆ وەڵامدانەوە پرسیار بە بیرکردنەوە. تێگەیشتنی کلیلیی لێرەدا چەمکی رۆشناییە. هایدگەر دەڵێت کە تەنها بەهۆی رۆشناییەوەیە، تەنها لە رۆشناییەوەیە کە ئەوەی رۆشنایی بەخشە دەتوانێت خۆی بنوێنێت، بەڵام رۆشنایی بە نۆبەی خۆی لەسەر شتێک جێگیرە کە لە دەرکەوتنەوەی، شتێکی پێگەیشتوو کە دەتوانرێت لێرەو لەوێ، ئێستا و دواتر بەرووونی ببینرێت. لەو جێیەی کە

بوونەوەرێک لەگەڵ بوونەوەرێکی دیکە رووبەروو دەبێتەوە، دەرکەوتنەکە سەرکەوتووە. ئەو دەرکەوتنە بواری بزاوتی ئەبستراکت فەراهەم دەکات. لە دەرکەوتندا هەر شتێک وەک چۆن هەیە ئاوا دەردەکەوێت.

## هایدگەر و نازیزم

نازیزم کاریگەری لەسەر ژیانی هایدگەر دانا، کە ئەو کاریگەرییە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

## سەرۆکایەتیی زانکۆ

ئەدۆڵف هیتلەر لە 30ی کانوونی دووەمی ساڵی 1933 بووە سەرۆکی ئاڵمانیا. دوای ئەوەی کە هایدگەر لە نیسانی هەمان ساڵ بووە سەرۆکی زانکۆی فرایبۆرگ چووە ریزی حزبی نازی. ئەگەرچی ئەو لەو پۆستە رووبـەرووی زۆر کێشەو ئاستەنگ بووەوە، بەشێک لە ئەفسەرانی نازی ئەویان بە دوژمنی خۆیان دەزانی. هانس سلوگای مێژوونووس هایدگەر لە هەموو فەیلەسوفانی دیکە زیاتر بە قبووڵکەری نازیزم زانیوە. ناوبراو رەوشی هایدگەر لەو کاتەی سەرۆکی زانکۆ بوو بەمشێوەیە وێنا دەکات:

(هایدگەر) وەک سەرۆکی زانکۆ رێگر بوو لە هەڵواسینی پۆستەرەکانی دژ بە سامی لەبەردەم دەروازەی زانکۆ و درێژەدان بە سووتاندنی کتێبەکان لەلایەن خوێنکاران. پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ بەرپرسی نازیی خوێنکاران هەبوو و بە ئاشکرا سۆز و لاگیریی خۆی بۆ چالاکییەکانی ئەوان نیشاندەدا.

ساڵی 1945 هایدگەر نوسینێکی بۆ داکۆکیکردن لەخۆی لە ماوەی سەرۆکایەتیکردنی زانکۆ نوسی و دایە دەست (هیرمان)ی کوری کە لە ساڵی 1983 بڵاوکرایەوە. هایدگەر لەو نوسراوەدا ئاوا ئاماژە بە ئاستەنگ و

گرفتارییەکانی ساڵانی 1933 تا 1934ی خۆی دەکات:

سەرۆکایەتی زانکۆ هەوڵێک بوو بۆ بینینی ئەو شتەی کە ئەنجامدرا و گەیشتە دەسەڵات، ئەگەر ئەو هەوڵە شکستی نەهێناب وا رەنگبوو رۆژێک باڵادەستیی ئەڵمانەکانی بەسەر خودی مێژووی رۆژئاوا لێکەوتبایەتەوە. هەرگیز ئەم شاراوەنیە کە ئەودەم من باوەڕم بەو دەرفەتانە هەبوو لەبەر ئەوە بابەخدان بە بیرکردنەوەی واقیعم بەرامبەر بە پۆستی رەسمی پشتگوێ دەخست. ئەوەی کە لە بێتواناییی من لە بەڕێوەبردندا درووست بوو، هەرگیز بێکاریگەر نابێت، بەڵام ئەو تێبینییانە، ئەوەی کە پێویستە و ئەوەی کە منی بۆ قبووڵکردنی سەرۆکایەتیی زانکۆ راکێشا ناگرێتە خۆی.

کاری هۆسرێل

ئێدمۆند هۆسرێل بە خانەنشینبوونی، یارمەتیی هایدگەری دا بۆ بوونی بە مامۆستای زانکۆی فرایبۆرگ. هۆسرێل مامۆستایەکی یەهودی بوو، کە پێشتر ببووە مەسیحی. دوای گرژیەک کە کەوتە نێوان هۆسرێل لەگەڵ هایدگەر و ماکس شیلەر، هایدگەر پەیوەندیی خۆی لەگەڵدا پچراند. بە وتەی هانا ئارێنت رەفتاری هایدگەر بووە مایەی مردنی پێشوەختی هۆسرێل. ئارێنت ئەوی بە بکوژێکی راستەقینە دایە قەڵەم ئەگەرچی دواتر ئەو قسەیەی خۆی کشاندەوە.

## قۆناغی سۆسیالیستی نەتەوەیی دوای سەرۆکایەتی

دوای شکستی دووبارەی هایدگەر لە گەیشتن بە سەرۆکایەتیی زانکۆ دیسان پەیوەندی خۆی لەگەڵ حزبی سۆسیالیستی نەتەوەیی پچراند. هایدگەر لە وتاری ساڵی 1935 راستی ناوەرۆک و مەزنی ئەو بزووتنەوەیە واتە حزبی

سۆسیالیستی نەتەوەیی خستەروو. کارل لۆڤیت، ساڵی 1940 هایدگەر کاتێک کە بۆ خوێندنەوەی وتارێک لەبارەی هولدەرلین لە رۆما بوو، ئەوی بینی. هایدگەر پێیوتبوو کە تێروانینەکانی سەبارەت بە مێژووگەرایی بنەمای ململانێی سیاسیان هەبووە.

### قۆناغی دوای جەنگ

پەیوەندی نێوان هانا ئارێنت و هایدگەر بۆ سەردەمی بەر لە ناکۆکییەکانی ئەو لەگەڵ حزبی سۆسیالیستی نەتەوەیی دەگەڕێتەوە، بەڵام دۆستایەتیەکەیان دوای ئەوەی ئارێنت چووە هایدلبێرگ بۆ درێژەدان بە خوێندن لەژێر چاودێریی کارل جاسپێر کۆتایی هات. هایدگەر لەنێوان ساڵانی 1945 تا 1951 وانەوتنەوەی لێ قەدەغە کرابوو.

ساڵی 1967 هایدگەر چاوی کەوت بە (پۆل سلان)ی شاعیر، کە لە ئۆردوگاکانی حزبی نازی دەربازی ببوو و ستایشی نوسینەکانی هایدگەری دەکرد. سلان ئاگای لە ناکۆکی هایدگەر هەبوو لەگەڵ حزبی سۆسیال نەتەوەیی. ناوبراو ئـارەزووی دەکرد هایدگەر داوای لێبوردن بخوازێت سەبارەت بە رەفتاری  لە سەردەمی نازییەکاندا.

### وتووێژ لەگەڵ شپیگڵ

لە 22ی سیپتەمبەری 1966 هایدگەر چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانیی لەگەڵ گۆڤاری شپیگڵ ئەنجامدا کە لـەوێ قبووڵی کرد سەبارەت بە رابـوردووی سیاسیی خۆی قسە بکات. چاوپێکەوتنەکە مانگی 1976/5 بڵاوکرایەوە. هایدگەر لەو چاوپێکەوتنەدا سەبارەت بە ناکۆکیی خۆی لەگەڵ حزبی سۆسیالیستی نەتەوەیی بە دوو شێواز داکۆکیکرد: یەکەم ئەوەی کە

ئەو هیچ چارەیەکی نەبوو، ئەو هەوڵیدەدا زانکۆ و بە شێوەیەکی گشتی زانست) لە بە سیاسیکردن رزگار بکات، بۆیە ناچار بوو لەگەڵ نازییەکاندا رێکبکەوێت. دووەم ئەوەی قبووڵکرد کە هۆشیاربوونەوەیەکی دەبینی کە رەنگبوو بە کەڵکی باڵادەستێکی نوێی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی بێت، بەڵام رای سەبارەت بەمە لە ساڵی 1930 گۆڕا، لە راستیدا لەو توندوتیژیەی کە بە «شەوە درێژەکانی چەقۆ»، «پاکتاوکردنەکانی سەردەمی نازییەکان» ناسرا هەڵگەڕابۆوە.

بەم پێیە هایدگەر لە چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ شپیگڵ زیاتر لە وتارەکەی ساڵی 1935 بەمشێوەیەی خوارەوە داکۆکی لە (راستیی ناوەڕۆک و مەزنی بزووتنەوەکە) کرد. ئەو، ئەوەی پشتراستکردەوە کە هەواڵنێرانی نازی لەو وتارەدا دەرکیان، بە مەبەستی حزبی سۆسیال نەتەوەیی، دەکرد. ئەگەرچی هایدگەر روونیکردەوە کە خوێندکارەکانی دەیانزانی مەبەستی ئەو (NSDAP) نەبوو، بەڵکو مەبەستی وەک دواتریش لە روونکردنەوەیەکدا لە نێوان دوو کەوانەدا لە (پێشەکیەک بۆ میتافیزیا) کە ساڵی 1953 نووسی وەک رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تەکنەلۆژیای هەسارەیی و مرۆڤایەتیی مۆدێرن بوو. دەقی چەند نامەیەک کە لەنێوان هیربێرت مارکۆزە و هایدگەر گۆڕدراونەتەوە و لە گۆڤاری (New German Gritique)دا بڵاوکراونەتەوە، شایانی ئاماژەپێکردنن. مارکۆزە ئەوەی کە ناوبراو هەرگیز رەفتار و ئایدۆلۆژیای رژێمی نازی بە ناشیرین ناونەبردووە، بۆیە ئەوی سەر بە نازییەکان زانیوە. هایدگەر لە نامەیەکیدا بۆ مارکۆزە ئاماژەی بەوەدا کە ساڵی 1934 پەی بەو هەوڵەی خۆی بردووە و پەیوەندیی خۆی لەگەڵ سۆسیال نەتەوەیی وەک نارەزایەتیی بەرامبەر ئەو ئایدۆلۆژیایە بڕیوە.

**کاریگەری فەلسەفەی هایدگەر لە فەرەنسا**

هایدگەر یەکێک لە کاریگەرترین فەیلەسوفەکانی سەدەی بیستەمە و بۆچوون و تێڕوانینەکانی ئەو چوونەتە ناو زۆر بواری جیاجیاوە، بەڵام پانتایی و مێژووی خوێندنەوە و راوەستان لەسەر هزرو کارەکانی ئەو لە فەرەنسا لە هەموو شوێنەکانی دیکە زیاترە بوونگەرایی و کاریگەری پێش جەنگ. کارتێکردنەکانی هایدگەر لەسەر فەلسەفەی فەرەنسا لە ساڵی 1935 دەستپێکرد ئەو کاتەی کە «بوون و کات»، «میتافیزیک چیە؟» و بەرهەمەکانی دیکەی هایدگەر لەلایەن (ژان پۆل سارتەر) و بوونگەراکانی دیکە، هەروەها لە لایەن بیرمەندانی وەک (ئەمانۆئیل لویناس) و (ئەلکساندەر کوژۆ) و (جۆرج بێتی) هەڵسەنگێندران و شیکرانەوە.

لەبەر ئەوەی کاری هایدگەر لە بووناسیدا رەگوریشەی لە شیکردنەوەی تاک تاکی کەسەکاندایە، زیاتر کاری ئەوییان بە بوونگەراییەوە بەستووەتەوە. کاریگەریی هایدگەر لەسەر (بوون و نەبوون)ەکەی سارتەر زۆر دیارو بەرچاوە، بەڵام هایدگەر وەک چۆن لە دەقەکانی دواتریدا بۆ نموونە «نووسینێک لەسەر مرۆڤایەتی» باسی لەوە کردووە، کە هەستی کردووە سارتەر کاری ئەوی بە هەڵە خویندۆتەوە. هایدگەر ئەو هەڵە خوێندنەوەیەی بەمشێوەیە روونکردۆتەوە:

(پێشنیاری سەرەکی سارتەر دەربارەی گرنگتربوونی بوون بە بەراورد لەگەڵ خود ئەگەرچی بەکارهێنانی دەستەواژەی بوونگەرایی وەک ناونیشانێکی گونجاو بۆ ئەو جۆرە فەلسەفەیە لە جێی خۆیەتی، بەڵام گریمانەی سەرەکی لە بوونگەراییدا هیچ شتێکی هاوبەش لەگەڵ بوون و کاتدا نییە، جگە لەوەی کەبوون و کات هیچ وتەیەکی دەربارەی پەیوەندیی خودی بوون نییە).

## پەلاماری دوای جەنگ بۆ فەرەنسا

هایدگەر دوای جەنگ بەهۆی ئەوەی لە پۆستی سەرۆکایەتیی زانکۆی فرایبۆرگدا بوو، لە (درسـدن) لە زانکۆ قەدەغە کرا. ئەو لە فەرەنسا کە لە بارەی کارەکانی درێژەی هەبوو کۆمەڵێک پەیوەندی هەبوون و ژمارەیەک لە خوێندکارە فەرەنسییەکانی لە تونناوبێرگ چاوییان پێیدەکەوت. هایدگەر بەردەوام دیدار و چاوپێکەوتنی لە فەرەنسا هەبوون و لە ڕێگەی نامە گۆڕینەوە لەگەڵ (ژان بوفرێ) کە یەکێکە لە وەرگێڕە فەرەنسییەکانی بابەتەکانی هایدگەر و (لویس براون)، هەوڵیدا پەرە بە فەلسەفەی فەرەنسی بداث.

## دریدا و پێکهاتەشکێنی

پێکهاتەشکێنی لە ساڵی 1967 لەسەر پێشنیاری (لویسن براون) دەربارەی کاری دریدا کەوتە بەر باری سەرنجی هایدگەر. دوای ئەوەی کە دریدا هەندێک لە کارەکانی خۆی بۆ هایدگەر نارد، ناوبراو پێخۆشیی خۆی بۆ بینینی ئەو نیشاندا، بەڵام دیداری ئەوان لە ساڵی 1972 ڕێکنەکەوث. میشێل فۆکۆ کە نوسینەکانی هایدگەری خوێندبووەوە، ئەوەی پشتڕاسث دەکردەوە کە ئەو فەیلەسوفە، بەڵام هەرگیز لە بارەیەوە نەینوسیوە.

دریدا هەوڵێکی لێبڕاوانەی دا تا تێگەیشتن لە کاری هایدگەر لە سەردەمی قەدەغەکردنەکەی لە درسدنەوە لە زانکۆکانی ئاڵمانیا و بە شێوەی ئاڵمانیا کە دەتوانین بڵێین بە شێوەیەکی گشتی دەگەڕایەوە بۆ ڕەتکردنەوە لە کاریگەری ژان پۆل سارتەر، چەمکگەلی بوونگەرایی بگۆڕێت. لە تێڕوانینی دریدا پێکهاتەشکێنی (Deconstruction) وەک میراتێکی جێماوەیی، لە دەستەواژەی تێکدان (Destruction) لەلایەن هایدگەر بەکار دەهاث و سوودی لێوەردەگیرا.

### لێکۆڵینەوەکانی فاریاس

دریدا و لابارتو لیونارد لەنێو هەموو ئەوانی دیکەدا سەرقاڵی وتووێژ و رەخنەگرتن بوون سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان فەلسەفە و سیاسەتی هایدگەر. ئەو باس و مشتومڕانە ئەو پرسیارەیان لەخۆ دەگرت کە ئایا لەبەرچاوگرتنی لێکۆڵینەوە بەبێ فەلسەفەی هایدگەر مەیسەر دەبێت؟ بابەتێک کە دریدا بە تایبەت رەتیکردەوە.

ساڵی 1987 کاتێک کە (ڤیکتۆر فاریاس) کتێبەکەی خۆی بە ناوی (هایدگەر و نازیزم) بڵاوکردەوە، ئەو باس و مشتومڕە لەنێو ئەوانیدیدا گەرم بوو، هەندێک لەو کەسانەی کە بە ناوی پێکهاتەشکێنەکان بەهۆی گرێدراوی یان بە فەلسەفەی هایدگەر بەرەو بێبەهابوون دەچوون. دریدا و ئەوانیدی نەک هەر داکۆکیان لە پێویستیی خوێندنەوە و لێکدانەوەی بەرهەمەکانی هایدگەر دەکرد، بەڵکو رەخنەیان لە لێکۆڵینەوەکانی فاریاس دەگرت و ئەو تێروانینانەی ئەوییان بە شتی سادە و سۆزداری دەدایە قەڵەم. لە لایەکی دیکەوە (ریچارد رورتی) رایگەیاند کە کتێبەکەی فاریاس لە هەر سەرچاوەیەکی دیکەیە بەردەست زیاتر لە خۆگری زانیاریی راستە دەربارەی پەیوەندییەکانی هایدگەر لەگەڵ نازییەکان. ئەم قسانە بوونەتە پاڵپشتێکی گەورەی فریودەر کە تا ئێستاش بڵاو دەکرێنەوە.

### بێرنارد شتیگلەر

ئەندیشەی هایدگەر بەم دواییانە کاریگەری خستوەتە سەر کاری فەیلەسوفی فەرەنسی (بێرنارد شتیگلەر). شتیگلەر شیکردنەوەی بوونناسیی بوون و کات وەک دەرخستنی دەروونناسی تاکگەرایی و دوا کاریشی مێژووی بوون وەک تاکگەرایی بە کۆمەڵ ئێدەگات. ئەو زۆربەی گرفتە

فەلسەفی و سیاسییەکانی هایدگەر لە بێتوانایی هایدگەر بۆ پێکەوەگرێدانی ئەو دووانە دەزانێت.

### خوێنکارەکانی هایدگەر

لە زانکۆی ماربۆرگ دەتوانین ناوی ئەم خوێنکارانەی هایدگەر ئاماژەی پێبدەین: هانس گیورگ گادامێر، هانا ئارێنت، کارڵ لوێت، گیرهارد کروگا، لیۆ شتراوس، یاکوب کلاین، گۆنتا ئاندرێس و هانس یوناس لە زانکۆی فرایبۆرگ دەتوانین ناوی هەیربێرت مارکۆزە، ئەمانۆئێل لویناس، چارلز مالیک و ئێرنست نولتە، بێنین. هەروەها خوێنکارەکانی دیکەشی بریتین لە: والتێر بیمل، یان پاتوچکا، خاڤیر زوبیری.

### رەخنە فەلسەفەی هایدگەر

(دیڤید کوزنزهوی) لە بارەی رەخنەی دریدا لەسەر فەلسەفەی هایدگەر دەنووسێت: «رەخنەی دریدا لەسەر فەلەسەفەی هایدگەر لە گرامانۆلۆژیا ئەوەیە کە هایدگەر هەڵە دەکات لەوەی پێیوایە تیۆری زمان دەبێت لەخۆگری تیۆری راستینە و سەرچاوە بێت. دریدا دەستەواژەکان قابیلی وەرگێران و روون و ئاشکرا دەزانێت، لەگەڵ ئەوەشدا شیکردنەوەکەی بە تەواوی دیاری نەکراوە. دەقەکە لە چوارچێوەی هەرمۆنۆتیکیای شیکردنەوە و هەوڵدان بۆ هێنانی سەرجەمی دەقەکە ناڕۆشنە، چونکە بەقسەی دریدا هیچ واتایەکی جێگیری نییە».

(رۆبێرت ستولبێرگ) لە رەخنەی تێروانینەکانی هایدگەر سەبارەت بە کارە هونەرییەکانی دەنوسێت: «هایدگەر لەگەڵ خود، یان سورشتی کاری هونەریدا سەرۆکایەتی هەیە. ئەو سەرچاوەی کاری هونەری گومڕاکەرانە

دەزانێت، چونکە هیچ ڕێگایەکی ڕاستەوخۆ و سادە بۆ دۆزینەوەی کارە هونەرییەکان بوونی نییە».

(ویلیام لویس) لە وتارێکیدا ڕەخنەی لە پەیوەندیی نێوان چەمکی دازایـن و کاری زیهنی گرتووە. ناوبراو نووسیویە: «کاری زهەنی یان geistige Aebeit بەو هۆیەوە کە پەیوەندی باشنگەلێکی باڵاتری ڕۆحیەوە هەیە، مۆراڵی نییە». ئەو لە درێژەی باسەکەیدا ڕوونی کردوەتەوە کە ئەو جۆرە کارە لەبەر ئەوەی سەرچاوەی لە نیگەرانی و ئازارەکانی مرۆڤەوە گرتووە کە بەشێکە لە بوونی مێژووی مرۆڤ، واتا گیاندارە بۆیە مۆراڵیە.

(سوزان ئەنیما توبز) لە ڕەخنەی فەلسەفەی هایدگەردا ئاماژەی به نەیلیزمی تێڕوانینی ئەو کردەوە و نەبوونی شیکردنەوەی بوونگەرایی (دازاین) گیانداری لە فەلسەفەی ڕۆژئاوادا کە لەلایەن هایدگەرەوە ڕەخنەی لێگیراوە ناکۆک بینیوە لەگەڵ مەسیحیەتگەرایی لە فەلسەفەی ئەودا.

**میراتی هایدگەر**

لە کاتی بە چاپگەیاندنی کتێبی بوون و کاتەوە، تا ئێستا تێڕوانینەکانی هایدگەر لە فۆرمی جیاجیادا سەرچاوەی کارتێکردنێکی بەرچاو بوونە لە بواری هزری ئەندێشە لە زۆر بواری جۆراوجۆردا. قەڵەمرەو و بوارە فکرییەکانی کارتێکراو لەلایەن هایدگەرەوە لە فەلسەفەی بوونەوە تا فەلسەفەی سیاسی، دەروونناسی، ڕەخنەی ئەدەبیی یەزدانناسی دەگرێتە خۆی. قەڵەمرەوە جوگرافییە کارتێکراوە هزرییەکانیشی لە ڕۆژهەڵاتی دوورەوە بگرە تا ئەمریکای لاتین دەگرنەوە.

زۆر قوتابخانەی فکری درووست بوون کە کاریگەریان لە ڕامان و هزری هایدگەرەوە وەرگرتووە. دەتوانین ئاماژە بە بیرمەندانی وەک سارتەر،

گادامێر، دریدا و فۆکۆ بکەین. ئەمە لە کاتێکدایە کە بیرمەندانی باسکراوی دیکەی وەک ئارێنت، مارکوزە، بولتمان، ریکور، مەک ئینتایر و لۆکانیش قەرزاری تێڕوانینەکانی هایدگەرن.

دەرکەوتنی ئاشکرای تێروانینیەکانی هایدگەر یەکەمجار لە باس و وتارە فەلسەفییەکانی ژان پۆل سارتەردا دەرکەوتن. سارتەر بەرهەمە بە ناوبانگەکەی خۆی، واتا بوونە نەبوون کە ساڵی 1943 قوتابخانەی بوونگەرایی-نەک باسی بوونگەری کە هایدگەر وەک هەماهەنگیی پێکهاتە بەدەستهاتووەکان لە وەڵامی بووندا خستبوویە روو.

ئەو تێروانینانەی کردن بە کاریگەرترین قوتابخانەی سەردەمی خۆی و بە رەوتی گۆرانکاری و قەی رانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەمریکا بوون بە سەرچاوەیەکی فکریی گرنگ. سارتەر بەسوود وەرگرتن لە کتێبی (بوون و کات)ی هایدگەر، تەوەری ئەندێشەی خۆی چ لە رووی فەلسەفی و چ لەرووی سیاسیەوە کردە تێگەیشتنی ئازادی.

هانس-گیورگ گادامێریش کە بە بناغەدانەری هەرمۆنۆتیکی فەلسەفە ناسراوە، بە دڵنیاییەوە سەبارەت بە لەپێشبوونی زمان نیسبەت بە گوفتار، خەسڵەتی سەرەکیی زمان لە دیالۆگبوونەکەی دەزانێت. بە تێروانینی ئەو ژیان لە ناوەرۆکی زمان و دیالۆگی نێوان کەسەکان رەنگ دەداتەوە و تاقی دەکرێتەوە.

گادامێر بە پێچەوانەی سارتەر کە پشتی بە نیوەی یەکەمی کتێبی بوون و کات بەستبوو، بە سوودوەرگرتن لە نیوەی دووەمی ئەو کتێبە و هەروەها تێروانین و بەرهەمەکانی هایدگەر لە بارەی زمان، هەۆمۆنۆتیک، مێژوویی بێبەشبوون، تێگەیشتنی مێژوو و زمانی گشتیی هەرمۆنۆتیکی فۆرمەلە کرد. گادامێر ئەگەرچی تێروانینەکانی خۆی سەرچاوە گرتوو لە

ئەندێشەی هایدگەر دەزانێت، بەڵام لەگەڵ رەخنەی بنەڕەتی ئەو لەسەر ئەفلاتون هاورا نییە، ئەو هەوڵی خۆی خستەگەر بۆ پێکەوە گونجاندن و ئاشتیی نێوان فەلسەفەی هایدگەرو ئەفلاتون. ناوی دریدا لەگەڵ چەمکی پێکهاتەشکێنیدا ئاوێتەیە. دریدا لە تێروانینەکانی خۆیدا لە هەمووی زیاتر قەرزاری دوو دەستەواژەی هایدگەری واتا بناتنانەوە ( Destruction) و زمانمەندی (Sprachlichkeit)یە.

باسی هایدگەر لە بارەی نەینیبوونی سروشتی، بوونیش کاریگەری لەسەر هزر و تێروانینی دریدا هەبووە. دریدا نادیاری لە پێشتر لە ئامادە دەزانی. چونکە زمان لە رێگەی نیشانە و جێگای ئامادەیی خودی ئەوان دەگرێت. ئەمەش بە مانای ئامادەیی لەنێو خودی نادیارەوەیە. کەوابوو هەرچی هەیە نیشانەیە. نیشانەکان بۆ یەکدی دەگەڕێنەوە نەک بۆ خودی شتەکان (میشیل فۆکۆ)ش لە تێروانینەکانی خۆیدا کاریگەریی لە فەلسەفەی هایدگەرەوە وەرگرتووە.

ئەو بەرەی لە باسەکانی هایدگەر سەبارەت بە هیومانیزم، بە ئامرازبوونی مەعریفە و ونبوونی راستی وەرگرتووە. ناوبراو ئاماژەی بە رۆڵی دەسەڵات و هێز لە بارەی نەهیشتنی سوژەی مرۆیی و بە پەراوێزخستن و تێکشکاندنی مرۆڤ بەرامبەر پێکەهاتەکانی تەکنۆ-بیروکراتیک کردووە و قسەی لە مەڕ سەرکەوتنی زانست دەربارەی مرۆڤ بەسەر خودی مرۆڤەوە لە چاخی نێو زانستی مۆدێرندا کردووە.

سەرچاوە: ئینتەرنێت

# چەردەیەک لە وتەکانی هایدگەر

لە ئینگلیزییەوە: دانا تەیب مەنمی

* مرۆڤ خودای بوون نییە، بەڵکو شوانی بوونە
* زمانماڵی ڕاستی بوونە
* لە مێژووی ئەزمونی مرۆڤایەتیمان و مێژووەوە، ئەوەندەی من بزانم، هەموو شتێکی بنەڕەتی و مەزن تەنها ئەو کاتانە سەریانهەڵدا کاتێک مرۆڤەکان ماڵێک و نیشتمانێکیان هەبوو بە قووڵی پابەندبوون بە نەریتێکەوە. ئەدەبی ئەمڕۆ، بۆ نموونە، بە شێوەیەکی فراوان ڕووخێنەرە.
* کشتوکاڵ ئێستا برێتیە لە پیشەسازییەکی خۆراکی بە ئامێرکراو، هەروەکو ئەوەی چۆن لە ژوورەکانی گاز و کامپەکانی لەناوبردنی نازییەکاندا جەستەکان بەرهەمدەهێنرێت، هەروەک چۆن ئابڵۆقەکان دەخرێنە سەر وڵاتان و گەلان ڕووبەڕووی برسێتی دەکرێنەوە، هەروەکو چۆن بۆمبی هایدرۆجینی بەرهەمدەهێنرێت، هەمان شتیش لە ڕۆحی کشتوکاڵیش و بەهەمهێنانی بەرهەمە کشوکاڵییەکاندا دەبینرێت.
ئێمە کات ناودەنێین، کاتێک دەڵێین: هەموو شتێک کاتی خۆی هەیە. واتای ئەمە برێتیە لە: هەموو شتێک کە لە واقیعدا هەیە، هەموو مرۆڤێک دێت و دەڕوات لە کاتی گونجاودا و بۆ ماوەیەک دەمێنێتەوە لەو کاتەی بۆ تەرخانکراوە، هەموو شتێک کاتی خۆی هەیە.
گرنگترین شت کە بیرمان دەوروژێنێت ئەوەیە لەو کاتەی بیرمان دەوروژێت هێشتا بیر ناکەینەوە.
* هەموو مرۆڤێک وەکو زۆربەی مرۆڤەکانی تر لەدایک دەبێت و

وەکو  تاکە مرۆڤێک (خۆی) دەمرێت.

* ئەگەر من بژاردەی مردن لە ژیانمدا بەدەستی خۆم بێت، ئیعترافی پێدەکەم و بە ڕاستی ڕووبەڕووی دەبمەوە، من ترس و نیگەرانی مردن و پووچێتی ژیان خۆم ڕزگاردەکەم و تەنها ئەو کاتە من ئازادم خۆم بم.

* بوون و کات بە یەکسانی یەکتر یەکلایی دەکەنەوە، بەڵام بەشێوازێک کە نە بوون دەتوانرێت وەکو شتێکی کاتی ناوی بهێنرێت و نە دەتوانرێت کاتیش وەکو  بوونێک ناوبهێنرێت.

* مرۆڤ وا ڕەفتار دەکات وەکو ئەوەی ئەو داڕێژەر و گەورەی زمان بێت، لە کاتێکدا و لەڕاستیدا زمان بە گەورە و مامۆستای مرۆڤ دەمێنێتەوە.

* نیشتەجێبوون بریتیە لەوەی بچێنیت و باخچەیەک بکێڵیت.

* ئەگەر فەلسەفە وا لەخۆی بکات بتوانرێت لێی تێبگەیت ئەوا شتێکی خۆکوژییە بۆ فەلسەفە.

*کاتی ڕاستەقینە چوار ڕەهەندییە.

* ئەو پلە و پایانەی ڕەنگە بەدەستبێن، بەرزترن لەوانەی ئێستا لە واقیعدا هەن.

**سەرچاوە:**

Martin Heidegger Quotes

http://www.brainyquote.com/quotes/authors/m/martin_heidegger.html

## له بەرهەمە چاپكراوەكانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ |ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | | ڕێباز مستەفا | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | | كۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە كیرگە گۆر | | شۆرش مستەفا | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | | كۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە كارل پۆپەر | | كۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | | كۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | | لوقمان رووف | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | | ڕێباز مستەفا | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | | كۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | | مستەفا زاهیدی | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | | كۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | | كۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | | عەتا جەمالی | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | | كۆمەڵێك نوسەر | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەیفرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 2014 | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | گەندەڵی | 29 |
| 2015 | پێشەوا فەتاح | کۆمەڵێك نوسەر | یوتۆپیا | 30 |
| 2015 | | ئەنوەر حسێن- شۆڕش مستەفا | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | 31 |
| 2015 | | ئەنوەر حسێن (بازگر) | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | 32 |
| 2015 | ڕێکەوت ئیسماعیل | بریتا بولەر | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | 33 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | | داعش و داعشناسی | 34 |